


کۆمپانیای بەرێز بۆ ماوەیەکی دیاریکراو
خانووە ڕۆکنەکان دەفرۆشێ
لەپرۆژەکانی :
دیە سیتی، لوبنان سیتی، گرین سیتی
خانووی ڕووکن دەفرۆشین

بۆ ئەوەی خانوییەکی
ڕوکن بکری
سەردانی کۆمپانیای بەرێز بکە
بارەگای کۆمپانیا : شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود تەنیشت ئالتون مۆڵ
سەنتەری زانیاری کۆمپانیای بەرێز 5252 0535252

٧ رۆژنامە
www.rozhnama.com
رۆژنامەیەکی رۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 468 پێنجشەممە 14/ 5/ 2009 | نرخ 500 دینار | No.468 Thu 14/ 5/ 2009

# عەدنان موفتی: نابێت بیانوو بۆ دواخستنی هەڵبژاردن بدۆزرێتەوە

**سامان بەشارەتی**

عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەرۆژنامەی راگەیاند: نابێت هیچ بیانوویەک بدۆزرێتەوە بۆئەوەی هەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا نەکرێت، بەپێویستیشی دەزانێت حکومەتی فیدراڵی بودجەی هەڵبژاردن بداتە کۆمسیۆن بۆئەوەی لە (٧/٢٥) هەڵبژاردن ئەنجامبدرێت.

دوای ئەوەی فەرەج حەیدەری بەرپرسی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق هۆشداریدا، کە ئەگەر تا (١٥)ی ئەم مانگە بودجەی هەڵبژاردنەکان نەگاتە دەست کۆمسیۆن، ئەوا ئەگەری دواخستنی هەڵبژاردنەکان زیاد دەبێت.

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان عەدنان موفتی لەلێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە وتی: «ئەو لێدوانانە تەنیا قسەبوون‌و هیچ نووسراوێکی رەسمیی بەئێمە نەگەیشتووە، کە حکومەتی فیدراڵ ئەو پارەیە نادات، سەرۆک وەزیرانی عێراق نوری مالیکی رەزامەندی داوە لەسەر سەرفکردنی بوجەی هەڵبژاردن، بەڵام هەندێک کێشە لەنێوان راوێژکارەکانیدا هەیە لەسەر سەرفکردنی ئەو پارەیە، پێیان باشە ئەو پارەیە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دابین بکرێت».

سەرۆکی پەرلەمان ئاماژەی بەوەشکرد، ئەگەر هەتاوەکو ئەم دوو سێ رۆژە ئەو بودجەیە نەگەیشتە کۆمسیۆنی باڵا، دەبێت حکومەتی هەرێم بڕیارێکی لەسەر بدات، ئەوانیش ئەگەر داوایان لەپەرلەمان کرد گفتوگۆی لەسەر بکات، ئەوکات ئێمەش چارەسەرێکی بۆ دەدۆزینەوەو دەبێت هەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا بکرێت‌و نابێت دوابکەوێت، وتیشی: «هیچ پاساوێک نابێت ببێتە هۆی دواکەوتنی هەڵبژاردن لە (٧/٢٥)، چونکە ئەوکاتە لەلایەن سەرۆکی هەرێم‌و پەرلەمانەوە دیاریکراوە».

**راپۆرتێک لەوبارەیەوە لە ل٢دا بخوێنەرەوە**

## محەمەدی حاجی مەحمود: گۆڕانێک لەناو پەرلەماندا روودەدات کە خەڵک پێشبینی نەکردووە

**رۆژنامە**

محەمەدی حاجی مەحمود سکرتێری حیزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان، پێیوایە لەهەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەماندا گۆڕانێک لەناو پەرلەماندا روودەدات، کە خەڵکی پێشبینی نەکردووە.

لەدیمانەیەکی رۆژنامەدا کە دەقەکەی لەلاپەڕە ٥ی ئەم ژمارەیەدا بڵاوکراوەتەوە، سکرتێری حیزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان دەڵێت: «ئەوەی کە ئێستا هەندێک ئەندام پەرلەمان پاش چوار ساڵ قسەدەکەن، وەک پەلەقاژەی کۆتایی وایەو بوونی لەنەبوونی باشترە».

پێشیوایە «وڵاتانی دراوسێ تەنیا خێروبەرەکەتیان بۆ کوردستان هەیە نەک مەترسی».

دەربارەی نەبوونی کاندیدی دیکە بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم محەمەدی حاجی مەحمود وتی: «ئەگەر لە کوردستان تەنیا یەک کەس خۆی کاندیدبکات بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم، ئەوە جێی پرسیار دەبێت».

سەبارەت بەو هەوڵانەش کە دەدرێت بۆ بەخشینەوەی ئیمتیازو دەستکەوت بەمەبەستی کاریگەری دروستکردن لەسەر هەڵبژاردنەکان، وتی: «خەڵکی دەتوانێت دەمانچەو ئۆتۆمبێلیش وەربگرێت‌و دەنگ بەو کەسە نەدا کە ئەو شتانەی پێداوە، چونکە خۆ کەس لەسەر سندوقەکە چاودێریی ناکات».



## ماوەی کارکردنی پەرلەمان‌و ویلایەتی سەرۆکی هەرێم درێژکرایەوە

ل٣

## بەبیانووی پەیوەندی بەلیستی گۆڕانەوە، ئاسایش لە هاوڵاتییەک دەدات

**محەمەد ساڵح حەمەلاو**

سێ کارمەندی ئاسایشی سلێمانی هێرشدەکەنە سەر هاوڵاتییەکی دانیشتووی شاری سلێمانی‌و ئەو هاوڵاتییەش هۆکارەکەی بۆ پەیوەندی بەلیستی گۆڕانەوە دەگەڕێنێتەوە، بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایشیش دەڵێت: ئەو هاوڵاتییە دەتوانێت سکاڵا لەسەر ئەو کەسانە تۆمار بکات.

چەند رۆژێک لەمەوبەر هاوڵاتی (ە، أ) کە دانیشتووی شاری سلێمانییە لەنزیک ئامادەیی هەڵکەوتی کوڕان لەکاتی گەڕانەوەیدا بۆ ماڵەکەی لەلایەن سێ کارمەندی ئاسایشی سلێمانییەوە بەتۆمەتی پەیوەندی بەلیستی گۆڕانەوە بەلێدان‌و هەڕەشە هێرشی دەکرێتەسەر.

بەپێی وتەی خۆی (ە، أ) لەساڵی ٢٠٠٦دا بەشداریی لەخۆپیشاندانێکدا کردووە دژ بەنەبوونی ئاو و کارەباو خزمەتگوزارییەکانی دیکەو بۆ ماوەی (١٠) رۆژ لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیرکراوەو ئێستاش چاودێریی دەکرێت.

حاکم قادر حەمەجان، بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایشی هەرێم لەلێدوانێکیدا بەرۆژنامەی راگەیاند: رێگە نادەین ئاسایش رێگیریی لەوەبکات کە هاوڵاتییان پەیوەندی بە چ لیست‌و لایەنێکەوە هەیە، وتیشی: «ئاسایش لەپرۆسەی هەڵبژاردندا لایەنگریی ناکات»، دەربارەی ئەو حاڵەتەش وتی: «ئەو هاوڵاتییە دەتوانێت لەدادگا یان لەئاسایش سکاڵا لەسەر ئەو کارمەندانە تۆمار بکات».

nalia co.
## گوندی ئەڵمانی دوو
ئێستا بە دڵی خۆت باشترین جێگەو باشترین روو هەڵبژێرە لە گوندی ئەڵمانی دوو
بۆ ئەوەی وەک گوندی ئەڵمانی یەک لە دەستی دووی نەکڕیتەوە
شوقەی 145 مەتر دووجا بەقیستی پێنج ساڵ و بێ ئەوەی هیچ زیادەیەکی بچێتەسەر
بە نرخی 80,000 دۆلار
هەروەها ڤێلامان هەیە بەم رووبەرانە: 360م$^2$ – 550م$^2$ – 750م$^2$ – 1410م$^2$
ناونیشان: تەنیشت گوندی ئەڵمانی یەک – بەرامبەر گەرەکی تووی مەلیک
07701574880 07501574880

## ماوەی کارکردنی پەرلەمانو ویلایەتی سەرۆکی هەرێم درێژکرایەوە

# پەرلەمان ماوەی تۆماری پاڵێوراوان درێژدەکاتەوەو کۆمسیۆنیش کاری پێناکات



دیە فازل

پـەرلـەمـان، بــەدوو پــرۆژە بڕیار ماوەی یاساییو شەرعیەتی پەرلەمانو سـەرۆکـی هـەرێـمـی تـاهـەڵـبـژاردنـی داهاتوو درێژکردەوەو ماوەی تۆماری پاڵێوراوانیشی کردە (١٥) ڕۆژ، کە بەوتەی بەرپرسێکی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنیش ڕەنگە کۆمسیۆن کار بەو درێژکردنەوەیە نەکات، ئەمە جگە لەوەی کە سزای زیندانیو غەرامەی دارایی بۆ سەرپێچیکەران لەکاتی هەڵبژاردندا توندکرا بەشێوەیەک سزاکان دەگەنە ساڵێک زیندانیو (٥٠) ملیۆن دینار غەرامە.

### پەرلەمانو سەرۆکی هەرێم ماوەکەیان درێژکرایەوە

لەدانیشتنی ڕۆژی ٥/١٣ی پەرلەمانی کوردستان هــەردوو پــرۆژە بڕیاری درێـــژکـــردنـــەوەی مــــاوەی یاساییو شەرعیەتی کـارکـردنـی پـەرلـەمـانو سەرۆکایەتی هەرێم درێژکرایەوە کە پەرلەمان لە ٦/٤ کۆتایی دێت تا ئەو کاتەی پەرلەمانی داهاتوو یەکەم دانیشتنی خۆی سازدەکاتو ویلایەتی سەرۆکی هەرێمیش، کە لە ٦/١٢ کۆتایی دێت، تا سەرۆکێکی نوێ بۆ هەرێم هەڵدەبژێردرێتەوە.

### ماوەی تۆمارکردنی پاڵێوراوی لیستەکان (٥) ڕۆژ درێژکرایەوە

پـرۆژەی هەمواركردنی پێنجەمی یاسای ژمـــارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان پەسەند کرا، بڕگەی دووەمی مادەی بیستودووی یاساکە هەموارکرایەوە، کە تیایدا ماوەی پێشکەشکردنی لیستی پاڵێوراوان (٥) ڕۆژی دیکە درێژکرایەوە، واتە ماوەکە لە (١٠) ڕۆژەوە زیادکرا بۆ (١٥) ڕۆژ.

بــەڵام پێناچێت کۆمسیۆنی باڵای سـەربـەخـۆی هـەڵـبـژاردنـەکـان کار بـەو درێژکردنەوەیە بکات، سـەردار عەبدولکەریم ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان لەلێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە تەئکیدی کردەوە، کە ئەوان وەک کۆمسیۆن پێشوەخت داوای ئەوەیان کردبوو، کە لەیاساکەدا ئەو ماوەیە دیاری نەکرایە، بەڵام لەئێستادا کە ئەو هەموارە کـراوە پێناچێت کۆمسیۆن پێڕابگات، چونکە خشتەی کـاتو کارکردنەکانی دیاریکردووە.

هەربۆیە ســەردار عەبدولکەریم وتی: «ئەگەر لەگەڵ خشتەی کارکردنی کۆمسیۆندا نەگونجێت کۆمسیۆن کار بـەدرێـژکـردنـەوەی مـــاوەی تۆماری پـاڵـێـوراوان نـاکـات، کـە (٥) ڕۆژ درێژکراوەتەوە».

لە لایەکی دیکەوە عەلی سەرۆکی دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم ڕایگەیاند دوا مۆڵەت بۆ وەرگرتنی ناوی پاڵێوراوی لیستەکان ١٦ی ئەم مانگەیەو بەهیچ شێوەیەک دوا ناخرێت.

### وادەی بانگەشەی هەڵبژاردن

هەروەها بـڕیـاردرا بەزیادکردنی چەند بڕگەیەک بۆ مادەی (٢٥)ی یاساکە، کەریم بەحری ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان باسی لەوەکرد، کە لەدانیشتنەکەدا کاتێک دیاریکراوە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن کە لـەدوای ڕاگەیاندنی لیستی پاڵێوراوان دەستپێبکاتو ٤٨ سەعات بەر لەدەستپێکردنی هەڵبژاردن بانگەشەکە ڕابگیرێت.

### کۆمسیۆن شوێنی هەڵواسینی دروشمەکان دیاریدەکات

بەوتەی کەریم بەحری لەدانیشتنەکەی پەرلەماندا، کە هەمواری پێنجەم بۆ یاسای هەڵبژاردن کرا ئەوەش بڕیاری لێدرا، کە ئەو شوێنانە لەلایەن کۆمسیۆنەوە دیـــاری بکرێن کـە ڕێـگـە پـێـدراون بانگەشەی هەڵبژاردنیان لێبکرێتو پۆستەرو دروشمەکانی لێ هەڵبواسرێت، هەروەک ڕوونیشیکردەوە کە خودی ئەو لیستو قـەوارە سیاسیانەی بەشداریی هەڵبژاردنەکە دەکەن خۆیان بەرپرسن لەکۆکردنەوەو لێکردنەوەی ئەو پۆستەرو دروشمانەی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنەکە هەڵیانواسیوە لەدوای هەڵبژاردن، ئەویش بەپێی ڕێنماییەکانی کۆمسیۆن.

### نابێت دامودەزگا حکومیو حیزبیەکان بۆ بانگەشە بەکاربهێنرێن

لـەهـەمـواری یـاسـاکـەدا هـاتـووە: کە ڕێگە نـادرێـت بەهیچ شێوەیەک بانگەشەی هەڵبژاردن لەبنکەکانی دەنگدان ئەنجامبدرێت، یان پۆستەر بەو بنکانەوە هەڵبواسرێت، هــەر لەهەموارەکەدا هاتووە، کە ڕێگە نادرێت دامودەزگا حکومیو حیزبیەکان بۆ کۆبوونەوەو بانگەشەی هەڵبژاردن بەکاربهێنرێن، هەروەک ڕێگەش نادرێت فەرمانبەرانی حکومی لەهەر پلەو ئاستێکدابن شوێنی کارەکەیانو پۆستەکەیان بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکاربهێنن، بەهێزەکانی ئاسایشو ناوخۆشەوە، هەروەک ڕێگە نادرێت لەڕۆژی دەنگداندا بانگەشە بۆ بەرنامەی لیستو قەوارەو پاڵێوراوەکان بکرێت، یان لیستو پاڵێوراوانی دیکە ناشرین بکرێنو هەوڵبدرێت تانەو قسەیان پێ بوترێت.

### سزاکان

هەر لەهەموارەکەدا پێشنیازکراوە بـەلابـردنـی مـــادەی (٥٧)ی یاساکەو زیادکردنی مادەیەکی دیکە کەتیایدا سزاکان دیاریکراوە، ئەندامەکەی لیژنەی یاسایی پەرلەمان ئاماژەی بـەوەدا، کە سزاکان لەمانگێک زیندانیی تاساڵێک دانراوە، لەگەڵ غەرامەیەک کە لەملیۆنێکەوە تیایدایە، تا (٥٠) ملیۆن دینار.

### جێگرتنەوەی کورسی پاڵێوراوان بەپێی ریزبەندی دەبێت

هــەر پاڵێوراوێکیش لـەبـەر هەر هۆیەک بێت کورسیەکەی لەدەست بدات ئـەوا ڕاستەوخۆ ئەوکەسەی لـەدوای ئەو لەخشتەکەدا ناوی هاتووە جێگای دەگرێتەوە، ئەگەر ئەوکەسەی کورسییەکە لەدەست دەدات لەنێو هاوپەیمانێتیەکدا بوو، ئەوا ئەوکەسەی شوێنی دەگرێتەوە بەپێی ریزبەندی لیستی هاوپەیمانێتییەکە دەبێت، نەک لیستی حیزبەکەی خۆی، بەڵام ئەگەر پاڵێوراوەکە ژن بوو مەرج نییە کە ژنێکی دیکە شوێنی بگرێتەوە، تەنیا لەو کاتەدا نەبێت کە ئەو کورسییە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی ڕێژەی (٣٠٪) یەکە بۆ ژنان.

---

## سەرنووسەری گوڵان: حیزبە ئیسلامیەکان لەژێر فشاردا نەبن کاری توندڕەوانەتر ئەنجامدەدەن

# «شکاندنو ناشرینکردن، لەدەرەوەی ئیتیکی ڕۆژنامەوانییە»

شارا عەبدولڕەحمان

گۆڤاری گـوڵان لەدوایین ژمارەیدا دۆسـیـەیـەکـی بـۆ ئیسلامی سیاسی تـەرخـانـکـردووە بەتایبەت هــەردوو حیزبی کۆمەڵی ئیسلامیو یەکگرتوی ئیسلامیو چەندین بابەتی تایبەتکردووە بەڕەخنەلێگرتنی ئـەو دوو حیزبەو هەڵماڵینی ڕابردوویانو هەروەها بە «خەڵک هەڵخەڵەتێنەرو توندوتیژ» ناویبردوون، پسپۆڕێکی بواری ڕاگەیاندنیش پێیوایە «هـەر کارێک کە بۆ شکاندنی یەکترو یەکتر ناشرینکردنبێت لەدەرەوەی ئیتیکی ڕۆژنامەوانیەو پێویستە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن خۆیانی لێبەدووربگرن».

گۆڤاری گوڵان کە بڵاوکراوەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستانە لە ژمارە ٧٣٢دا کـەڕۆژی ١١ی ئـایـاری ٢٠٠٩ بـڵاوکـراوەتـەوە دۆسیەیەکی تایبەت بەئیسلامی سیاسیو هــەردوو حیزبە ئیسلامیەکەی کـوردسـتـان(کـۆمـەڵو یەکگرتوو)ی ئیسلامی ئامادەکردووە کە بە «بەندیخانەی ئەقڵی» ناویبردوونو بە «بـڵاوکـەرەوەی بیری توندوتیژیو ئاراستەکردنی خەڵک بۆ ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی» لەقەڵەمداون.

عەبدولستار مەجید، کارگێری مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی نیگەرانی خۆی لەبڵاوکردنەوەی بابەتەکانی گۆڤاری گوڵان دەربڕیو بە «بوختانو بەدەستی تێکدەر»ی نـاویـدەبـات، لەوبارەیەوە بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەو هێرشە تەنیا بۆ سەر حیزبە ئیسلامیەکان نییە، بەڵکو بۆ سەر ئاینی سەرەکی میللەتی کوردە، پێویستە ڕەخنە مەنتیقی بێتو بەبەڵگەوە بابەت بڵاوبکرێتەوە، نەک هەر لەخۆڕا هێرش بکرێتە سەر لایەنێک».

ئـەو دۆسـیـەیـەی گـۆڤـاری گـوڵان لەکاتێکدایە کە کوردستان لەبەردەم پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەماندایە، کە بڕیارە لەکۆتایی مانگی تەممووزی ئەمساڵدا ئەنجامبدرێتو پسپۆڕانی ڕاگەیاندنیش بەپێویستی دەزانن کە «دەزگا ڕاگەیاندنەکان ڕەچاوی بارودۆخەکە بکەن».

هەڤاڵ ئەبوبەکر، مامۆستای بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆی سلێمانی دەڵێت: «هەر کارێک کە بۆ شکاندنی یەکترو یەکتر ناشرینکردن بێت لــەدەرەوەی ئیتیکی ڕۆژنامەوانییەو پێویستە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن خۆیانی لێبەدووربگرن»، بەوپێیەی وەک ئـەو وتـی کوردستان لەبارودۆخێکی سیاسیدایە کە بەرەو هەڵبژاردن دەچێت، بەپێویستیشی دەزانێت لایەنە سیاسیەکان بەرپرسیارانە بڕواننە واقیعەکەو نابێت بەشێوەیەک بیربکرێتەوە کەلایەنە سیاسییەکان وابزانن هەر کەسێک لەگەڵ خۆیاندابوو شەریفەو ئەوانەی دەرەوەی ئەوان ناشەریفنو وتیشی: «بۆ وەڵامدانەوەی حاڵەتێکی لەوجۆرە ناکرێت کەناڵی ڕاگەیاندن بکرێتە مینبەر، بەڵکو لەکاتی ناوزڕاندندا پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگیرێتەبەر».

بــەڵام فوئاد سدیق، سەرنوسەری گۆڤاری گوڵان ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە ئەو دۆسیەیە پەیوەندی بەنزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکانەوە هەبێتو وتی: «ئاشکرایە کەهەردوو حیزبە ئیسلامیەکەی کوردستان(کۆمەڵو یەکگرتوو) بەعەقڵێکی داخـراو کاردەکەن، لەپێشتردا چەندین کاری توندڕەوییان لەگەڵ میللەتی خۆیاندا ئەنجامداوە، بەڵام لەئێستادا بۆیان نالوێتو فشارەکان بەهێزترن لەسەریان ئەگەر نا لەجاران خراپتریان دەکرد».

دەربـــارەی تۆمەتبارکردنی حیزبە ئیسلامیەکانی کوردستان بەهەڵخەڵەتاندنی خەڵک، سەرنووسەری گۆڤاری گوڵان دەڵێت «ئەو حیزبە ئیسلامیانە بەبڕوای خۆیان خەڵکی فێری خوداپەرستیو ئاینپەروەری دەکەن، ئەگەر وایە خەڵک بۆ ناچنە مزگەوتەکانو لای مەلاکان ئەو کارە بکەن، ڕوودەکە حیزبە ئیسلامیەکان، لەبەرئەوە ئەو حیزبانە بەناوی فێرکردنی خواپەرستیەوە خەڵکیان هەڵخەڵەتاندووە».

لەبەرامبەردا عەبدولستار مەجید وتی: «ئەگەر ئێمە بەو شێوەیەین کە لەگۆڤارەکەدا باسمانکراوە چۆن لەحکومەتدا بەشداریمان پێکراوە، حکومەتو لایەنە دەسەڵاتدارەکان تێڕوانینیان بۆ حیزبەکەمان بەوشێوەیە نیە کەلەگۆڤارەکەدا باسکراوە، بەڵکو تەنیا کاری کەسانێکی ئاژاوەگێرەو دەیانەوێت ئـەو دۆخـە سیاسییەی کوردستان بشڵەقێنن».

بەپێی سیستمی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان ژمـارە ٤ ساڵی ٢٠٠٩ لە بەشی سێیەم بڕگەی حەوت ئاماژە بەوەکراوە کە نابێت هیچ لیستو قەوارەیەکی سیاسی لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا پەنا بۆ وروژاندنی هەستی نەتەوەییو ئاینیو تائیفیو عەشیرەتگەری بەرێتو تەشهیر بەکەسایەتی نێو لیستە کێبڕکێکارەکان بکرێت، بەهەموو شێوازە جیاوازەکانی کاری ڕاگەیاندنەوە.

هاوکات بە پێی هەواڵێکی سایتی فەرمی یەکگرتوی ئیسلامی بڕیارە داوای یاسایی لەسەر سەرنوسەری گۆڤاری گوڵان تۆمار بکات لە دەرەوەو ناوەوەی وڵات.



# گۆڕانکاری لەپۆستە ئیدارییەکانی گەرمیاندا دەکرێت

هەستیار قادر

حکومەتی هەرێم گۆڕانکاری لەچەند پۆستێکی ئیداریی سنووری گەرمیاندا دەکاتو بەرپرسی ڕێکخراوێکی ناوچەکەش دەڵێت: «ئەو گۆڕانکارییانە ئەوانە نەبوون، کە خەڵکی گەرمیان داوایان کردووە».

بەفەرمانی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم چەند گۆڕانکارییەک لەپۆستی بەڕێوەبەری ناحیەکانو پۆلیسو ئاسایشی سنووری گەرمیاندا ئەنجامدەدرێتو لەوبارەیەشەوە سەعید ئەحمەد بەڕێوەبەری ئیدارەی گەرمیان بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەو ڕێوشوێنە ئیدارییەو بۆ چالاکترکردنی ئەو دەزگایانەیە»، هەروەک وتیشی: «ئەو کەسانەی لابراون زۆربەیان پێشتر سەرکەوتوو بوون لەکارەکانیاندا»

بڕیاری ئەنجامدانی ئەم گۆڕانکارییانە لەسەر پێشنیازی ئیدارەی گەرمیان بووەو لەمانگی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٨-ەوە ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بۆ وەرگیراوەو سەبارەت بەهۆکاری دواکەوتنی ئەو گۆڕانکارییەش بەڕێوەبەری ئیدارەی گەرمیان وتی: «بەهۆی تاووتوێکردنی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە لەپەرلەمانی کوردستان ئەو بڕیارەیان ڕاگرتبوو نەکا یاساکە لەکاتی خۆیدا دەرنەچێت».

ئەو گۆڕانکارییانە دوای ئەوە دێت، کە گروپی بەگژداچوونەوەی گەندەڵی لەگەرمیان لەپارەوە دووجار پرۆژەیەکیان پێشکەش بەحکومەتی هەرێم کرد بەمەبەستی بنەبڕکردنی گەندەڵی لەڕێگەی ئەنجامدانی گۆڕانکاری لەپۆستی ئیداریی لەو سنوورەدا،

عادل قوربانی ئەندامی دەستەی باڵای کۆمەڵەی پەیمانی گەرمیان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە «ئەو گۆڕانکارییانەی لەئیدارەی گەرمیاندا کراوە ئەوە نەبووە کە خەڵک داوایکردووەو لەڕاپۆرتەکەماندا ئاماژەیان پێداوە». وتیشی: پێویستە هاوڵاتیانی گەرمیان لەهۆکاری ئەو گۆڕانکارییانە ئاگادار بکرێنەوە، نازانن حکومەت بۆ ئەو کارەی کردووە؟

عادل قوربانی ئاماژەی بەوەشدا، کە ئەوان وەک ڕێکخراوێکی گەرمیان دەزانن کێ گەندەڵە کەپێوستە نەمێنێتەوەو وتیشی: «ناکرێت کەسانی باشو خراپ لەو گۆڕانکارییانەدا تێکەڵ بکرێت»

# روفاتی (١٠٠) کورد لەگۆڕێکی بەکۆمەڵدا دۆزرایەوە

ستارە عارف

لەپارێزگای دیوانیەی باشووری عێراق گۆڕێکی بەکۆمەڵ دۆزرایەوە، کە روفاتی (١٠٠) هاوڵاتی کوردی تێدایەو زۆربەیان ژنو منداڵن، کە بەجلوبەرگی کوردییەوە نێژراون.

ئەنوەر عومەر سەعید بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی گۆڕە بەکۆمەڵەکان لەوەزارەتی ئەنفالو کاروباری شەهیدان بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەو گۆڕە هەفتەی ڕابردوو لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی عێراقەوە لەناوچەیەکی نزیک دیوانیە دۆزراوەتەوەو ئێستا لەگەڵ وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراق لەهەوڵی کۆکردنەوەی زانیاری زیاتردایین، بەمەبەستی دڵنیابوون لەناسنامەو ناونیشانیان، وتیشی: «پاش وەرگرتنی زانیاری تەواو و ڕێککەوتن لەگەڵ دامودەزگا پەیوەندیدارەکان، هەوڵی هێنانەوەی ئەو روفاتەنە دەدەین بۆ کوردستان».



# نجێفی داوا لەمالیکیو عوبێدی دەکات، پێشمەرگە لەموسڵ دەربکەن

بەهادین یوسف

بۆجاری دووەم ئەسیل نجێفی پارێزگاری موسڵ سەردانی بەغدای کردو لەگەڵ نوری مالیکیو وەزیری بەرگری کۆبووەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر دەرکردنی هێزی پێشمەرگەو حیزبە کوردییەکان لەموسڵو جێگرتنەوەیان لەلایەن هێزەکانی حکومەتی ناوەندەوە.

بەگوێرەی ئاژانسی هەواڵی عێراقیە، ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ جاری دووەم چاوی کەوت بەئەسیل نجێفی پارێزگاری موسڵو مالیکی پشتگیری خۆی بۆ ئیدارەی نوێی ئەنجومەنەکە دووپاتکردەوەو لەبەرامبەردا نجێفی نیگەرانی خۆی گەیاندە سەرۆک وەزیران، سەبارەت بەوەی پێشمەرگە ڕێگرییان لێکردووە لەوەی سەردانی ناوچەی بەعشیقە بکات.

بەوتەی قاسم ساڵح ئەندامی لیستی برایەتی نەینەوا لەئەنجومەنی پارێزگای موسڵ: «ئەسیل نجێفی چووەتە لای عەبدولقادر عوبێدی وەزیری بەرگریو داوای کردووە بڕیاری دەرکردنی پێشمەرگە بدەن لەسنووری پارێزگای موسڵ». قاسم لەلێدوانەکەیدا بۆ ڕۆژنامە وتیشی: «پێشمەرگەو ئیدارەی مەدەنی موسڵ دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵییە لەبەغدا، بەپێی ڕێکەوتنێکی حکومەتی ناوەندیو حکومەتی هەرێم، پێشمەرگە لەناوچەکانی خۆرهەڵاتی موسڵ لەدوای ساڵی ٢٠٠٣-وە جێگیرکراون، ئەوە لەدەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ نییە، لەدەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵو حکومەتی هەرێمدایە».

سەردانەکەی ئەسیل نجێفی دوای ئەو خۆپیشاندانە هات، کە سەرلەبەیانی هەمان ڕۆژ ژمارەیەک سەرۆک هۆزی عەشیرەتەکانی شەمەرو لهێبو جەحیشو چەند عەشیرەتێکی عەرەبی دیکە، خۆپیشاندانێکیان بۆ بەردەم پارێزگای موسڵ ئەنجامداو لەیاداشتێکدا داوای چوونە دەرەوەی پێشمەرگەو بنکەو بارەگای حیزبە کوردییەکانیان کرد لەپارێزگای موسڵو گەڕانەوەی سنووری ئیداری موسڵ بۆ پێش ٢٠٠٣/٣/١٩، خۆپیشاندانەکەش وەک کاردانەوەیەک بوو بۆ دوای کوشتنی ئەفسەرێکی سوپای پێشووی عێراق، عەمید روکن ئەرکان عەزیز، کەیەکێک بوو لەپاڵێوراوەکانی لیستی حەدباو ڕۆژی دووشەممە لەکاتی نوێژی عەسردا لەلایەن چەند چەکدارێکەوە کوژرا.

ئەندامەکەی لیستی برایەتی ئاماژەی بەوەکرد، کە ئەوان ڕێز لەڕای خۆپیشاندەران دەگرن، خۆپیشاندانەکەشی بە «کەمبایەخ» زانیو وتی: «ئەو خەڵکەی چوونە بەردەم پارێزگای موسڵ کۆنە بەعسی بوونو هەمووی ئەندامی فیرقەو شوعبەی بەعس بوون، لیستی حەدبا کۆیکردبوونەوە، ئەگەر خۆپیشاندانێکی دیکە بوایە زیاتر لە (١٠) بۆمب بەو خەڵکەدا دەتەقییەوە، چونکە ئەوان هاوکاری لەگەڵ تیرۆریستانو کۆنە بەعسییەکان دەکەن بێ کێشە بەڕێوەچوو».

# «هاوڵاتییان مافی خۆیانە پەرلەمان بەپێشێلکەری مافەکانیان دابنێن»

پشتیوان سەعدوڵڵا

بەبڕیاری پەرلەمانی کوردستان هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پەرلەمانو ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەشێوازی لیستی داخراو بەڕێوەدەچن، پەرلەمانتارێکیش پەرلەمانی کوردستان بە «پێشێلکەری مافی هاوڵاتییان» دادەنێت.

پەرلەمانی کوردستان لەڕۆژی ٢٠٠٩/٣/٢٤ یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی پەسەندکرد، بەپێی یاساکە هەڵبژاردنی پەرلەمان بەشێوازی لیستی داخراو دەبێت، هەرچەند ژمارەیەک لەئەندامانی پەرلەمان لیستی داخراویان ڕەتکردەوە، هەروەها لە ٢٠٠٩/٥/١١ پرۆژەیاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی کوردستانی پەسەندکردو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانیش بەلیستی داخراو دەبێت.

کەژاڵ مەجید، پەرلەمانتار، ئاماژە بەوە دەکات کە هاوڵاتییان مافی خۆیانە لەو ڕووەوە ڕەخنە لەپەرلەمان بگرن «هاوڵاتییانی کوردستان مافی خۆیانە پەرلەمانی کوردستان بەپێشێلکەری مافەکانیان دابنێن، من یەکێکم لەو پەرلەمانتارانەی شێوازی لیستی داخراوم ڕەتکردەوە، چونکە لیستی داخراو هاوڵاتییانی کوردستان لەمافێکیان بێبەشدەکات، من لەگەڵ ئەوەدابووم خەڵک بەئازادیی دەنگبدات، نەک ئەو مافەی لێ بسەنرێتەوە».

ئەو پەرلەمانتارە وتیشی «بەشێک لەبڕیارو یاساکانی پەرلەمان بەپێی



خواستی جەماوەرو ژمارەیەک لەپەرلەمانتاران نییە، بڕیارو یاساکان بەپێی دەنگدانەو لەکاتی دەنگدانیشدا بەشێک لەبڕیارو یاساکان بەپێی بەرژەوەندی سیاسی دەردەچن».

پەرلەمانتارێکی دیکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە یەکێتیو پارتی خاوەنی زۆرترین کورسی پەرلەمانی کوردستانو یاسایەک ئەوان بیانەوێت، پەرلەمان پەسەندی دەکات.

ڕەشید کەریم، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: هەر یاسایەک کە لەپەرلەمان پەسەند دەکرێت، بەدەنگدانی ئەندامانی پەرلەمانەو ئەندامانی پەرلەمانیش نوێنەری خەڵکن، ناکرێت بۆ بڕیارێک پەرلەمان ڕای خەڵک وەربگرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەرلەمان پێکهاتەی حیزبەکانی کوردستانەو یەکێتیو پارتیش زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمان پێکدەهێننو «ئەو دوو حیزبەش بیانەوێت یاسایەک پەسەندبکرێت، ئەوا پەسەند دەکرێت».

هاوکات پەرلەمانتار جەمال شەمعون، بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: خەڵک مافی خۆیەتی ڕەخنە لەپەرلەمانی کوردستان بگرێت، چونکە «هەندێک یاسا دەردەچن کە ئازادیی خەڵک کەمدەکاتەوە»، بۆ نموونە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەپرۆژە خزمەتگوزارییەکانی هاوڵاتییانەوە هەیەو پێویستە ئەندامانی ئەنجومەن لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێن.

لەدانیشتنی دوێنێیشدا پەرلەمانی کوردستان هەردوو پرۆژە بڕیاری درێژکردنەوەی ماوەی یاساییو شەرعیەتی کارکردنی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێمی پەسەندکرد، ئەم هەنگاوەی پەرلەمان کەوتە بەر ڕەخنەی ژمارەیەک لەئەندامانی پەرلەمان.

لەو بارەیەوە کەژاڵ مەجید وتی: «هەرچەند ژمارەیەک لەئەندامانی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەدا نەبوون هەر چۆنێک بێت پەرلەمانی کوردستان شەرعیەتی بەخۆیو سەرۆکایەتی هەرێم دا، بەبێ ئەوەی کاتێکی بۆدیاری بکات».

# محەمەدی حاجی مەحمود: مەترسی لەسەر هەرێمی کوردستان نەماوەو وڵاتانی دراوسێش تەنیا خێروبەرەکەتیان بۆ کوردستان هەیە

**سازدانی: فازڵ نەجیب**

**محەمەدی حاجی مەحمود، سکرتێری حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، رای وایە، کە دروشم و پرۆژەی لیستەکەیان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان کە (چاکسازیی و خزمەتگوزارییە)، چارەسەری کێشە سیاسی و خزمەتگوزارییەکان دەکات، لەم دیمانەیەدا دەڵێت: «ئەوەی کە ئێستا هەندێک ئەندام پەرلەمان پاش چوار ساڵ قسەدەکەن، وەک پەلەقاژەی کۆتایی وایەو بوونی لە نەبوونی باشترە».**



**رۆژنامە: ئەو چوار حیزبە چۆن وا پێکەوە بوونە خاوەنی لیستی هاوبەش؟**

* ئێمە زیاتر لە (٢) ساڵە پێکەوەین هەم لە ئەنجومەنی پارتە سیاسییەکان و هەم لەو یاداشت و پرۆژانەی کە بۆ دەسەڵات و رای گشتیمان داوە، کە وەک پێویستیش وەڵامیان نەدراینەوە، ئەو ئیشانەی رابردوو وایکرد کە کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش لەنێوان ئەو چوار حیزبەدا دروستبێت، تا گەیشتە دروستکردنی لیستێکی هاوبەشی پەرلەمانیی.

**رۆژنامە: پێوەرەکان چین بۆ کاندیدەکانی ئێوە، ئایا هەر سەرۆکی حیزب و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی دەنێرن وەک ئەوەی ئێستا؟**

* دەمانەوێت خوێنێکی دیکە بچێتەوە بەر پەرلەمان و لەسەر ئەساسی شارەزایی و کەفائەت کاندیدەکان دیاریدەکەین، کە گەنج و خەڵکی خاوەن بڕوانامەو خەڵکی کۆمەڵایەتی و جەماوەریی بە باشتر دەزانین، ئەگەرچی مەسەلەی بڕوانامە زۆر گرنگ نییە بۆ پەرلەمان، چونکە پەرلەمان تایبەت نییە بە ئیشێکی دیاریکراو.

**رۆژنامە: دەوترێت ئەوەی زۆر پێویستە بۆ پەرلەمانتار، ئازایەتی و وەفادارییە بۆ ئەو بەڵێنانەی بە هاوڵاتییانی داوە، رای ئێوە چییە؟**

* لـەم رۆژانـــەدا رێـکـخـراوێـک کە چـاودێـریـی بەڵێنەکانی لیستەکانی پێشوویان دەکرد لە پەرلەمان، لە ئەندام پەرلەمانیان پرسیوە کە ئێوە بەڵێنتان داوە بە هاوڵاتییان، کەچی ئەندام پەرلەمانەکان هەر بیریان نەماوە چ بەڵێنێکیان داوە، بۆیە گـەڕاون بەشوێن ئەو رۆژنامە کۆنانەی کە بەڵێنەکانیان تێدا بڵاوکردووەتەوە، تەنانەت بە رێکخراوەکەشیان وتبوو لە چ ژمارەیەکدا ئەو بەڵێنانەمان داوە پێمان بڵێن تا بیدۆزینەوەو بزانین چیمان بە خەڵکی وتووە.

**رۆژنـامـە: رەخنەیەک هەیە لەسەر زۆرێک لە ئەندام پەرلەمانەکان کە ئەوەندەی بەجورئەت و وردی قسە بۆ میدیاکان دەکەن، لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا کە سەرۆکی حکومەت یان سەرۆکی هەرێمی لێبێت، بەوجۆرە قسەناکەن، هۆکاری ئەو حاڵەتە چییە؟**

* وانییە، قسە کراوە لە هەموو کاتەکانداو لە هەموو بوارەکاندا، پێموایە ئەوە غەدرە کە لە ئەندام پەرلەمانەکان دەکرێت.

**رۆژنامە: دەڵێن ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کە چوار ساڵە هیچ قسەیەکیان نەکردووە، ئێستا موداخەلە دەکـەن و قسەدەکەن بۆ جوانکردنی رووی خۆیان، چونکە دەزانن کە تەمەنی پەرلەمان تەنیا (٢) مانگی ماوەو کەس فشار ناخاتە سەریان، رای تۆ چییە لەسەر ئەو جۆرە فێڵە؟**

* زۆر ئاگام لەوەنییە، هەمیشە لە کۆتایی شتەکاندا پەلەقاژەیەک هەر هەیە، ئەوەی ئێستا لیژنەکان پاش چوار ساڵ سەردانی هاوڵاتییان دەکەن، ئێستاش کە دەیکەن هەر باشترە لەوەی کە هەر نەیانکردایە، ئەویش بۆئەوەی ببێتە سەرەتایەک بۆ پەرلەمانی داهاتوو.

**رۆژنـامـە: بـارزانـی داوادەکـــات کە هەڵبژاردنی سەرۆک لەلایەن خەڵکەوە بێت، ئایا بۆچوونی تۆ لەسەر کامیانە، لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێرێت یان پەرلەمان؟**

* دەستووری عێراقی دیاریکردووە کە سیستمی سەرۆکایەتی، پەرلەمانی بێت، ئیتر نازانم پەیوەندیی هەرێم بە بەغداوە چۆنە لەو مەسەلەیەدا، بەڵام رای شەخسی من ئەوەیە کە ئەگەرچی قانوونی پەرلەمانی دیموکراتیترە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رام وایە کە سەرۆک لەناو خەڵکدا هەڵبژێردرێت، ئەویش بۆئەوەی هەموو کەسێک تێبگات کە چەندی میللەتەکەی لەگەڵدایە.

**رۆژنامە: ئێستا باسی دەرکردنی خەڵک و بڕینی مووچە دەکرێت، ئایا ئەوە هەر پروپاگەندەیە یان لەڕێی رێکخستەکانتانەوە ئـاگـادارکـراونـەتـەوە کە ئـەو دەنگۆیە حەقیقەتی هەیە؟**

* باوەڕناکەم بەوشێوەیە بێت، سەرۆکی هەرێمیش وتی کە کەس ناتوانێت مووچەی فەرمانبەری حکومەت ببڕێت، بەڵام هەر حیزبێک بۆخۆی ئازادە لەوەی مووچەی ئەندامەکەی دەبڕێت یان نا.

**رۆژنامە: رای ئێوە چییە لەسەر ئەگەری سەرهەڵدانی توندوتیژی لەناوچەی بادینان، پێتوایە وەک هەڵبژاردنی ٢٠٠٥ رووداوی لەوشێوەیە دووبارەدەبێتەوە؟**

* دەسـەڵات زۆر شیرینەو کەس بەئاسانی لەدەستی خۆی نـادات، بەڵام واقیعیش شتێکی دیکەیەو ئێستا ساڵی ٢٠٠٥ نییە، چونکە پەیوەندیی کوردستان بە دنیاوە فراوانتر بووەو لەڕێی قونسوڵخانەکان و بوونی دەیان رێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ و چاودێریی عێراقی و یەکێتی ئەوروپاو.. هتد، جگە لـەوەش بیرکردنەوەی خەڵکەکەش گۆڕانی بەسەردا هاتووە، سەرەڕای ئەوانەش ئەگەر کێشەیەک رووبدات، دەبێت سەرۆکی هەرێم چارەسەری بکات و پێموایە لەو ئاستەشدان نەهێڵن کێشە رووبدات. خاڵێکی دیکەش ئەوەیە کە دەوترێت حکومەت هی هەوانە، کەواتە دەبێت ئاسایش و سوپاو پۆلیس هی هەمووان بێت.

**رۆژنامە: ئێوە دەڵێن ئاسایش دەبێت هی هەموو کوردستان بێت، ئایا تەنیا یەک ئەندامی حیزبەکەت لەڕیزی ئاسایشدا هەیە؟**

* نەخێر.

**رۆژنـامـە: کەواتە ئەو ئاسایشە هی کوردستانە؟**

* ئومێد دەکەین لەم هەڵبژاردنەدا بێلایەن بن.

**رۆژنامە: پێتانوایە بێلان بن؟**

* ئومێد دەکەین، ئەگەر ئاسایش بێلایەن بێت، بۆ سومعەی خۆی باشترە کە وا پیشانبدات هی هەموو خەڵکی کوردستانە.

**رۆژنامە: ئەمریکا بەجۆرێک لە جۆرەکان چاوپۆشیی کرد لە توندوتیژییەکانی ناوچەی بادینان، ئایا پێشبینی دەکەیت ئەمجارەش هەمان حاڵەت ئەگەر روویدا، ئەمریکا هەر چاوپۆشیی لێبکات؟**

* ئێستا (٤) سـاڵ بەسەر ٢٠٠٥دا تێپەڕیوە.

**رۆژنامە: واتە ئێستا چاوپۆشی لێناکات؟**

* نازانم، بەڵام لەڕووی زەمەنییەوە ئێستا جیاوازە لە ٢٠٠٥.

**رۆژنامە: یەکێتی و پارتی کۆمەڵێک حیزبی هاوپەیمانیان هەبوو، ئەوان شەریکیان نەکردن لەلیستەکەیاندا، ئایا ئەوان هاتن بۆئەوەی بەشداریی لیستی چوار حیزبەکە بکەن؟**

* زۆربـــەی زۆری ئـەو حیزبانە پەیوەندییان پێوەکردووین.

**رۆژنامە: وەکو چ حیزبێک؟**

* حیزبی شیوعی و زەحمەتکێشان و حـیـزبـی رزگـــاری و بـزووتـنـــەوەی دیموکراسیخوازان و پارتی چارەسەرو پارتی کارو پارتی گەلی دیموکراتی، کە پەیوەندی هەموو ئەو حیزبانە لەڕێی کاک قادر عەزیزەوە بووە.

**رۆژنـامـە: بۆچی حیزبی شیوعیتان بەشداریی پێنەکرد؟**

* کاتێک ئەوان پەیوەندییان کرد، ئێمە لیستەکەمان تەواوکردبوو.

**رۆژنامە: شیوعی ویستبووی لەگەڵ سۆشیالیست لیست پێک بهێنێت یان چوار حیزبەکە؟**

* یەکەمجار لەگەڵ ئێمە، بەڵام دواتر لەڕێی کاک قادر عەزیزەوە ویستبوویان بێنە ناو چوار حیزبەکە.

**رۆژنامە: ئایا هەر ئەو (٢١) کورسییە دەهێنن کە پێشبینی دەکەن و لەنێوان خۆتاندا دابەشتان کردووە؟**

* نەخێر ئێمە بـەتـەمـای (٣٠ بۆ ٤٠) کـورسـیـن، بـەڵام ئێمە هاتووین کورسییەکانمان لە دەیەی یەکەم و دووەم و سێیەمدا دابەشکردووە، کە هەر حیزبێک چەندی بەردەکەوێت، کە لە دەیەی سێیەمدا بە تەحدید لە (٢٢) کورسی، (٣) کورسی بۆ سۆسیالیستە.

**رۆژنامە: لە چەند ساڵی رابـردوودا خەڵکی زۆر بە جدیی نارەزایی دەربڕیوە، ئایا چەند متمانە بەجۆری ئەو نارەزایەتییە دەکرێت لای ئێوەوە؟**

* ئـەوە دەکەوێتە سەر هۆشیاریی خـەڵـکـەکـە کـە راسـتـگـۆبـێـت لـەگـەڵ نارەزایەتییەکانیدا.

**رۆژنامە: لەهەموو هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا بازاڕێک دەکرێتەوە بۆ کڕین و فرۆشتنی دەنگ، رای ئێوە چییە لەسەر ئەوە؟**

* لەهەموو دنیادا هەروایە کە هەموو کەس هەوڵی بەدەستهێنانی دەنگی زۆر دەدات، بەڵام بەشێوەی ناشەرعی نەبێت.

**رۆژنـامـە: دەڵـێـن ئێستا دەمانچەو ئۆتۆمبێل و زەوی دابەشدەکرێت، رای ئێوە چییە؟**

* خەڵکی دەتـوانـێـت دەمانچەو ئۆتۆمبێلەکەش وەربگرێت و دەنگیان پێنەدا، چونکە خۆ کەس لەسەر سندوقەکە چاودێریی ناکات کە دەنگ بە کێ دەدات.

**رۆژنامە: وتت ئەوە حاڵەتێکی سروشتییە کە شت بدەیت بە خەڵکی تا دەنگت بدەنێ، ئایا حیزبەکەی ئێوە ئۆتۆمبێل دەدات تادەنگ بکرێت؟**

* ئێمە خۆمان ئۆتۆمبێلمان بۆخۆمان نییە تا بیدەین بە خەڵک.

رۆژنامە: ئەگەر هەتانبێت دەیدەن بە خەڵکی؟

* نەوەڵڵا.. ئەگەر میللەت دەنگمان دەداتێ با بیدات، ناشیدات کەیفی خۆیەتی.

**رۆژنامە: پێشبینیت چییە بۆ گۆڕانکاریی هاوکێشە سیاسییەکان؟**

* بۆچوونی من ئەوەیە کە لەناو پەرلەماندا گۆڕانێک روودەدات کە خەڵکی پێشبینی نەکردووە، بەڵام چاوەڕوان ناکرێت گۆڕانکاریی بنەڕەتی رووبـدات و هەموو شتەکان لەبەر یەکتر هەڵبووەشێتەوە.

**رۆژنامە: هەر لەئێستاوە میدیاکانی یەکێتی و پارتی دەستیانکردووە بە هێرشێکی توند لەسەر ئێوە، وەڵامی ئێوە چی دەبێت بۆیان، ئایا هەمان رێگای ئەوان دووبارە دەکەنەوە؟**

* ئێمە پێیان دەڵێین خودا جەزای خێریان بـداتـەوە، رای من ئەوەیە کە هـەڵـدانـەوەی هەندێک شتی رابـردوو سوودی خەڵکی تێدانییە، ئەگەر باسیش کرا، هەرکەس بەشی خۆی نهێنی لایە.

**رۆژنامە: لەگەڵ ئەوەدایت جگە لە مەسعود بارزانی، کەسێکی دیکە هەبێت بۆ ململانێی پۆستی سەرۆکی هەرێم؟**

* بۆ مەسەلەی دیموکراسی و تەنانەت کەسی یەکەمیش کە خۆی کاندید دەکات، واباشترە چەند کەسێکی دیکە خۆی کاندیدبکات، ئەگەر لە کوردستان تەنیا یەک کەس خۆی کاندیدبکات بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم، ئـەوە جێی پرسیار دەبێت.

**رۆژنامە: هەندێک لەخەڵکی رەخنەی ئەوە دەگرن کە ئەو چوار حیزبە بۆخۆیان بەشێک بـوون لەگەندەڵی و سەرۆکی حیزبەکانیش وەک دیکتاتۆر دەستیانگرتووە بەسەر حیزبەکانیاندا، ئایا لەم کەسانەو لەم حیزبانە چاوەڕوانی چاکسازیی دەکرێت؟**

* ئێمە جارێ دەسەڵاتمان لەدەستدا نەبووە تا گەندەڵی بکەین، گەندەڵی لەوەوە دەکرێت کە دەسەڵاتت هەبێت و ئەو ئیمکانیاتەی هی میللەتە بۆخۆتی بەکاربهێنیت، بـەڵام ئێمە هیچمان لەدەستدا نەبووەو جاری واش هەبووە لەمقەڕەکانماندا نانی تێدا نەبووە تا بخورێت، مقەڕێک نانی تێدا نەبێت کە بخورێت، لەچیدا گەندەڵی بکات؟ هەر کادیرێکی ئێمە مووچەی مانگانە (٢٥) هەزار دیناری ئەم چاپەیە کە دەکاتە (٢٠) دۆلار، بڕۆ پرسیاربکە کە ئەگەر کادیرێک ئەوە مووچەکەی بێت، دەبێت لەچیدا گەندەڵی بکات. نەسریەی مەکتەبی سیاسیی ئێمە (٥٠٠) هەزار دینارە لەم پارە تازەیە، ئاخر ئیتر لەچیدا گەندەڵی بکرێت؟

**رۆژنامە: ئایا باسی ئەو ناعەدالەتیەتان لەگەڵ سەرۆکی هەرێمدا کـردووە، کە مووچەی ئێوە بـەوجـۆرە کەمەو هی حیزبەکەی خۆیان زۆر زۆرە؟**

* بەڵێ، پێموتن کە با مانگێک وەزیری دارایی ئەوان مووچەی حیزبەکەی ئێمە بـدات لە زاخـۆوە تا خانەقین، بەو بڕە پارەیەی کە ئەوان دەیدەن بە ئێمە.

**رۆژنامە: ئەو پارەیەی کە دەیخەنە سەر نەسریەکەتان لەکوێوە دەیهێنن؟**

* خۆمان پەیدای دەکەین و پرۆژەی بچووکمان هەیەو پارەی خۆمانی دەخەینە سەر.

**رۆژنامە: مەسعود بارزانی باسی ئەوەی کرد کە دوژمنی دەرەکیمان هەیە، رای ئێوە چییە؟**

* رەنگە هەندێک شتی گرنگی کورد لە دەستووردا نەچەسپیبێت، بەڵام مەترسیی ئەوتۆ لەسەر کوردستان نییە، ئەوەتا لەگەڵ تورکیا سنوورەکە کراوەتەوەو رۆژانە سەدان لۆری بە بارەوە دێتە کوردستان و گومرک دەکرێت، لای یەکێتیش هەروایە، رەنگە رۆژانـە بە ملیۆن دۆلار سوود لەو سنوورانە ببینن، ئەوەی ئێستا ئێمە دەیبینین ئەوەیە کە وڵاتانی دراوسێ تەنیا خێروبەرەکەتیان بۆ کوردستان هەیە نەک مەترسی.

> ** ئەگەر لە کوردستان تەنیا یەک کەس خۆی کاندیدبکات بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم، ئەوە جێی پرسیار دەبێت.**
>
> ** ئەگەر میدیاکانی پارتی و یەکێتی هێرشیان کردە سەرمان، ئێمەش پێیان دەڵێین خودا جەزای خێرتان بداتەوە.**

# کێ لەکێشەی گەندەڵی لەکوردستان دەپرسێتەوە؟

**سامان بەشارەتی**

سەرچاوەیەک لەدیوانی چاودێری دارایی (هەولێر) بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لەلایەن سەرۆکی پەرلەمان عەدنان موفتی‌و شیروان حەیدەری سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمان‌و عەونی بەزازی جێگری پێیانڕاگەیاندین: یاسای نوێی چاودێری دارایی کاری پێمەکەن لەسەر بڕیاری سەرکردایەتی پارتی‌و یەکێتی»، ئەوە لەکاتێکدایە کە ڕۆژی ٥/٥ ی ئەم مانگە سەرۆکی هەرێم لەوتارێکیدا لە پەرلەمانی کوردستان ڕەخنەی لە دەزگای چاودێری دارایی گرت کە «کارا نین».

### بۆکار بەیاسای نوێی دیوانی چاودێری دارایی ناکرێت

سەرچاوەیەکی باڵا لەچاودێری دارایی (هەولێر) کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، نیگەرانی خۆی دەربڕی بەرامبەر بەو وتارەی سەرۆکی هەرێم کە لەپەرلەمانی کوردستان خوێندیەوە لە (٥/٥) کە تیایدا ئاماژەی بەوەکرد: «چاودێری دارایی وەک پێویست نییەو دەبێت کارابکرێت» ئەو سەرچاوەیەش وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ سەرۆکی هەرێم بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە ساڵی ٢٠٠٨ یاسایەکی تایبەت بەچاودێری دارایی دەرچوو، کە دەتوانرا بەو یاسا نوێیە کۆمەڵێک کاری باش بکەین، بەڵام دواتر لەلایەن سەرۆکی پەرلەمان‌و لیژنەی یاسایی پەرلەمانەوە پێیانڕاگەیاندین: کار بەو یاسا نوێیە نەکەین، بەوپێیەی لەسەر بڕیاری سەرکردایەتی پارتی‌و یەکێتی، ئەو یاسا نوێیە (تەجمید) کراوە».

شیروان حەیدەری سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمان بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «یاسای نوێی دیوانی چاودێری دارایی کە لەپەرلەمان دەرچوو وەک پێویست کاری پێنەکراوەو دەبوو کەسێک دابنرێت بۆ سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان، بەڵام نازانم بۆ دانەنراوە»

سەرۆکی لیژنەی یاسایی لەپەرلەمانی کوردستان دووبارە ئاماژەی بۆ وتەکەی سەرۆکی هەرێم کردو وتی: «هەروەک سەرۆکی هەرێم ئاماژەی پێکرد، ئەم دەستەیەی دیوانی چاودێری دارایی دەستەیەکی کارانین بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسا نوێیە» بەپێویستیشی زانی هەردوو چاودێری سلێمانی‌و هەولێر یەکبگرنەوەو کەسێکی بێلایەن دابنرێت وەک سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی،

هاوکات عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، ئاماژی بەوە کرد: هەتاوەکو ئێستا کەسێک دانەنراوە بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی تا لەلایەن پەرلەمانەوە متمانەی پێبدرێت‌و سوێندی یاسایی بخوات».

### ئایا پارتی‌و یەکێتی پەرلەمانی ڕاسپاردووە چاودێری دارایی کار بەو یاسا نوێیە نەکات؟

سەرۆکی پەرلەمان عەدنان موفتی ئاماژە بەوە دەکات پارتی‌و یەکێتی ئەوانی ئاگادار نەکردووەتەوە کە بەچاودێری دارایی بڵێن کار بەو یاسا نوێیە نەکات، وتیشی: تەنیا هۆکار بۆ کارپێنەکردنی ئەو یاسایە یەکنەگرتنەوەی هەردوو چاودێری داراییە، کە دەبوایە سەرۆکێکی بێلایەن بۆ ئەو دیوانە دابنرایە.

شیروان حەیدەریش، دووپاتیدەکاتەوە، هیچ لایەنێک بەوانی نەوتووە کەکار بەو یاسا نوێیە نەکەن، «تەنیا نەبوونی کەسی بەتوانابووە لەدیوانی چاودێری دارایی، تاوەکو دەستەیەکی نوێش دانەنرێت زەحمەتە کار بەو یاسا نوێیە بکرێت».

> **سەرچاوەیەک لەچاودێری دارایی:**
> **لەلایەن پەرلەمانەوە پێیان ڕاگەیاندین کار بەیاسا تازەکە نەکەین لەسەر بڕیاری پارتی‌و یەکێتی**

جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسایی عەونی بەزاز جەختی لەوەکردەوە، بەهیچ شێوەیەک نەچوونەتە دیوانی چاودێری دارایی‌و پێیان بڵێن کار بەو یاسا نوێیە مەکەن، چونکە پەرلەمانی کوردستان کە یاسایەک دەردەکات بۆ جێبەجێکردنە، نەک تەجمیدکردنی.

بەڵام سەرچاوەیەک لەچاودێری دارایی بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لەلایەن سەرۆکی پەرلەمان عەدنان موفتی‌و شیروان حەیدەری سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمان عەونی بەزاز جێگری لیژنەی یاسایی پێیانراگەیاندین: یاسای نوێی چاودێری دارایی کاری پێمەکەن لەسەر بڕیاری سەرکردایەتی پارتی‌و یەکێتی»

ئەو سەرچاوەیە لەدیوانی چاودێری دارایی ئاماژەشی بەوەکرد: هەتاوەکو ئێستا زۆربەی وەزارەتەکان نەچوون لەسەر فەرمانی سەرکردایەتی پارتی‌و یەکێتی. وتیشی، ئیتر چۆن دەتوانین کارابین‌و لێپێچینەوە بکەین لەگەڵ وەزیرو بەرپرساندا، کە پارەی ئەم میللەتە بەهەدەر دەبەن.

هەروەک جەختیشی لەوەکردەوە، ئەگەر ڕێگە بدەن چاودێری دارایی کار بەو یاسا نوێیەی ساڵی ٢٠٠٨ بکات‌و ڕێگەی لێنەگیرێت لەکارکردندا، دەتوانێت لێپرسینەوە بکات‌و نەهێڵێت «پارەی ئەم میللەتە لەلایەن کۆمەڵێک خەڵکەوە بخورێت».

عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، هۆکاری کارپێنەکردنی یاسای نوێی دیوانی چاودێری دارایی بۆ ئەوە گێڕایەوە کە دەبوو هەردوو وەزارەتی دارایی‌و دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی‌و هەولێریش یەکبگرنەوە، واتە یەک دیوانی چاودێری دارایی هەبێت بۆ ئەوەی یەک سەرۆکی دیوانی چاودێری هەبێت‌و بێلایەن بێت، کە ئەمانە جێبەجێکران دەبێت کار بەیاسا نوێکەش بکرێت.

جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسایی لەپەرلەمانی کوردستان بەپێچەوانەی قسەکانی سەرۆکی پەرلەمانەوە دەڵێت: «یاسای نوێی دیوانی چاودێری دارایی، کە لە ٢١/٤/ ٢٠٠٨ لەلایەن پەرلەمانەوە دەرچووە دەبێت کاری پێبکرێت‌و جێبەجێ بکرێت».

عەونی بەزاز بەپێویستی دەزانێت ئەو کەسەی کە هەڵدەبژێردرێت بۆ سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی دەبێت لەلایەن پەرلەمانەوە بێت، بەوپێیەی ئەوەی ئێستا لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دانراوە.

سەرۆکی پەرلەمانیش هاوڕایە لەوەدا کە دەبێت ئەو کەسەی دەکرێتە سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی لەلایەن پەرلەمانەوە متمانەی پێبدرێت‌و سوێندی یاسایی بخوات، چونکە دەبێت دیوانی چاودێری دارایی سەربە پەرلەمان بێت‌و بێلایەن بێت، نەک وەک ئێستاکە سەربە ئەنجومەنی وەزیران بێت.

> **عەدنان موفتی:**
> **هەرکاتێک هەردوو دیوانی چاودێریی یەکیانگرتەوە، ئەوکات کار بەیاسا نوێیەکە دەکرێت**

# لە سێ مانگدا (٢٩٠) توندوتیژیی بەرامبەر بەژنان ئەنجامدراون

**شارا عەبدولڕەحمان**

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرێتی بەدواداچوونی توندوتیژیی دژی ژنان، لە سێ مانگی سەرەتای ئەمساڵدا لەسنووری سلێمانی (٢٩٠) توندوتیژیی بەرامبەر بەژنان ئەنجامدراون.

ئەو توندوتیژیانەی کە بەرامبەر ژنان ئەنجامدراون بریتین لە(خۆکوشتن، خۆسووتاندن، دەرمانخواردکردن، سووتان، خۆخنکاندن، لێدان، هەڕەشە، بەدڕەوشتی، ڕفاندن، هەڵخەڵەتاندن، شەڕکردن، لاقەکردن، کوشتن)، بەپێی ئامارەکە زۆرترینی توندوتیژییەکان لە مانگی ئازاری ئەمساڵدا ئەنجامدراون، کە ڕێژەیان (١٠٤) توندوتیژییە.

توانا عەلی، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرێتی بەدواداچوونی توندوتیژیی دژی ژنان لە سلێمانی، بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: زۆربەی توندوتیژییەکان لەلایەن پیاوانەوە بەرامبەر بەژنان ئەنجامدراون، هاوکات هەندێک لە حاڵەتەکانیش، یان ژنان خۆیان توندوتیژییان بەرامبەر یەکتر ئەنجامداوە، یان بوونەتە هۆکارێک بۆئەوەی پیاوێک توندوتیژیی بەرامبەر ژنێک بکات.

# پارتێکی نوێی کوردی دادەمەزرێت

**نیان مەجید**

پارتی گەشەپێدانی دیموکراتی، کە پێش ساڵێک وەک ڕێکخراو دامەزراوە لە ١٠/ ٥/ ٢٠٠٩دا خۆی وەک پارتێکی سیاسی ڕاگەیاند.

ڕێکخراوی گەشە بەئامادەبوونی گشت ئەندامەکانی لە ڕۆژانی ٩و٢٠٠٩/٥/١٠ یەکەم پلینیۆمی خۆی لەشاری هەولێر بەست، کە تێیدا پارتی گەشەپێدانی دیموکراتی (گەشە)ی ڕاگەیاندو ئەندامانی بۆردی نیشتمانی‌و لێپرسراوو جێگری لێپرسراوی بۆردی نیشتمانی دەستنیشانکران.

سەمەد محەمەد ئەمین، جێگری لێپرسراوی بۆردی نیشتمانی، بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئامانجمان لە دروستکردنی پارتێکی سیاسی چاکسازیی هەمەلایەنەیە لە کۆمەڵگاو دامودەزگا حوکمییەکان‌و پەرلەمانداو نەهێشتنی نەخوێندەواریی‌و هوشیاری کۆمەڵگایە».

سەبارەت بە بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنەکاندا، جێگری لێپرسراوی بۆردی نیشتمانی پارتی گەشەپێدانی دیموکراتی وتی: «تائێستا خۆمان یەکلایی نەکردووەتەوەو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداری ناکەین لەگەڵ هیچ لیستێکدا، بەڵام پشتگیری ئەنجامدانی هەڵبژاردن دەکەین».



# وەزارەتی تەندروستی ڕەتیدەکاتەوە ئەنفلۆنزای بەراز لە عێراق بڵاوبووبێتەوە

**محەمەد ساڵح حەمەلاو**

ناوەندەکانی هەواڵی عێراقی بڵاوبوونەوەی پەتای ئەنفلۆنزای بەراز رادەگەیەنن‌و ئەندامێکی لیژنەی تەندروستی پەرلەمانیش، نکوڵی لەوەدەکات پەناکە گەیشتبێتە عێراق‌و چەند سەرچاوەیەکی هەواڵی عێراق بڵاوبوونەوەی (٥) حاڵەتی پەتای ئەنفلۆنزای بەرازیان لە بەغدا ئاشکراکرد، بەپێی ئەو سەرچاوانە (٤) حاڵەتیان لە ڕێگای گەشتیارانی ئەمریکییەوە بووە، حاڵەتێکی دیکەشیان لە هاوڵاتییەکی بەریتانییەوە بووە کە لە ڕێگای فڕۆکەخانەکانی عێراقەوە هاتووەتە بەغداو دواتر سەردانی نەخۆشخانەکانی ئەو شارەیان کردووە.

د.نەوزاد ساڵح ڕەفعەت، ئەندامی لیژنەی تەندروستی لە پەرلەمانی عێراق، بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەو هەواڵە دوورە لە ڕاستییەوە، وتیشی: «بۆ دڵنیابوون لە ئەگەری بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە پەیوەندی بە وەزارەتی تەندروستی‌و ناوەندی تەندروستی خۆپاراستنی عێراقەوە کردووە، بەڵام لەوەڵامدا ئەوەیان پێڕاگەیاندووە، کە بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە دوورە لە ڕاستییەوە»، د.نەوزاد ئاماژەی بەوەشکرد، تائێستا نە لە فڕۆکەخانەکان‌و نە لە ناوچە سنوورییەکان‌و نە لە سنوورە ئاوییەکانی عێراقەوە، هیچ حاڵەتێکی لەوجۆرە نە کەسانی بیانی‌و نە هاوڵاتییانی عێراقیش تووشی ئەو پەتایە نەبوون.

www.netewe.com

## موحسین ڕەزایی، کاندیدی سەرۆکایەتی ئێران:

# ئێران سیاسەتی ئیفتزازی بەکاردەهێنێت

**ڕۆژنامە ***

**موحسینی ڕەزایی، وەک سیاسییەکی موحافیزکار لە مانگی حوزەیراندا بەرامبەر بە ئەحمەدی نەژاد خۆی بۆ سەرۆک کۆمار کاندید کردووە، لەدیمانەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئاماژە بەئەجێنداو دنیابینیەکانی خۆی دەکات بەرامبەر پرسە سیاسییو ئابورییەکانی ئێران.**

*** تۆ لە تەمەنی (٢٧)ساڵیدا سەرۆکی سوپای پاسداران بوویت، ئایا گەنجی ئێران دوای (٣٠) ساڵ تێپەڕبوون بەسەر شۆڕشی ئێراندا، هێشتا هەستی شۆڕشگێڕییان تێدا ماوە؟**

– شۆڕشگێڕێتی ئەوسا بەکۆمەڵ بوو، بەهۆی (٨) ساڵیش شەڕ لەگەڵ عێراقدا بەهێزتربوو، دوای جەنگیش گەنجان بۆچوونی دیکەیان لا دروستبوو، بۆچوونە کۆنەکانو نوێکان یەکتریان تەواوکرد. لەناوجەرگەی شۆڕشەوە سیستمێکی سیاسی هاتەکایەوەو گەنجانیش ئەو سیستمەیان قبوڵە، ئەگەر وانەبوایە ئەوا لە هەڵبژاردنەکاندا بەشدارییان نەدەکرد، لاوان لەهەمانکاتیشدا ڕەخنە دەگرن، بەڵام گرنگە کە حکومەت پۆزەتیڤ بەرامبەر بەم ڕەخنەو نارەزاییان بوەستێت.

*** ئایا لەسیاسەتی ئێراندا دەسەڵات گۆڕین بۆ نەوەی نوێ جێی هەیە؟**

– دەسەڵات ناتوانێت بۆ هەمیشە لەدەست نەوەیەکدا بمێنێتەوە، ئامانجی من ئەوەیە کە دەسەڵات بدەم بە نەوەی دووەمو سێیەم.

*** لەهەڵبژاردنی (١٢)ی حوزەیراندا، موحافیزو ریفۆرمخوازەکان بەرامبەر بەیەک دەوەستن، تۆ کەسایەتییەکی موحافیزی، دژ بە کێ خۆت هەڵبژاردووە؟ دژ بە نوێنەری ریفۆرمخوازەکان یان دژ بە سەرۆکی موحافیز ئەحمەدی نەژاد؟**

– من خۆم هەڵبژاردووە لەبەرئەوەی ئەو ڕێگایەی کە ئەحمەدی نەژاد گرتوویەتی، بەرەو نەمانمان دەبات، ریفۆرمخوازەکانیش دەیانەوێت بمانگێڕنەوە بۆ ڕۆژانی ڕابردوو، من دەمەوێت ڕێگای سێیەم بۆ وڵاتەکەمان پێشنیازبکەم، کە ناومناوە گەشەکردنی نەتەوەیی، من پلانێکم بۆ دوارۆژ دەستنیشانکردووە بەناوی (ئاسۆی ئێرانی ساڵی ٢٠٢٥).

*** بەتەواوی چی تێدایە؟**

– من دەمەوێت سێ کاری خراپ لەناوبەرم، خراپیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت، سیاسەتی زۆر خراپ لەبواری بەڕێوەبردنی ئابووریدا، هەروەها خراپیی پەیوەندی نێودەوڵەتی. (٣٤٠) ملیار دۆلار کە زۆربەی داهاتی نەوتو گاز بووە لە ساڵی ڕابردوودا، دیارنەماوە، ئەو پارەیە بەهۆی خراپیی بەڕێوەبردنی حکومەتەوە ئیستیسمار نەکراوە، پرۆژە ئاوەدانییەکان تەواونەکراون، بەڵام مەوادی کۆنزوم هێنراوەتە وڵاتەوە کە زۆر پێویست نەبوون، پارەیەکی زۆر بۆ حکومەت سەرفکراوە کە بەرهەمێکی نەبووە.

*** ئایا لەبواری سیاسەتی دەرەوەدا چی خراپ ڕۆشتووە؟**

– سیاسەتی دەرەوەی ئێستای ئێران، سیاسەتی ئیفتزازکردنە، قسەکانی ئەحمەدی نەژاد، سیاسەتی شۆڕشگێڕانەی ئێرانی گۆڕیوە بۆ سیاسەتێکی نادیارو تەماویو یارییەکی نادیارو ترسناک دەکات، وەک ئەوەی کە دەڵێی کە هۆلۆکۆست ڕوونەداوە! یان سیاسەتی دەربارەی فەلەستین، کە سیاسەتی ڕەسمیی جارانی ئێران ئەوە بووە کە فەلەستینییەکان پێویستە خۆیان دەستنیشانی دوارۆژی خۆیان بکەن.

*** ئەمە مانای ئەوەیە کە هاوکاریی ئێران بۆ حەماس هەڵەبووە؟**

– نەخێر، حەماس بەرگریی لە فەلەستین دەکاتو بەرگریش لە ڕوانگەی ئێمەوە، کارێکی ڕەوایە، بەڵام ئەوە مانای ئەوەنییە کە گفتوگۆ ڕەتبکرێتەوە، هەموو گروپەکان، ئیسلامو مەسیحیو جولەکەو فەلەستینی پێویستە لەسەر مێزێک کۆببنەوەو بڕیاری دوارۆژی خۆیان بدەن لەسەر بناغەی مۆڤایەتیو دیموکراتی، ئێمە مافی یەکسانیمان بۆ هەموو دانیشتووانی فەلەستین دەوێت.

*** واتا تۆ پشتگیریی سیاسەتی دوو دەوڵەت دەکەیت؟**

– نەخێر، ئەو سیاسەتە شکستی هێنا، خۆبەستنەوە بەو سیاسەتەوە نامانگەیەنێتە هیچ ئەنجامێک، مانای چییە ئەگە دوو دەوڵەت هەبنو هەمیشە لەجەنگدابن یان هەمیشە لە ناکۆکیدابن؟ باشتر ئەوەیە کە وڵاتێکی فرەنەتەوە هەبێت کە لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە دروستبکرێتو سەرپەرشتیی بکرێت.

*** ئەحمەدی نەژاد دەڵێت کە ئیسرائیل وەک سەرەتان وایەو پێویستە لەسەر نەخشە بسڕێتەوە؟**

– ئەو قسانەی ئەو دژ بە سیاسەتی دەرەوەی ئێرانە.

*** تۆ ئیسرائیلت وەک وڵاتێکی سەهیونی قبوڵە؟**

– بۆچی دەبێت ئێمەی ئێرانی بڵێین سیستمی ئەو وڵاتە چۆن دەبێت؟ ئەوە پێویستە خەڵک لە فەلەستین خۆیان بڕیاربدەن، نەتەوەیەکگرتووەکان پێویستە ڕاپرسییەک لەناو هاوڵاتییە ڕەسەنەکانی فەلەستیندا بکەنو ئێرانیش ئەنجامەکەی قبوڵ دەکات.

*** ئەی ئەگەر ئەنجامەکەی بەدڵی تۆ نەبوو؟**

– با عێراق وەک نموونە بهێنینەوە، ئێمە بوونی ئەمریکییەکانمان قبوڵ نییە لەوێدا، بەڵام ئێمە دەستوورو حکومەتی عێراقمان قبوڵە، هەرچەندە کە دەستوورەکە ئەمریکییەکان نووسیویانە، پەرلەمانو حکومەتیش بەهاوکاریی ئەمریکا هاتوونەتە سەر کار، بەڵام خەڵکی عێراق، دەستوورو پەرلەمانو حکومەتی هەڵبژاردووە، بۆیە ئێمە قبوڵیان دەکەین، لە فەلەستین نەتەوەیەکگرتووەکان دەتوانن بەو کارانە هەستن.

*** ئایا سیاسەتی ئەتۆمیی ئێرانیش ئیفتزازیە؟**

– من پێشنیازی هاوبەش دەکەم بۆ پیتاندنی یۆرانیۆمی ئێرانی لەسەر خاکی ئێران لەنێوان ئێرانو ئەمریکاو ئەورووپاو ڕوسیادا، ئێمە دەتوانین بە هاوبەشیو بە ئاشتی سیاسەتی ئەتۆمیی خۆمان بەڕێوەبەرین.

*** سەرۆکی ئەمریکا، ئۆباما نامەیەکی ئاراستەی ئێران کردووە، تۆ وەک سەرۆک کۆمار چۆنت وەڵام دەدایەوە؟**

– من بڕوام بە گۆڕانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا هەیە، ئەمریکا بەرژەوەندییان لەوەدانییە شەڕ لە هەموو دنیادا بەرپابکەن، کۆمەڵگای ئەمریکیش ئەوەی ناوێت، ئەم سیاسەتەش باشترین زەمینەیە بۆ گفتوگۆ، بۆچوونی ئێمە بەمجۆرەیە، ئەگەر ئەمریکییەکان خۆیان بگۆڕن، ئەوا ئێمەش خۆمان دەگۆڕین، بەڵام نابێت چاوەڕێی ئەمریکییەکان بین کە ئەوان لەپێشدا چیمان بۆ دەکەن، نابێت ڕێگابدەین کە ئۆباماو ئێران تەنیا نیەتی باش نیشانبدەنو کارەکان بوەستێنن، من پلانێک پێشکەش دەکەم کە ئێمە کام هەنگاو پێویستە بینێینو کام هەنگاویش ئەمریکییەکان.

*** وەکو چی بۆ نموونە؟**

– ئێمە دەتوانین بۆ چارەسەری کێشەی ئابووریی جیهانی بەیەکەوە کاربکەین، ئێمە دەمانەوێت بازرگانی بە مادە بێهۆشەکان لەناوبەرین، ئێمە ئەمنو ئاسایشی ناوچەی ناوەڕاستمان دەوێتو سیستمێکی ئاسایش لەو ناوچەیەدا بێتەکایەوە.

*** تۆ یەکێکیت لە دامەزرێنەرانی حیزبوڵڵا، کە تۆ باسی ئاسایش لەو ناوچەیەدا دەکەیت، ئامادەیت کە حیزبوڵڵاو حەماس وەک دەسکەلای سیاسەتی دەرەوە بەکارنەهێنیت؟**

– من هەرکەسە لایەک وەک ئامراز بۆ بەهێزکردنی خۆی بەکاربهێنێت، ڕەتیدەکەمەوە، ئەمە بەنیسبەت ئێمەوە بێت یاخود بەنیسبەت ئەمریکاوە، دوای کۆتایی یەکێتی سۆڤیەت، تەرازووی هێزەکان تێکچووەو بووە بەهۆی ئاڵۆزیی دروستکردن، ئەمە یارییەکی ترسناکە، ئەمریکا هەندێک وڵات لە ناوچەکەدا بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆی بەکاردەهێنێت، ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە ناکۆکی نێوان هەندێک وڵاتی عەرەبیو ئێران بەرەو زیادبوون چوو.

*** ئێران خۆی هەوڵدەدات کە کاریگەریی هەبێت لەناوچەکەدا، بۆ نموونە حیزبوڵڵا لەناو میسردا چالاکیی دەنوێنێت، ئایا ئاسایی نییە کە وڵاتانی عەرەبی دەربارەی سیاسەتی ئێران دوودڵ بن؟**

– ئەو دوودڵییەش هۆی هەیەو منیش هەوڵدەدەم نەیهێڵم، ئێمە دەمانەوێت وەک نموونەی یەکێتی ئەورووپا لەناوچەکەدا کاربکەین، ئێرانو تورکیاو عەرەبی سعودیەو پاکستان ببن بە ناوەرۆکی ئەو هاوپەیمانییە لەگەڵ ئەڵمانیاو فەرەنسادا. ناوەرۆکی ئەم هاوپەیمانییەتییە بریتی دەبێت لەپاراستنی ئاسایشی ناوچەکە، هێزێکی ئاشتیانەی وڵاتانی ئیسلامی دەتوانێت لە ئەفغانستانو عێراق چالاک بێت، وڵاتانی ئەم ناوچەیە هەندێک کارئاسانیی بۆ ئەورووپا دەکەن، پێویست ناکات ئێوەی ئەورووپی هەموو ڕۆژێک کوژراوتان هەبێت لەم ناوچەیەدا.

*** ئیسرائیل هەڕەشە دەکات کە هێرش دەکاتە سەر دەزگای ئەتۆمیی ئێرانی؟**

– ئەگەر من ببم بە سەرۆک، ئیسرائیل هێرش ناکات.

*** بۆچی ئەوەندە دڵنیایت؟**

– لەبەرئەوەی ئیسرائیل من دەناسێت.

*** ئەمە مانای ترساندنیانە؟**

– ئەگەر ئێران پیتاندنی یۆرانیۆم بە هاوکاریی نێودەوڵەتی بەئەنجام بگەیەنێت، ئەوە هیچ بیانوویەک بۆ ئیسرائیل نامێنێت کە هێرش بکاتە سەر ئێران، تۆ بڵێی ئیسرائیل پیتاندنی یۆرانیۆم بەوشێوەیە کە ئێرانو ئەمریکاو ئەورووپاو ڕوسیا بە هاوبەشیی کاری تێدا دەکەن، بۆمبارانی بکات.

*** تۆ وەک شارەزایەکی سەربازیی دەزانیت کە ئێران ئەوەندە بەهێزنییە بەرامبەر بەهێرشێکی سەربازیی ئیسرائیل بوەستێت، ئایا لەکاتێکی وادا ئێوە حیزبوڵڵاو حەماس بەکاردەهێنن؟**

– ئێران لە بارودۆخێکدایە کە بتوانێت بەرامبەر بەهێرشی ئیسرائیل بوەستێت، بەڵام من خۆم باوەڕناکەم کە ئیسرائیل هێرشی لەوجۆرە بکات، من دڵنیانیم کە ئیسرائیل کاری لەوشێوەیە بەبێ ڕەزامەندیی ئۆباما بکات، بەڵام ئەمریکا لەماوەی چوار ساڵی داهاتوودا چرای سەوز بۆ ئیسرائیل بۆ هێرشێکی لەوجۆرە بۆ سەر ئێران هەڵناکات، ئێرانیش هیچ بیانوویەک نادات بەدەست ئیسرائیلەوە بۆ هێرشێکی لەوجۆرە، بۆیە ئێمە خەریکی ئەوەین کە پێناسەیەکی نوێ بۆ سیاسەتی دەرەوەمان دابنێین.

*** ئایا ئەم سیاسەتە بەڕێوە دەچێت ئەگەر ئەحمەدی نەژاد بۆ چوار ساڵی دیکەش هەڵبژێردرێتەوە؟**

– هەتا ئۆباما لەکۆشکی سپی دەسەڵاتی هەبێت، ئەوا زۆر زەحمەتە ئیسرائیل هێرش بکاتە سەر ئێران، ئۆباما سیاسەتێکی نوێی گرتووەتەبەر لەبواری سیاسەتی دەرەوەدا، هەموو کێشەیەک لەناوچەکەدا، پیلانو بەرنامەی ئەو تێکدەدات.

*** نامەی ئۆباما بۆ ئێران زۆر ئاشکراو ڕوون بوو، ئایا وەڵامی خامنەیی لەجێی خۆیدا بوو؟**

– خۆرئاوا بە هەڵە لە ڕوونکردنەوەی خامنەیی تێگەیشتوون، ئەو وتی کە ئێران خۆی دەگۆڕێت ئەگەر ئەمریکا سیاسەتی خۆی بگۆڕێت، ئەمە یەکەمجارە کە قسەی لەوجۆرە لە ئێران بەڕەسمییو بە ئاشکرا بکرێت کە ئێران ئامادەیە سیاسەتی خۆی بگۆڕێت، ئەوە سیاسەتێکی نوێیە.


*** پۆلیسی نێودەوڵەتی (ئینتەرپول) بەشوێن تۆدایە بەتاوانی بەشداریی لە کاری تیرۆردا دژ بە دەزگا جولەکەکان لەئەرجەنتینو هەروەها بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران، چۆن دەتوانیت وەک سەرۆک کۆمار ئەرکە نێودەوڵەتییەکانت بەڕێوەبەریت؟**

– ئەمە درۆیە، ئێران هاتووەتە پێشەوەو بەڵگەی نیشانداوە بۆ بەدرۆخستنەوەی ئەو ئیتهامانەو بەتاڵکردنەوەی ئەو گرتنە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، هەروەها کەسایەتییە دەوڵەتییەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پارێزراونو منیش ساڵی ڕابردوو سەفەری دەرەوەم کردووە.

*** تۆ زۆر هاوڕێی سەرکردەی سەربازیی حیزبوڵڵا، عیماد مغنیە بوویت، کە ناوی لە ریزی یەکەمەکانی لیستی تیرۆریستەکانی ئەمریکادا بوو، ساڵی پار لەناوبرا؟**

– من هاوڕێی زۆرم هەیە، مغنیە خەباتی بۆ ڕزگاریی لوبنان دەکرد، زۆر لەو ئیتهامانەی کە دراونەتە پاڵی ڕاست نین، ئەو لە لوبنان زۆر هاوکاریی کردووە بۆ ڕزگارکردنی ڕفێنراوە ئەمریکیو فەرەنسییەکان، مغنیە کابرایەکی ڕاست بوو، ئیسرائیلییەکان کوشتیان.

***لە ڕۆژنامەی (Der Tagesspiegel)ی ئەڵمانییەوە وەرگیراوە کە لە ٢٠٠٩/٥/١١دا بڵاوکراوەتەوە، کە ڕۆژنامەنووس (مارتین گیلن) لە تاران کردوویەتی.**



**من بڕوام بە گۆڕانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا هەیە، ئەمریکا بەرژەوەندییان لەوەدانییە شەڕ لە هەموو دنیادا بەرپابکەن، کۆمەڵگای ئەمریکیش ئەوەی ناوێت، ئەم سیاسەتەش باشترین زەمینەیە بۆ گفتوگۆ**

## بەڵێن عەبدوڵڵا:

# هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمان گۆڕان دروستدەکات

رێبین فەتاح

**بەڵێن عەبدوڵڵا، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان (باڵی مەکتەبی سیاسیی)و ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمان گۆڕان دروستدەکات، جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە کە پەرلەمان لەخولی دووەمیدا کۆمەڵێک هەنگاوی باشی هەڵگرتووەو زەمینەی خۆشکردووە بۆئەوەی لە خولی داهاتوودا هەنگاوی زۆرباش هەڵبگرێت. باسیش لەوەدەکات کە دەبێت بەیاسا پەیوەندییەکانی هەموو حیزبەکان لەگەڵ حکومەتو وڵاتانی دەرەوە رابگیرێتو نووسینگەی پەیوەندییەکانی حیزبەکانیش لە وڵاتانی دەرەوە دابخرێن.**



## لیستی چەپەکان بەشداریی لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانو پەرلەمانی عێراقیشدا دەکەن

**رۆژنامە: بوونی فرطیستیو ئەو گۆڕانە سیاسیانەش کە لە هەرێمی کوردستاندا روویانداوە وایانکردووە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمان جیاواز لە هەڵبژاردنی پێشوو دەربکەوێت، ئێوە چ چاوەڕوانییەک یان پێشبینییەکتان هەیە بەوەی هەڵبژاردنی داهاتوو گۆڕان دروستبکات؟**

* هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان بەپێشکەوتنی پرۆسەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان دەزانم، وەکو حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستانو هاوپەیمانی نێوان حیزبە چەپو دیموکراتخوازەکان، خۆشحاڵین بەململانێو مونافەسەی نێوان لایەنە سیاسییەکان لە چوارچێوەی ئەو رێنماییانەی لە کۆمسیۆن تایبەت بەهەڵبژاردن دەرکراون. دەبێت بەشێوەیەکی تەندروست پرۆسەکە بەڕێوەببەین، پێویستە بۆ چاودێرەکانی یوئێنو جیهانی بسەلمێنین کە هاوڵاتییانی کوردستانو حیزبە سیاسییەکان لە توانایاندا هەیە پرۆسەی دیموکراسی پیادەبکەن. بۆ بەشی دووەمی پرسیارەکەت بەدڵنیاییەوە لەهەموو پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی دیموکراتیانەدا گۆڕان دروستدەبێت، هەموو قەوارەکان هەوڵدەدەن بە هێزەوە بچنە ناو پەرلەمان، ئەگەر لە چوارچێوەی رێنماییەکانی کۆمسیۆن دەرچوون نەبێتو پابەندێتی بە یاساکان هەبێت، هەر گۆڕانێک کە دێتەپێش، پێشکەوتنە بۆ هەرێمی کوردستان.

**رۆژنامە: لە ئێستاوە گومان لەوەدەکرێت ساختەکاریی لەهەڵبژاردنی داهاتوودا بکرێت، ئەمە لەنێو راگەیاندنەکاندا زۆر جەختی لەسەر دەکرێتەوە، ئێوە پێشبینی بوونی ساختەکاریی دەکەن؟**

* بڕیاردان بەر لە دەستپێکردنی پرۆسەکە، کارێکی باش نییە، بەرژەوەندیی خەڵک لەوەدا نییە دەنگدەران بەهۆی دروستکردنی گومانێکی لەوشێوەیە، لە پرۆسەکە ساردببنەوە، راگەیاندنەکان ئەرکی گرنگیان ئەوەیە کە کار لەسەر هاندانی خەڵک بۆ دەنگدانو بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی هەڵبژاردن بکەن، میدیا حیزبییەکانو ئەهلییەکان لەجیاتی ئەوەی گومانو نائومێدیی بڵاوبکەنەوە، دەبێت هەوڵبدەن خەڵک هۆشیاربکەنەوەو پرۆسەکە بەشێوەیەکی دیموکراسیانە بەڕێوەبچێت. دوای ئەوەی پرۆسەی هەڵبژاردن ئەنجامدرا، ئەوکات میدیاکان دەتوانن لەسەر کەموکورتییەکانو ئەوانەی کە تەجاوزی پرۆسەکە دەکەن، قسەبکەن، بەڵام ئێستا بڵاوکردنەوەی ئەو دەنگۆیە بەرلەوەی هیچ کرابێت، نە کاری قەوارە سیاسییەکانو نە کاری میدیاکانە، لەو روانگەیەوە نامەوێت شتێک بڵێم کە هێشتا کاتی ماوە بۆ وتن.

**رۆژنامە: ئێوە کە خۆتان ئەندامی پەرلەمانی کوردستانن، کۆمەڵێک رەخنە لە پەرلەمان گیرا لەماوەی ئەم خولەیدا، ئەو رەخنانە چۆن هەڵدەسەنگێنن و تێبینی خۆتان لەسەر پەرلەمان چییە، دەبێت پەرلەمان لە خولی داهاتوودا چی بکات؟**

* دوو جۆر رەخنە ئاراستەی پەرلەمان کراوەو دەکرێت، رەخنەیەکیان زۆر لەجێیەو دڵسۆزانەیە، رەخنەیەکە هەستێکی خەمخۆرانەی لەپشتەوە هەیە. رەخنەیەکیشیان بەداخەوە پەرلەمان وەک نەبوو تەماشادەکات، وەک دەزگایەک کە هیچی نەکردووەو هیچ کاریگەریی لەو هەرێمەدا نەبووە، ئەوەیان ناهەقییەکە بەرامبەر بە پەرلەمان، بەتایبەت لەبەرامبەر ئەم خولەدا، من نە باسی ئەوە دەکەم کە پەرلەمان زۆر شتی گرنگی کردووەو نە باسی ئەوەش دەکەم کە پەرلەمان هیچی نەکردووە، پەرلەمان لەم خولەیدا زۆر یاسای باشی دەرکردووە، لەیاسای وەبەرهێنان تا بەیاسای رۆژنامەگەرییو یاسای خانووبەرەو رووبەڕووبوونەوەی تیرۆرو ئەوانی دیکە، هەموویان لە بەرژەوەندیی هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستاندا بوون. بۆئەوەی ئەم ئەرکەی پەرلەمان هەڵبسەنگێنینو رەخنەی لێبگرین، دەبێت نیشانی بدەین ئەو یاسایانەی دەرکراون لەکوێدا لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی خەڵکدا نین، هەموو پرۆتۆکۆڵەکانیش بوونیان هەیە، دەتوانن بەسەریاندا بچنەوەو تێبینی ناو دانیشتنەکانی پەرلەمان بکەن، لەم رووە پەرلەمان هەنگاوی باشی هەڵگرتووە، بەتایبەت ئەگەر بەراوردی بکەین بەخولی یەکەمی پەرلەمان. ئەوەی پەیوەندی بە چاودێریکردنی حکومەتەوە هەبێت، من ناڵێم پەرلەمان لەم ئەرکەیدا زۆر سەرکەوتووبووە، بەڵام لەوێشدا کاری کردووە، رەنگە نەتوانین راپەڕاندنی ئەرکی یاسادانان بەراوردبکەین بە ئەرکی چاودێریکردنی حکومەت، رەنگە لەمەدا رەخنە هەبێتو ئەمەش قسە هەڵدەگرێت کە بۆ نەکراوە، دیارە لەم بوارەدا وەک پێویست کارنەکراوە، بەڵام نابێت هیچ کاتێک ئەوە لەبیربکەین کە لەم خولەی پەرلەماندا هەنگاوی باش نراوە.

**رۆژنامە: ئەو هەنگاوانەی لەم خولەی پەرلەماندا ئێوە ئاماژەی بۆ دەکەن، لەتوانایدا هەیە وەک زەمینەیەک تەماشابکرێت بۆ بەرەوپێشەوەچوونی خولی سێیەمی پەرلەمان؟**

* بەدڵنیاییەوە، زەمینەیەکی باشی دروستکردووە بۆ خولی سێیەمی پەرلەمان، تەنانەت ئەم خولەی پەرلەمان زەمینەشی بۆ ئەوە خۆشکرد کە لەخولی داهاتوودا موعارەزە هەبێت، لەم خولەدا ئەرزیەتی بە موعارەزەبوون لە پەرلەمان خولقێنرا. ئەو رەخنەیەی لە پەرلەمان دەگیرێت کە پەرلەمان زۆر بەدوای کارەکانی حکومەتدا نەڕۆیشتووە، هەر ئەمە زەمینەسازکردنە بۆئەوەی لە خولی داهاتووی پەرلەماندا زیاتر بەدوای کارەکانی حکومەتدا بڕوات، ئەو داننانەی پەرلەمان خۆی دەیکات بەوەی کە رەنگە وەک پێویست نەیتوانیبێت ئەرکەکانی رابپەڕێنێت، ئەمە خۆی گەورەیییەکە بۆ پەرلەمان کە ئەو ئەمانەتە تەسلیمی خولی سێیەم دەکاتو پێیاندەڵێت ئێوە لەدوای ئێمە وەرن ئەرکەکە باشتر بەڕێبکەن، پێموایە دەبێت رەخنە لە خراپییەکانو کەموکورتییەکان بگرین، بەڵام دەبێت دەست بە باشییەکانیشەوە بگرینو بەرەوپێشەوە ئاراستەیان بکەین، نەک ئەوەی هەموو شتەکان رەش بکەینەوە، ناکرێت بڵێین پەرلەمانێکمان وەک پەرلەمانی ئەوروپا هەیەو ناشتوانین بڵێین پەرلەمانێکمان هەیە هیچی نەکردووە، بەوەی تواناکانی خۆی بەکاری نەهێناوە، بەڵام رەنگە ئەوەی کردبێتی لەئاست خواستەکانی منو تۆدا نەبێت.

**رۆژنامە: کەواتە ئەگەر پەرلەمان لەخولی دووەمیدا کۆمەڵێک هەنگاوی هەڵگرتبێت وەک ئەوەی ئێوە ئاماژەی بۆ دەکەن، لەخولی داهاتووی پەرلەماندا چاوەڕواندەکرێت بۆ نموونە شەفافیەتی زیاتر لەبودجەدا هەبێتو پەرلەمان بتوانێت باشتر چاودێریی کارەکانی حکومەت بکات؟**

* بەدڵنیاییەوە، چونکە پەرلەمان لە خولی دووەمیدا توانی هەندێک هەنگاوی باش هەڵگرێت، بانگهێشتکردنی وەزیرەکان بەشێکن لەو هەنگاوانە، ئەمەش زەمینەخۆشکردنە بۆئەوەی خولی داهاتووی پەرلەمان کاری زۆر باشتر دەکات.

**رۆژنامە: سەرۆکی هەرێم ئەوەی خستووەتەڕوو کە خوازیاری ئەوەیە لەلایەن جەماوەرەوە هەڵبژێردرێت، بۆچوونێکیش هەیە لەگەڵ ئەوەدایە لە پەرلەمان سەرۆکی هەرێم دیاری بکرێت، ئێوە لەگەڵ کام بۆچوونەدان؟**

* بەپێی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم دەبێت سەرۆکی هەرێم لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێت، ئەگەر بمانەوێت لە پەرلەمان دیاری بکرێت، دەبێت یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم هەمواربکرێتەوە، چونکە یاساکە دەسەڵاتی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم بە خەڵک داوەو لە پەرلەمان ناکرێت، هەر وڵاتێک شێوازێکی هەیە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم، دەکرێت لەلایەن خەڵک بێتو دەشکرێت لەلایەن پەرلەمانەوە بێت، ناتوانین بە هیچکام لەو شێوازانە بڵێین دیموکراسی نییە، بەڵام ئەگەر بۆچوونی خۆم بڵێم من پێم باشترە سەرۆکی هەرێم لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێت، ئەوەشی دەمێنێتەوە ئەوەیە ئایا ئەگەر سەرۆکی هەرێم لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرا دەسەڵاتەکەی چۆنە، ئەگەر لەلایەن پەرلەمان هەڵبژێردرا دەسەڵاتەکەی چۆن دەبێت، لەسیستمی تێکەڵاودا ئەگەر لەلایەن خەڵکیش سەرۆکی هەرێم دیاری بکرێت، هەر پەرلەمان دەسەڵاتەکەی دیاریدەکات، وەک ئەوەی لەکوردستاندا دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم لەلایەن پەرلەمانەوە دیاریکراوە.

**رۆژنامە: گومانی زۆر لەوەدەکرێت دامەزراوە حکومییەکان فشار لەسەر فەرمانبەرەکان دروستبکەن، بۆئەوەی بە ئاراستەیەکی دیاریکراودا دەنگ بدەن، ئێوە چاوەڕوانی ئەمە دەکەن، ئەگەر ئەمە بکرێت دەبێت چ هەڵوێستێک وەربگیرێت؟**

* هەر فشارێک دروستبکرێت لەدەرەوەی یاساو رێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانە، خەڵک ئازادە لەوەی دەنگ بە کێ دەداتو بە کێی نادات، خەڵک لەوەش ئازادە دەچێتە دەنگدان یان ناچێتە دەنگدانەوە، بەڵام باش نییە لەئێستاوە پێش رووداوەکان بکەوین، لەگەڵ ئەوەدانیم پێش رووداوەکان بکەوین، ئەگەر لەکاتی هەڵبژاردنەکەدا هەر پێشێلکارییەک بکرێت، ئەوکات دەکرێت قسەبکرێت، ئێستا ناتوانین بڕیار لەسەر ئەوە بدەین کە پێشێلکاریی دەکرێت یان ناکرێت.

**رۆژنامە: لەدوایین گوتاری خۆیدا لە پەرلەمان، سەرۆکی هەرێم باسی لەوەکرد کە نابێت حیزبەکان هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ حکومەتەکانی دەرەوە هەبێت، ئێوە چ خوێندنەوەیەکتان بۆ ئەم وتەیە هەیە؟**

* ئاشکرایە کە بەشێک لە حیزبەکان پەیوەندییان بە حکومەتەکانی دەرەوە هەبووە یان هەیەو پێویستیشە ئەم پەیوەندییە نەمێنێت. لەدنیادا نییە حیزبێکی سیاسی بچێت لەگەڵ حکومەتێک یان لەگەڵ وڵاتێک پەیوەندی ببەستێت، بۆی هەیە لەگەڵ حیزبو رێکخراوەکان پەیوەندی هەبێت، بەڵام لەگەڵ حکومەت نا، دەبێت ئەم دیاردەیە لە کوردستان چارەسەر بکرێت، ئەگەر پارتیو یەکێتیش پەیوەندییان هەبێت، نابێت بمێنێت، خۆشبەختانە حیزبی زەحمەتکێشان دوورو نزیک پەیوەندی بە وڵاتانی دیکەوە نییە، جگە لە حیزبو رێکخراوەکان، ئامادەشنین پەیوەندی لەگەڵ هیچ وڵاتێکدا دروستبکەین، چونکە دەزانین مامەڵەی ئەو وڵاتانە لەگەڵ حیزبەکان لەسەر چ بنەمایەک دەکرێت.

**رۆژنامە: کەواتە چ لایەنێک دەسەڵاتی ئەوەی هەیە بڕیاری راگرتنی پەیوەندیی حیزبەکان بە حکومەتانی دەرەوە بدات؟**

* سەرۆکایەتیی هەرێم ئەو دەسەڵاتەی هەیەو پەرلەمان دەتوانێت یاسای بۆ دەربکات، حکومەتیش دەتوانێت جێبەجێی بکات. بەڵام دەبێت پەرلەمان یاسای بۆ دەربکات.

**رۆژنامە: ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە حیزبەکان، نووسینگەی تایبەتیان لە وڵاتانی دەرەوە هەیە بە پارتیو یەکێتی بەتایبەتو ئەوانی دیکەش بەپێی قەوارەی خۆیان، بەم پێیە نابێت ئەو نووسینگانەش دابخرێن؟**

* نووسینگەی پەیوەندییەکانی حیزب لە وڵاتانی دەرەوە، کارێکی ناشەرعییەو تەنیا بۆ حکومەت هەیە نووسینگەی لە وڵاتان هەبێت، حیزب دەتوانێت ئەندامەکانی خۆیان لە دەرەوە کارابکات، بەڵام بنکەو نووسینگەی نابێت هەبێت.

**رۆژنامە: کەواتە بۆ تائێستا پەرلەمان نەیتوانیوە پەیوەندییەکانی حیزبەکان لەگەڵ حکومەتانی دەرەوە رابگرێت؟ بەتایبەت کە ئێستا ژمارەیەک لە حیزبەکان لە رێگای پەیوەندیی تایبەتی خۆیانەوە بە وڵاتانی دەرەوە، کاری رەسمیی دەکەن، بۆ نموونە هەر هاوڵاتییەک دەتوانێت بەنووسراوی حیزبێک سەردانی ئێران بکات؟**

* ئەمە بەشێکە لە کەمتەرخەمییەکانی هەمووومان، پەرلەمانو حکومەتو لایەنەکانی دیکە، دەبێت لەئایندەیەکی زوودا بە یاسایەکی تایبەت چارەسەری بکەین، راستە نووسراوکردن کارێکی رەسمییەو نابێت لە رێگای پەیوەندییەکانی حیزبەکانەوە بکرێت.

**رۆژنامە: ئێستا ئێوە لەگەڵ چەند حیزبێکی دیکە لیستێکی هاوبەشتان پێکهێناوە، پێشبینی دەکەن چەند کورسی لە پەرلەمان بەدەستبهێنن، ئایا ئەو هاوپەیمانێتییە تەنیا بۆ کاتی هەڵبژاردنەکەیە یان بۆ دواتریش درێژدەبێتەوە؟**

* بۆ بەشی یەکەمی پرسیارەکەت، نامەوێت پێش رووداوەکان بکەوم، بەڵام هەموو هەوڵێکی خۆمان دەدەین بۆئەوەی خەڵک رازی بکەین دەنگ بەلیستەکەی ئێمە بدەن. دەبێت شتێک روونبکەمەوە ئێمە سەرکەوتنو دۆڕان لە بەدەستنەهێنانی ژمارەی کورسییەکاندا نابینینەوە، بەڵکو هەر خودی بوونی لیستی جیاوازو فرەلیستی بەسەرکەوتنو هەنگاونانی باش لە رەوتی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا دەزانین، ناسنامەی ئێمەو بنکەی جەماوەریشمان ئاشکرایەو پێشمانوایە تائێستا راستگۆبووین بەرامبەر بە جەماوەرەکەمان.

بۆ بەشی دووەمی پرسیارەکەشت، ئێمە ئەو حیزبانەی ئێستا هاوپەیمانێتیمان لەنێواندا هەیە، لە هەڵبژاردنەکانی رابردوودا بەیەکەوە نەبووین، بەڵکو پەرشو بڵاوبووین، زیانێکی زۆریشمان لێکەوت بەپەرتبوونمان، پێشتریش هەوڵی پێکهێنانی لیستمان داوە، بەڵام سەرکەوتوونەبووین، ئێستا خۆشبەختانە بەیەکەوەینو چانسی بەدەستهێنانی ژمارەیەکی باش لە کورسیشمان هەیە. ئەو حیزبانەی هاوپەیمانیمان پێکهێناوە، لەنێوان خۆماندا پرۆتۆکۆڵێکمان ئامادەکردووە، تێیدا هاتووە کە نوێنەری هەر حیزبێک بگاتە پەرلەمان، نوێنەری حیزبەکەی نییەو نوێنەری بەرنامەی لیستەکە دەبێت، دواتر لە پرۆتۆکۆڵەکەدا ئیمزامان لەسەر ئەوە کردووە کە هاوپەیمانێتییەکەمان بەردەوام دەبێت، بۆ دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانیش کاری جەماوەرییو سیاسیی هاوبەش دەکەینو هەڵوێستی هاوبەشمان دەبێت، بەهەمانشێوە لەهەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانو پەرلەمانی عێراقدا بەلیستێکی هاوبەش دادەبەزین.

# پرسی ژیان، لەجیاتی پرسی سیاسی



چیمەن محەمەد رەشید

**«بایەخدان بەخەمی هاوبەشی رۆژانـــەی هـاوڵاتـیـیان لەجیاتی بـەرزکـردنـەوەی هەندێک دروشمی سیاسی»**

**نەوشیروان مستەفا**

نـــاوەڕۆکـــی ئـــەم وتـــەیـــەی کـاک نەوشیروان لەچاوپێکەوتنێکی لەگەڵ رۆژنامەی هاوڵاتیدا لە ژمارە (٥١٧) لە رۆژی ٢٠٠٩/٤/١٩دا بڵاوکراوەتەوە، هەر تەنیا گوزارشتو زاراوەیەکی نوێ نییە، بەڵکو دیدو تێڕوانینێکی نوێیە لەنێو ئەو خوێندنەوە جۆراوجۆرانەی کە بۆ ئایندەی سیاسیو دوارۆژی ئەزموونی کوردستان دەکرێت، دیارە مۆدێلی سیاسی ئێستای دەسەڵاتدارێتی کوردستان، مۆدیلێکە کە لەژێر کاریگەری کلتووری شۆڕشو چەمکی نیشتمانپەروەریدا هاتووەتە ئاراوەو گەشەی کردووە، کە بۆ کاتو سەردەمو قۆناغێکی دیاریکراو لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتیدا رەنگیداوەتەوە. پرسی رزگاریخوازی یان کلتووری شۆڕش وەک هەر بابەتو رێبازو دیاردەیەکی دیکە لە گۆڕانو ئاڵوگۆڕیداو لە جێگۆڕکێو جێگرتنەوەدایە، بەدەر نییە لەیاساکانی دیالەکتیک کە گۆڕانو پێداویستییە بابەتییەکان چۆن زەرورەتی سـەرهـەڵـدانو دەرکـەوتـنـی دەهێننە ئـاراوە، هەر بەهەمانشێوەش لەکاتو زەمینەیەکی دیکەدا بـەرەو کاڵبوونەوە دەچێتو کاریگەرییەکانی خۆی لەدەست دەدات، لەئەنجامدا ئەلتەرناتیڤی خۆی لەبەرگێکی نوێو بەچۆنایەتییەکی تازە سەنگو قورسایی خۆی وەک چەمکێکی کۆمەڵایەتی خاوەن هێزێکی ماتریالی خۆی بەسەر هاوکێشە سیاسیو ململانێکانەوە دەسەپێنێت، کاریگەری ئەم کلتوورە (پرسی رزگاریخوازی) لەسەر مۆدێلی سیاسی سیستمی بەڕێوەبردندا شتێکی ناوازەو ناسروشتی نییە، بەڵکو پێداویستییەکی بابەتیو مێژوویی قۆناغێکی دیاریکراوە، رەنگدانەوەی سروشتی گەشەکردنی رەوتی شۆڕشو ئاکامەکانییەتی، قۆناغێکە لەنێوان کایەی مانەوەو کایەی پەراوێزخستنو کاڵبوونەوەدایە، ئەم ململانێیەی نێوان پرسی خزمەتگوزارییو کایەی پرسی رزگاریخوازی کە کلتوورێکی باوو زاڵە، کاریگەرییەکانی بەسەر هەموو بوارەکانی کۆمەڵگادا بـڵاوبـووەتـەوەو دەسەڵاتی سیاسی لەپێناو مانەوەو بەرژەوەندییەکانی دەستبەرداری نابێتو لە بێ بایەخبوونو کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی دەیپارێزێت، چونکە پرسی رزگاریخوازیی یان کلتووری شۆڕش، لەگەڵ ئەوەی هۆکاری هێنانەئارای چەندین دیاردەو دەرکەوتی خراپی وەک دانانی کەسە نزیکو لەبەرچاوەکان، بایەخدان بە خزمایەتیو دۆستایەتی، پێدانی زۆرترین پلەوپایەی حکومیو دامـودەزگـاو دامـەزراوەکـان بە پیاوانی شۆڕشو قارەمانەکانی جەنگ، کە پۆستو پلە بەرزەکان لە سیستمی بەڕێوەبردنی وڵاتدا شوێنێکی گەورە داگیردەکات بێ لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیو پسپۆڕی لەبوارەکاندا، کە کەلێنو کەموکورتی زیانبەخشی زۆری لـێـدەکـەوێـتـەوە، لەئەنجامیشدا سـەرجـەم سیستمەکە تووشی شکستو رووبەڕووی تەنگەژەی جۆراوجۆری دەکاتەوە! ئەمە جگە لەوەی ئەم پرسە لەرووی کۆمەڵایەتی، ئینتیمای خەڵک بۆ دەوڵـەتو بۆ سەروەریی یاسا لەبەرامبەر ئینتیمای بۆ ناوچەو خێڵ لاواز دەبێت، خێڵو ناوچە وەک دوو دیاردەی باوو تایبەتمەندییەکانی کلتووری شۆڕش ئامادەیی بەرەوامی دەبێتو کاریگەری سلبی لەسەر پرۆسەی سیاسیو ململانێی سیاسی دادەنێت، لەئاکامیشدا ئاڵۆزییو نارێکی بۆ سیستمو دامـەزراوەیـیو دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردنو دادوەری دەهێنێتە ئاراوەو بەیەکداچوونو ناسیستماتیکیو نارێکی لێدەکەوێتەوە، کە کۆی ئەم دەرئەنجامانە لە خزمەتی بـەرژەوەنـدی گشتیدا نین! بیرکردنەوەو ئاراستەی مۆدێلی سیاسی ئێستا، بیرکردنەوەو مۆدێلێکی سیاسی چەقبەستووە کە گوتارو پرسەکەی جەخت کردنەوەیە لە گوتارو پرسە تەقلیدییەکانی سەردەمی شۆڕش، کە بوار بۆ چەمکو رەهەندی نوێ بۆ ژیانی سیاسی نادات.

> **پرسی ژیان و خزمەتگوزارییەکان، پرسێکە دژی دەسەڵاتی ناوەندی و بەهێزکردنییەتی، لەگەڵ ئەو بۆچوونانەدا نییە کە پێیوایە بەهۆی بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوەندەوە (مەرکەز) یەکێتی و یەکگرتوویی کۆمەڵ لە پەرتەوازەیی و لێکترازان و لێک هەڵوەشاندن دەپارێزێت؟**

پرسی ژیان، پرسی خزمەتگوزارییەکانە کە بیرکردنەوەو رێنسانسێکی نوێو وەرچەرخانێکە لە بیروبۆچوونو تێڕوانی رەهەندی سیاسیانەی کوردستاندا، کە کاک نەوشیروان هێناویەتییە ناو هاوکێشە سیاسییەکان، سەرەتای قۆناغو گۆڕانێکی نوێشە لە ئاراستەی فیکری کۆمەڵگا رووەو دابینکردنی هەرچی زیاتری خزمەتکردنە بە بەرژەوەندییە گشتییەکانی خەڵکو پێدانو بە پێشەنگ دانانە لە ریزبەندی پرسەکان، کە خەمی هاوبەشی خەڵک لە خزمەتگوزارییە هاوبەشە سەرەتاییەکانیان لەخۆدەگرێت، کە ئەمەش هەم سەرەتای مۆدێلێکی سیاسی تازەو هەم خوێندنەوەیەکی نوێیە لە بونیادی عەقڵی سیاسی بە بەراورد بە عەقڵی سیاسی باوو چەقبەستووی ئێستای دەسەڵاتی سیاسی کوردستان، کە بەرگری لە مانەوەو قۆرخکردنی دەسەڵاتو تەنیا پرسە سیاسییە دەبینێتەوە.

پرسی ژیان یا پرسی خزمەتگوزارییەکان پشت بە کلتووری دیموکراتی دەبەستێت، بەپێچەوانەی پرسی سیاسی رووت کە پشت بە کلتووری شـۆڕش دەبەستێت، کلتووری دیموکراتی کە خۆی لە بڕوابوونی لە فرە سەرکردایەتیو گۆڕانی لەسەرخۆو لەهەوڵو تێکۆشانیدا پەنا بۆ شێوازی ئاشتیخوازانەو هێمنانە دەبات، لەگەڵ بە ئاشتیانەی دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی سیاسیدایەو سەرکردەی کاریزمیبوونی نییەو هیچ سەردەمێکیش بەتەنیا بە پیرۆز نازانێت، بەپێچەوانەی کلتووری شۆڕشەوە کە کلتوورێکە بڕوای بە تاک سەرکردایەتیو جەخت لە گۆڕینی ریشەیی دەکاتەوە، پەنا بۆ بەکارهێنانی زەبرو زەنگ دەباتو بڕوای بە سەرکردەی کاریزمیو سەردەمی پیرۆزی خەبات هەیە.

پرسی ژیـانو خزمەتگوزارییەکان، پرسێکە دژی دەسـەڵاتـی نـاوەنـدیو بەهێزکردنییەتی، لەگەڵ ئەو بۆچوونانەدا نییە کە پێیوایە بەهۆی بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوەندەوە (مەرکەز) یەکێتیو یەکگرتوویی کۆمەڵ لە پەرتەوازەییو لێکترازانو لێک هەڵوەشاندن دەپارێزێت؟ چونکە لە دەسەڵاتی مەرکەزیدا کۆمەڵگا بە شوناسە جیاوازو لێک ئاڵۆزەکانی خۆی دەکەوێتە ململانێی ناوەکی لەگەڵ خۆیدا، دەرئەنجامیش سەرلەبەری کۆمەڵ دەبێتە قەوارەیەکی پەرتو لێکترازاو! بەپێچەوانەوە پرسی خزمەتگوزارییەکان پرسێکە کە یەکێتیو یەکگرتوویی بۆ کۆمەڵ دەستەبەر دەکاتو ئینتیمای تاک بۆ وڵاتو بۆ نیشتمان دەگێڕێتەوە، رۆڵو ئەرکی رێکخراوو دامەزراوە مەدەنییەکانی ئەکتیڤ دەکاتو مافو ئەرکەکانی خۆی لە دەسەڵات وەردەگرێتەوە، ناهێڵێت دەوڵەت (دەسەڵاتی سیاسی) لەبری ئەم ئەرکو رۆڵی وازی بکات، کار بۆ بەدامەزراوەییو بەدامودەزگایکردنی هەموو ئۆرگانو جومگە سەرەکییەکانی وڵات دەکاتو لە ئاڵۆزیو تێکرژانو بێ سەروبەری دووری دەخـاتـەوەو ماناو وێنایەکی جوانترو رێکترو رێکخراوتر بە ژیـانو پرۆسەی سیاسیو کارەکان دەبەخشێت، کە لەئاکامدا تاکەکان هەست بە بـوونو کەسایەتی تـەواوی خۆیان دەکـەنو ئەو بڕوایەیان لادروستدەبێت، کە رێز لە کەرامەتو رۆڵو بەشدارییان لەپرۆسەی سیاسیو دەسەڵاتدا لەبەرچاوە، ئەمەش لە بایەخدانو بەگرنگ سەیرکردنی پرسی ژیـانو لەهێنانەدی خەمە هاوبەشەکانی خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێت، کە رایەڵی کاری هاوبەشو تۆڕی گرێدانەوەی بەرژەوەندییە گشتییەکانی گەلو سەرفرازبوونیەتی.

# گەڕان بۆ مافەکانی خەڵک، لەنێوان ناوو گوتارو کرداردا

دیار بەکر

لێکەوتنەوەی دەرئەنجامی نێگەتیڤ لەمومارەسەی ئەزموونێکی ئیدارییو سیاسەتێکی بێ نەخشەو پلانی لەوجۆرەی (دەسەڵاتی کـوردی) لەماوەی ئەو (١٨)ساڵەی بەڕێوەبردنیدا پەیڕەوی لێکردووە، هەتا دێت رۆژ بەڕۆژ تەنگژەو نارەزایی زیاتری لێدەکەوێتەوە، ئەوەش دواجار ئەو دەلاقە گەورەیەمان نیشاندەدات کە لەنێوان دەسـەڵاتو خەڵکی کوردستاندا بوونی هەیە..!

ئەمڕۆ هاوڵاتییانی کوردستان لە بەرامبەر بانگەشەی ئەو هاتوهاوارەی راگەیاندنە جۆراوجۆرەکانی دەسـەڵات دەیکات، بۆ برەودان بە خزمەتگوزارییەکانی کەرتی تایبەتو سەرمایەگوزاری نەوتو گرنگیی باسکردنی ئەو پرۆژە تایبەتیانەی خۆیان بە نایاساییو لەتاریکیدا پشکی (شێر)یان بەردەکەوێت. تێگەیشتنێکی جیاوازتریان هەیە بەرامبەر بەو بێباکییەی کـە تائێستا حـکـومـەتو پەرلەمانی کوردستان هەیانبووە بەرامبەر بەپرسە چارەنوسسازەکانو مافو بەرژەوەندیو خواستەکانی هاوڵاتییان..!

بۆیە بـەدەر لە گۆڕانە شکڵییەکان، نـاوەڕۆکـی ئـەو بانگەشەیەی رۆژانـە بە منەتەوە لەڕاگەیاندنەکانیاندا وێنای مۆدێلێکی نـوێو تاقانەی دیموکراسی بوونی دەسەڵاتی خەڵکی کوردستانی پێدەکات، لەڕاستیدا لەنێوان ناوو گوتارو کرداردا جوداییەکی سەرسوڕهێنەری هەیە لەگەڵ کۆی ئەو بنەمایانەدا، کە لەسیستمی دیموکراسیدا گـوزارشـت لە هەبوونی عەدالەتی کۆمەڵایەتیی مافی هاوڵاتیبوونو رێوشوێنی پەیڕەوی ئازادییەکان دەکات..!

لە پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکاندا ئەم مافو ئازادیانەی هاوڵاتییان باشتر روونکراونەتەوە، کە سەبارەت بە دەوڵەتانی دنیا دەڵێت:

(دەوڵەتانی دنیا لەسەریانە لە رێگای خـۆشـگـوزەرانـکـردنـی گەلەکەیانەوە هاوڵاتییەکانیان ئـاگـاداری هەموو ئەو شتانەبن کە وڵاتەکەیان لەجیاتی ئەوان دەیـکـەنو دەیـڵـێـنو.. هتد.. ئـەوەش تا سەرجەمی گەلو دەستەو دامەزراوەکانی کۆمەڵایەتی بە ئازادیی تەواوەوە بەشداریی بکەن لە تاووتوێکردنی تەواوی راوبۆچوونو ئەو بڕیارانەی تایبەتن بە کاروبارە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیرییەکانەوە.. تا هەموو تاکێک هەست بەوەبکات بەشدارە لەو بڕیارانەدا کە پەیوەندییان بە باری ژیانو گوزەرانیانەوە هەیە..)!

ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە کە حکومەتی دیموکراسی دەبێت رەچاوی پەیوەندییەکانی نێوان خۆیو تاکو هاوڵاتییەکانی بکات..

کەواتە ئەوکاتە حکومەت دەتوانێت بەڕاشکاویی گوزارشت لە دیموکراسیبوونی خۆی بکات، ئەگەر بەکردەوە شەفافیەتی هەبێتو هاوڵاتییەکانی وەک مافێکی خۆیان بەشێوەیەکی ئاسایی ئـاگـاداری کارو چالاکییەکانی سەرۆکو نوێنەرەکانی حیزبو حکومەتەکەی بن، بزانێت دەستکەوتو داهاتو بودجەی حکومەتەکەی چەندە..؟!

> **ئەوکاتە حکومەت دەتوانێت بەڕاشکاویی گوزارشت لە دیموکراسیبوونی خۆی بکات، ئەگەر بەکردەوە شەفافیەتی هەبێتو هاوڵاتییەکانی وەک مافێکی خۆیان بەشێوەیەکی ئاسایی ئاگاداری کارو چالاکییەکانی سەرۆکو نوێنەرەکانی حیزبو حکومەتەکەی بن، بزانێت دەستکەوتو داهاتو بودجەی حکومەتەکەی چەندە..؟!**
> **خەرجییەکان لە بودجەو پرۆژەکان لەکوێو بۆکێو بۆچی خەرج دەکرێن..؟! بەهەمانشێوە حکومەتیش ئاگاداری هەلومەرجی ژیانو خواستو ئارەزووەکانی تاکو کۆمەڵگاکەی خۆی بێت..!**

خەرجییەکان لە بودجەو پرۆژەکان لەکوێو بۆ کێو بۆچی خەرج دەکرێن..؟! بەهەمانشێوە حکومەتیش ئـاگـاداری هەلومەرجی ژیانو خواستو ئارەزووەکانی تاکو کۆمەڵگاکەی خۆی بێت..!

بەمشێوەیە لە حکومەتی دیموکراسیدا، مەرجی وەدەستهێنانی متمانە لەلای هاوڵاتییەکانی لەگرەوی ئامادەییو هەبوونی شەفافیەتی تـەواوەوە دێت، بۆ گوێگرتن لەو رەخنانەی کە لەلایەن هاوڵاتییەکانەوە لـەڕووی ئاگاییو بەپەرۆشییەوە بۆ دەرخستنی هـەڵـەو کەموکورتییەکان لەشێوازی کارکردنی دەزگاو دامـەزراوە حیزبیو حکومییەکان دەگرێت..!

کەچی بەپێچەوانەوە لەکوردستان مەرجی متمانەی هاوڵاتییان لای حیزبو حکومەت پێویستە بە گوێڕایەڵبوون بۆیانو دەستنەبردن بۆ بەرژەوەندییە شەخسیو حیزبییەکان.

بە پێودانگی ئەو روانگەیەی دەسەڵات بەپێی میزاجی بەرژەوەندیی خۆی تێیدا دەستبەکارە، کاریگەری نابەرابەری مافی هاوڵاتیبوونوسوودوەرگرتنی لەدەستکەوتە مادییو مەعنەوییەکانیش، بەهەمانشێوە بەپێی جیاوازییەکانی وابەستەیی هەرکەسێک زۆر یان کەم لەلایەن حیزبو حکومەتەوە سەیردەکرێت، ئیتر رەنگە هەر بەم هۆیەوە بێت زۆربـەی هاوڵاتییان لە پەراوێزی تەماشاکردنی دەسەڵاتدا مەحکومن بە باری سەرنجی نابەرپرسیارێتیو قبوڵنەکردنی هەلومەرجێک لیوانلێوە لە نابەرابەریی..!

هەربۆیە ئەو گوتارە ئاراستەکراوانەی لـەپـەنـاو مەبەستی بانگەشەکانی هەڵبژاردنەوە بۆ پەرۆشیی هاوڵاتییان دەوترێن، لەلایەن خەڵکەوە بەگومانەوە لێمان دەڕوانرێتو خەڵکی نەک هەر باوەڕی پێیان نییە، بەڵکو پێشیانوایە کە پێویستە هەستی زۆر پێچەوانەی لێ بکرێت..!

ئەگەر نا، ماوەی (١٨) ساڵە کوا ئەو پەرلەمانو حکومەتەی لە هەناویدا هەڵگرو نوێنەری راستەقینەی هاوڵاتییەکانی بووە، هەنگاوی ئیرادەی هاوبەشی ئەنجامداوە..!

بۆیە چیتر بۆ خەڵکی بانگەشەکانی هەڵبژاردنو بەهانە هێنانەوەی هەلومەرجی نالەبار، کۆی ئەو (١٨) ساڵ ناعەدالەتییەیان لەبیرناباتەوە کە لەهەموو بوارەکاندا لەگەڵیاندا کراوە..!

بەڵکو هاوڵاتییان ئێستا پێیانوایە هەلومەرجی سەردەمی پێویستبوونی متمانە پێدانیان بە ئەزموونێک.. قۆناغێک بوو کۆتایی پێهات..! ئێستا لەدەستپێکی قۆناغی بیرکردنەوەیەکی جیاوازو تازەتردا دەژین، بۆیە سیفەتی متمانەپێدانەوەی ئەمجارەی خۆیان بۆ حەتمیەتی پرۆسەی گۆڕانێکی نوێ ئامادەکردووە..!

پێشیانوایە بە تێنەگەیشتن لەڕاستییەکان لەداهاتوودا ئەگەری زیانی زۆرو گەورەتر دەکەن..!!



## ئاسۆبینی

سیاسەت وایە...

# کاتێک بەرژەوەندیی شوێنی فیکر دەگرێتەوە، ئەوا دەسەڵات دەبێت بەقۆنتەراتچی


سۆران عەبدولقادر کۆستە

کاری سیاسی‌و حوکمڕانیی وەک ئەرکێک هەمیشە دەبێت هەڵقوڵاوی دونیابینی‌و فیکرو مەعریفەو ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراو بێت، (ئەمەی من دەیڵێم شتێکی نوێ نییە، بەڵکو ئەلف‌و بێی زانستی سیاسەتە). فیکرو دونیابینی دەبێتە داینەمۆیەک بۆ کارکردن‌و بۆ لە مەحەک دانی کردەوەو ڕەفتارە سیاسییەکان، بەدیوێکی دیکەشدا دەبێتە بزوێنەری هێز لە خودی جەستەی سیاسیداو پاشانیش ئاراستەی ئامانجەکانی دەکات. بە هەندێک دەلالەتی واقیعی‌و مەیدانی هێزە باڵادەستەکانی کوردستان، سەرچاوەی شکستێکی گەورەن‌و ناتوانن بزوێنەرو ئەکتەرێکی کاریگەری کایە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابوورییەکان بن بۆ ئەمڕۆی خەڵکەکەی، هۆکاری ئەم شکستەش دەگەڕێتەوە بۆ قەیرانی فیکری‌و ئایدۆلۆژی، کە بەرژەوەندیی تاکەکەسی‌و حیزبیی تەسک شوێنی فیکرو دونیابینی لەلای ئەم هێزانە گرتووەتەوە، بەم پێودانگەش ئەگەر ئەم هێزانە لەسەر حوکم بمێننەوە، ئەوا پرسی کوردو هەرێمی کوردستان بە بەردەوامی بەرەو مەترسی دەبەن، بەواتایەکی دیکە بەتەواوی بەپێچەوانەی ئەو گوتارانەوە دەبێت کە خۆیان پێیانوایە تەنیا ئەوان دەتوانن پارێزەری دەستکەوتەکانی گەل بن.

لە گرنگترین ئـەو دەلالـەتانـە ئـەوەیـە کە ناتوانن بە بەرپرسیارێتییەوەو بە جورئەتەوە بـەرەوڕووی قەیرانەکان ببنەوە، قەیرانی بودجەو داهات‌و کێشەی نەوت‌و بژێویی خەڵک‌و پیشەسازیی‌و کشتوکاڵ‌و گەشتوگوزارو... تاد، کە لە سادەترین تێڕامانی فیکریدا گرنگترین کایە ئابوورییەکانی ئەمڕۆی کوردستان‌و خەڵکەکەیەتی، قەیرانی توندوتیژیی خێزانی‌و لاوازیی سیستمی پەروەردەو تەندروستی‌و خراپی گوزەران لە بەندیخانەکانداو ناعەدالەتی لە بەخشینی کورسییەکانی خوێندنی باڵا.. تاد، هەروەها قەیرانی پەیوەندییە سیاسییەکانی هەرێم لەگەڵ دراوسێکانی عێراق‌و پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ حکومەتی فیدراڵیدا، لە نموونەی ساغنەکردنەوەی مادەی (١٤٠)و تۆپبارانی ئێران بۆ ناوچە سنوورییەکان‌و خەمساردیی حکومەتی هەرێم‌و حکومەتی عێراقی فیدراڵ‌و چەندجارەی هێرشەکانی تورکیا بۆ خاکی کوردستان... تاد. ئەو دەسەڵات‌و کاربەدەستانەی ئەمڕۆ لە حکومەتدا کاردەکەن، هێندە بێدەسەڵات‌و کەمتوانان ناتوانن ئاشکراترین‌و کێشە سەرەکییەکانی ئەم وڵاتە نێودەوڵەتی بکەنەوەو پشتیوانی دەرەکی بۆ پەیدابکەن.

دەسەڵاتی کوردی لەماوەی خولی پەرلەمانی ڕابردوودا، چ لەسەر ئاستی هەرێم، چ لەسەر ئاستی حکومەتی فیدراڵی، یەک مەراق‌و یەک داڵغەی بنەڕەتی هەبووە، ئەویش ئیمزاکردنی گرێبەستەکان بووە لەگەڵ کۆمپانیا تورکی‌و ئێرانی‌و... هتدەکاندا، ئەم دەسەڵاتە کە خۆی لە حیزبە باڵادەستەکاندا دەبینێتەوە، دونیابینی‌و پلانێکی ستراتیژی نییە بۆئەوەی پرسەکانی خەڵکی کوردستان بەکوێ بگەیەنێت، هەروەها پلان‌و نەخشەڕێیەکی نییە خواست‌و پێویستییەکانی خەڵک چۆن دەستەبەر بکات‌و باشتری بکات، لەوانەیە بۆ خۆشیان دانی پێدابنێن‌و بە خەڵکی بڵێن دەکرێت ئەمە بە چاکسازیی‌و پلاندانان‌و کاتێکی زۆر چارەسەربکرێت، بەڵام ئەمە ئاستەمە، چونکە ئەم هێزانە لە بوحران‌و گرفتێکی فیکری‌و ئایدۆلۆژیی قوڵدا دەژین، ڕەوتێک‌و خوێندنەوەیەکی سیاسی‌و فەلسەفی سیاسیان نییە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکانی نێو خودی خۆیان، ئینجا بڕوانە بۆ گرفتەکانی کۆمەڵگا. سەرجەم گوتارو ڕەفتارەکانی ئەم هێزانە لە بەرژەوەندییە تاکەکەسی‌و حیزبییەکانیانەوە سەرچاوەیان گرتووە، ئەمەش وادەکات بەڵێنەکانیان چەند گەورەو جوان بێت، ئاوهاش ئاستەم بێت، بۆ نموونە هەندێک لەو هێزانە خۆی بە سۆسیال دیموکرات دەزانێت‌و هێشتا بەشی هەرەگەورەی بازاڕی نیوەی کوردستان بەدەست ئەوەوەیە، یان کاتێک پرسیاری ئایدۆلۆژیای ئەوی دیکەیان دەکەین، بێئاگایانە دەڵێن «ئێمە ئایدۆلۆژیایەک کۆمان ناکاتەوە»، هەروەها ڕاشکاوانە دەڵێن «ئێمە سوود لەهەموو ئایدۆلۆژیایەک وەردەگرین‌و ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراومان نییە»، من لێرەدا لە خوێنەر دەپرسم ئایا سۆسیال دیموکرات ئاوا بەڕێوەدەچێت؟ یان ئایا فیکرێکی سیاسی لەجۆری دووەمیان دەتوانێت ئایندەی سیاسیی کوردستان بەرەو باشتر بەرێت؟ یان ئەگەر ئایدۆلۆژیایەک پارتێکی گەورە کۆنەکاتەوە، ئەی چی بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە؟

# هەڵبژاردن، ئەگەرێک بۆ گۆڕان یان هەنگاوێک بۆ داخران



ئیسماعیل عوسمان

بڕیاروایە کە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان لەکۆتایی مانگی تەممووزی ئەمساڵدا ئەنجامبدرێت، کە ئەمە بەسێیەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی دادەنرێت لەم هەرێمەدا، بەڵام ئـەوەی کە ئەم هەڵبژاردنە جیادەکاتەوە لە هەڵبژاردنەکانی دیکەی کوردستان ئـەوەیـە، کە پێدەچێت ئەم هەڵبژاردنە ببێتە ململانێی سەرجەم هێزو پارتەکان، ئەو لیستە نوێیانەش کە دێنە ناو ئەم هەڵبژاردنەوە دەبنە جێگای قورسایی زیاتر، چاوەڕواندەکرێت ئەگەرەکانی گۆڕان لەناو ئەو لیستە نوێیانەدا سەرچاوە بگرێت، ئەوەش پێویستی بەهۆشیاری دەنگدەران هەیە بۆئەوەی بتوانرێت ئەو گۆڕانە بەرجەستە بێت، چونکە ئەگەر وانەبێت، ئەوا هاوڵاتییان کوردستان لـەبـەردەم ئـەگـەری داخـرانـی سندوقەکانی هەڵبژاردن‌و نەگۆڕان‌و مانەوەی ئەو سیستمە سیاسییە بەشێوازێکی چەقبەستوویی تا چوار ساڵی دیکە دەمێنێتەوە. لێرەدا چەند ئەگەرێک دەستنیشان دەکەین کە هەریەک لەو ئەگەرانە پێدەچێت ببێتە هەنگاوی چارەنـووس بۆ گۆڕان یان مانەوەی بەم مۆدێل‌و شێوازە خراپەی کە هەیە.

### زهنیەتی تاکی کوردو هەڵبژرادن:

یەکێکە لەو پرسیارانەی کە پێویستە تاکی کـورد لەخۆی بکات لەماوەی ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنانەی کە لە ساڵانی پێشوودا کـراوە ئەوەیە، بۆچی مرۆڤ بـەردەوام لە زهنیەتێکی چـەواشـەکـاریـدا دەژی‌و لە بەڵێنی زەقدا خۆی دەبینێتەوە؟ بڕیارەکانی خۆشی بەو جۆرە بـەڵـێـنـە چـەواشـەکـاریـانـەوە دەبەستێتەوە، ئـەوەش دەبێتە هـۆی ئـەوەی کـە نـەتـوانـێت خاوەنی بڕیارێکی تەندروست‌و چارەنووسساز بێت.

لە ئێستادا زهنیەتی کورد پێویستی بە نەشتەرگەریی هەیە، چونکە ئـەم زهنیەتە تووشی پەتایەک بـووە کە بەدرێژایی مێژوو تاکی کورد باجی داوە، مرۆڤ کە زهنیەتی نەخۆش بوو بەردەوام بڕیاری هەڵەش دەدات، پێویستە ئیدی زهنیەتێکی ئەم تاکانە روون بێت‌و نەبێتە ئەو بازاڕە وێرانەی کە لە کوردستاندا بوونی هەیە، مرۆڤە بازرگانەکان کـاڵاکـانـی خۆیانی تـێـدا ساغ بکەنەوە، بۆیە سیاسییەکانیش پڕوپاگەندەکانی خۆیان لەپێش هەڵبژاردن لەناو ئەو زهنیەتە وێرانەدا ساغ دەکەنەوە، وەک ئەوەی ئێستا دەیبینین، بەردەوام هەوڵی خۆیان لەسەر کارکردنە لەسەر ئەو کۆنەستی وێرانەیە، کە زۆربەی جار ئەگەری زاری بردنەوەی خۆیان هەڵبدەن.

پێویستە تاکی کورد ئەمجۆرە زهنیەتە فڕێبدات‌و بە چاوێکی کریارێک لەناو بازاڕی سیاسەتدا کاربکات، هەر لایـەن‌و پارتێکی سیاسی باشترین پـرۆژەی بۆ میللەت خستە بازاڕەوە، بتوانێت دەنگ بەو لایەنە بدات، ئەگەرچی ئـەو لایەنە خاوەنی هـەر بیرو تێڕوانینێکی جیاواز بێت، گرنگ ئەوەیە لەپێناو بەرژەوەندی باڵای میللەتدا تێدەکۆشێت.

سـەیـری مـێـژوو و سەروەرییەکانی ڕابردوو نەکات، چونکە باسکردنی سەروەریی بۆ هەمیشە کوشتنی ڕۆحی میللەت بووە.

### پارتی‌و یەکێتی لەنێوان هەڵدانی زاری بردنەوەو دۆڕاندندا:

ئـەوەی چەندین سـاڵـە ئەم دوو حیزبە سیاسییەو ئەوەشی ئێستا خەونی پێوە دەبینن ئەوەیە، کە ئەم دوو حیزبە پێیانوایە کە چارەنـووسـی میللەت بەدەست ئەوانەوەیەوە، چونکە ئەوان بوونە خاوەنی سەروەری بۆ ئەم میللەتە، تائێستاش ئەم دوو حیزبە ناتوانن‌و نایانەوێت تەکانێک بەشێوازو سیستمی کـارکـردنـی خـۆیـان بدەن، ئەوەی لە گوتاری ئەم دوو حیزبەدا بەدیدەکرێت، فۆبیایەک دروستبووە کە زەمینەی ئەم دوو حیزبەی تووشی لەرزۆکی کردووە، ئەوەیە کە ئەم میللەتە بیرکرنەوەی لەئاستی کۆیلایەتی دەرچـووە، ئەگەر بەو نەفەسەوە مامەڵەبکەن کە ئێستا هەیانە، پێناچێت بتوانن لـەم هەڵبژاردنەدا چارەنووسی لیستەکەیان باش بێت، ئەگەرچی ئەوان خاوەنی نفوس‌و جەماوەرێکی زۆرن، بەڵام ئەم جەماوەرە تووشی مەلەلی سیاسی بووە، بەردەوامیش لە بۆنەو ئاهەنگەکاندا ئەو حەشاماتە دەخـەنـە بـەرچـاوی کـامـێـرای میدیاکان، بـەڵام ئـەم حەشاماتە چانسی بردنەوە بەم دوو حیزبە بەو شێوازی کە پێشتر هەبووە نادات، چونکە لەناو ئەو جەماوەرەشیاندا دەنگی ناڕەزایی زۆر دروست بووە، ئەوەش بە چارەنووسی باشی ئەوان ناشکێتەوە، ئەم گەمە سیاسییە پێویستی بە یاریزانی لێهاتوو و عەقڵی سیاسی‌و مرۆڤی لێزانی باش هەیە، چونکە بەهەر شێوازێک ئەم حیزبانە پاشەکشێ لەو نفوسەی بکەن، بەشێکە لە دۆڕاندن، لەئێستادا خراپترین ئـەگـەرێـک ئـەم دوو حیزبەی ڕووبـەڕوو بووەتەوە کە لەگەڵ جەماوەردا مامەڵە دەکەن، کە هەژدە ساڵە لەگەڵیان دەژی‌و شادەمارەکانی ژیانی سیاسی ئەم دوو حیزبە دەناسن، بۆیە پێویستە ئەگەری بردنەوەو چانسی یەکلایی کردنەوەی کێشەکان کەمتر بەلای ئەم دوو حیزبەدایە.

### ئیسلامییەکان‌و دوو حیزبە هاوپەیمانەکەیان:

ئیسلامییەکان سـەرەتـای دەرکەوتنیان بە دوو بیرکردنەوەی جیاواز هاتوونەتە ناو گۆڕەپانی سیاسییەوە، ئەگەرچی لەڕابردوودا لـەڕووی پراکتیزەکردنی فیکرو بیرو بۆچوونەوە جیاوازبوون، بەڵام لەئێستادا ئەم هێزە سیاسیانە هاوسۆزو یەکگرتوون بەرامبەر ڕەخنە گرتن لە حکومەت، ئەم بیرکردنەوەش کۆیکردوونەتەوە نەک ئەجێندای سیاسییان، چونکە ئەم بیرکردنەوەیان سەرچاوەی لە دوو قوتابخانەی جیاوازەوە گرتووە، ئەم هێزانە لەسەرەتای دروسـتـبـوونـیـانـەوە وەک ئۆپۆزسیۆنێک دەرکەوتن‌و خەڵکی کوردستان ئومێدێکی زۆریان بەم هێزانە هەبوو، پێیانوابوو کە توانای گۆڕانیان هەیە لەناو جەستەی ئـەم حکومەتە کـە دوو حیزب شەکەتی کـردووە، بەتایبەت باڵی میانڕەوەی ئەم پارتە ئیسلامیانە، بەڵام ئەوەی بینیمان کە ئەم هێزانە نەیانتوانی بەو ڕۆڵە هەستن، بەڵکو بە بەشداریکردنیان لە حکومەت‌و نشوستیان لەبەردەم هەیمەنەی ئەم دوو حیزبەدا هێنا، ئومێدی خەڵکیش بەم حیزبانە ڕەوییەوە، نەک هەر گۆڕانیان نەکرد، بەڵکو بوونە کۆسپ لەبەردەم دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنێکی جدیدا.

لەئێستادا کە ئەم دووحیزبە لاوازیبوونیان بووەتە هۆی ئەوەی کە هاوپەیمانی لەگەڵ دوو پارتی سیاسی دیـکـەدا دروستبکەن، کـە ئـەویـش (زەحمەتکێشان‌و سۆشیالست) ئەگەرچی ئەم دوو حیزبەش مێژوویەکی دوورو درێژیان هەیە لەڕووی خەباتەوە، بەڵام لەڕووی کارکردنەوە ماوەی چەند ساڵێکە تووشی چەقبەستن بـوون، تـوانـای جوڵاندنی ڕای ئەندامەکانی خۆشیان نییە تا دەگاتە سەر گۆڕەپانی سیاسی.

ئومێدکردن لەم چوار حیزبە ئەگەرێکی لاوازە، چونکە ئەوەی کە دەبینن بـەردەوام ئەم حیزبانە لەناو هەردوو گۆڕەپانی یەکێتی‌و پارتیدا ناتوانن وەک کارەکتەرێکی سیاسی باش خۆیان نمایش بکەن، دەنگەکانیشیان بەڕوونی لەناو پەرلەمانی کوردستاندا دەبینرێت کە پەرتەوازەیەوە، ئەوەش وایکردووە کە نەتوانن ئەگەری گۆڕان‌و بڕیارو ڕاسپاردە چارەنووسسازەکانی کوردستان یەکلایی بکەنەوە.

ئـەم لاوازیـیـە نمایشکردنە پێمان دەڵـێـت کە چـوار حیزبە کوردستانییەکە ئەگەری دۆڕاندنیان لەو نفوزە سیاسییەی کە هەیانبووە بەدیدەکرێت، بەتایبەت ئیسلامییەکان ئەو دەنگانەی کە پێشتر هێناویانە، هاوڵاتییان پێیانوابوو کە بەر بەشاڵاوی گەندەڵی‌و نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەگرن، بەڵام ئەوەی لەماوەی ڕابـردوودا بینیمان نەک ئـەوەیـان نـەکـرد، بەڵکو ڕۆحی ئۆپۆزسیۆنیان لەناو گۆڕەپانی سیاسیدا کوشتووە.

### لیستی گۆڕان، خەونی گۆڕین

ئەو دەنگە ناڕەزاییانە کە لێرەو لەوێ، لەناو کوچەو کۆڵان‌و بازاڕو مـاڵ‌و کـۆڕو کۆبوونەوە گشتی‌و تایبەتییەکاندا باسدەکرێت، دیاردەی گەندەڵییە لە هەرێمی کوردستان، دەرکەوتنی لیستی گۆڕان بوونی کارەکتەرێکی سیاسی‌و سەرەکی وەک نـەوشـیـروان مستەفا، کە پێیانوایە ڕۆحێکی نوێی داوەتەوە بە خەڵک کە ئەگەری گۆڕانکاری لەهەڵبژاردنەکانی کوردستاندا دروستدەکات، نەک لەڕووی شێوازو فۆرمەوە، بەڵکو لەڕووی ململانێ‌و کێبڕکێی ناو گۆڕەپانەکە، بەڵام ئەو پرسیارەی کە لێرەدا دروستدەبێت ئەوەیە، کە ئایا ئەم ئومێدەی خەڵکی بەم لیستە چەند دەبێتە واقیع‌و هیواو حەزەکانی خەڵکیش تاچەند دەبوژێتەوە؟

ئەوەی کە بەلای خەڵکەوە ئێستا گرنگە کە کێن ئەو کەسانەی کە دەبنە کاندیدی ئەم لیستە، ئایا ئەو کەسانەن کە پێشتر لەناو یەکێتیدا بوون‌و پۆستی حکومی‌و حیزبیان هەبوو، خاوەنی ئەزموونێکی خراپی حکومڕانییان کردبوو، ئێستا ئەو دەمـوچـاوانـەن، بـەڵام لە فۆرمی لیستێکی نوێدان، کە ئەمە ئەگەرێکی خراپ‌و زەنگێکی مەترسیدارە بۆ ئەم لیستە، چونکە خەڵک چاوەڕوانی ئـەوە لـەم لیستەو ئـەوەش لە ناوەکەیدا بەدیدەکرێت کە دەم‌و چاوی نوێ لەم لیستەدا دەربکەوێت، تا ببنە جێگای متمانەی خەڵک.

تێڕوانینی زۆری خەڵکی ئەوەیە کە کارەکتەری سەرۆکی ئەم لیستەیە کە خودی نەوشیروان مستەفایە، ئەگەر لە مێژووی دوای ڕاپەڕینەوە سەیری ئەم پیاوە بکەن، ئەوا هەمیشە هەوڵی ئەوەی داوە کە وەک دەنگێکی جیاواز دەربکەوێت، بـەڵام زۆرجـــار لـەنـاو گـەمـەو ململانێ سیاسییەکانی حیزبەکەیدا، هـەرچـەنـدە خـاوەنـی نفوزێکی ڕۆشبیرو سیاسی‌و جەماوەری بـووە، بـەڵام وەک کارەکتەرێکی براوە دەرنەکەتووە،

ئەوەش وایکرد کە ئەم پیاوە بێتە درەوەی ئەو حیزبەی کە بەشێک گرنگی مێژووی لەسەر شانی ئەو دروست بووە، وازی لە پلەو پۆستە حکومی‌و حیزبییەکانی هێنا.

ئەوەی گرنکە بەلای خەڵکەوە ئەوەیە، کە ئەم پیاوەو لیستەکەی دەتوانن ببنە ئەو بومەلەرزەیەی کە زەمینی هاوپەیمانی سیاسی کوردستان لـەت بکات؟! ئەمەش دوو ئـەگـەرە: یەکەمیان ئەوەیە، ئەگەر هەڵبژاردنەکان بەپرۆسەی دیموکراسی‌و تەندروستدا بڕوات، ئەگەری بەدەستهێنانی ژمارەیەک لـە کـورسـی بـاش لـەلایـەن ئەم لیستەوە بەدەستبێت، پێموایە لە(١٠) کورسی زیاتر دەبێت، ئەم ڕێژەیەش کاریگەری دەبێت لەسەر کەمکردنەوەی نفوسی سیاسی دوو پارتە سەرەکییەکە، کـار لەسەر ڕێژەیبوون‌و گۆڕانی بڕیارەکانی دەسەڵاتیش دەکات بەتایبەت لەناو پەرلەماندا.

ئـەگـەری دووەم، دۆڕانـدنـی کـۆنـەسـتـی سـیـاسـی کـورد بە بانگەشەکانی هەڵبژاردن‌و نەبوونی سیستمێکی تەندروستی، زەنگێکی خەتەرناکە نەک بۆ لیستی گۆڕان، بەڵکو بۆ سەرجەم پارت‌و لایەنە سیاسییەکانی دیکە، بەتایبەت ئەوانەی کـە تـــازە دەردەکـــــــەون.

ئەگەر ئەم دۆخە بەو شێوەیە بێت، ئەو شەڕە قسەیەی کە ئێستا لەناو میدیا حیزبییەکاندا دەبینرێت، کۆمەڵێک بە خاوەن قەڵەمی حیزبی بوونەتە ڕێگا خۆشکەر بۆ ئەو کارە، ئەوا زەنگی مەرگی دیموکراسیش لە کوردستان لێدەدرێت، چونکە قبوڵی دەنگی جیاوازو دۆڕاندن ناکەن.

لەهەموو دونیادا میدیا لەگەمەی هەڵبژاردنەکاندا بێلایەن خۆی دەنوێنێت، چونکە ئەگەر حیزبێکیش بچووک بێت میدیایەکی تەندروستی هەبێت، گـەورە دەبێت، ئەگەرچی دۆڕاویش بێت، بەڵام میدیای حیزبی ئێمە میدیایەکی ناتەندروستە.

ئەگەری ئەوەی هەیە کە لیستی گۆڕانیش چارەنووسیان باش نەبێت، چونکە کێبڕکێیەکی ناتەندروست‌و نادیموکراسی دەبێت، ئەگەر واشبێت، تەمەنی لیستەکەی‌و ئـەم پیاوە بەشی مانەوەی هەڵبژاردنێکی دیکە ناکات، چونکە لەگەڵ دەرکەوتنندا لەناودەچێت، ئەمەش شەقام بێئومێد دەکات‌و باوەڕی بەدەنگدان نامنێت، ئەوکات هەڵبژاردن دەبێتە هەنگاوێک بۆ داخران.

esmailhuramani@yahoo.com

www.rozhnama.com

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
**بانگەوازی ئاشکرا** R٣ – ٥٠٩

پرۆژە: دروستکردنی شۆستەو ئاوەڕۆو دروستکردنی ڕێگای بەمۆ (دووبارە).
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/١٤ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/٢٠ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/٣١ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی٢٠٠٩/٥/٣١ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٩) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢-ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٥٠٠٠٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**عمر احمد امین**
**پارێزگاری سلێمانی بەوەکالەت**

---

دادگای بەرایی چەمچەماڵ
ژمارە/ ١٦٠/ب/٢٠٠٩
بەروار/٢٠٠٩/٤/٥

**ئاگاداری**

داواکار درویش محمد حمەأمین داوایەکی تۆمارکردووە لە دادگاکەمان لەسەر بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامەی باری شارستانی چەمچەماڵ وێرای کارەکەی بۆ گۆڕینی ناوی خۆی لە درویش بۆ ئالان، بەپێی مادەی (٢١) لە یاسای باری شارستانی بۆیە بڕیاردرا بە بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە جا هەرکەسێک لاری هەیە با پەیوەندی بکات بەم دادگایەوە لە ماوەی (١٠) ڕۆژ پاش بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە، بە پێچەوانەوە ئەم داوایە ئەبینرێت بەپێی یاسا.

**دادوەر**
**صلاح الدين محمد عارف**

---

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەرێتی
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای بەرایی سلێمانی/ ٢
ژمارە: ٢٤٤/ب/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٥/١١

**ئاگاداری**

بڕیار
بۆ داوالێکراوان: هاژە اسۆ محمد امین و هێشو اسۆ محمد امین
ئەم دادگایە بە بڕیاری ژمارە (٢٤٤/ب/٢٠٠٩) لە بەرواری (٢٠٠٩/٤/٣٠) بڕیاری دا بە فرۆشتنی موڵکی ژمارە (٠/٢٢٢ کەرتی سرشقام لەبەر ئەوەی موڵکەکە قابیلی دابەشکردن نەبوو» وە دابەشکردنی پارەکەی بەسەر هاوبەشەکاندا، وە لە ئەستۆ گرتنی ڕەسمی داواو کرێی پارێزەری، وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونتان نادیارە بڕیاردرا بە ئاگادارکردنەوەتان لە دوو ڕۆژنامەی نێوخۆی فەرمی پاش تێپەڕبوونی ماوەی یاسایی پلەی کۆتایی وەردەگرێت و لەو ماوەیەدا مافی خۆتە تانەو تمییزی بەکاربێنیت.

**دادوەر**
**شکر سلطان عدۆ شاهین**

---

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەرێتی
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای بەرایی سلێمانی/ ٢
ژمارە: ٦١٧/ب/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٥/١١

**ئاگاداری**

داواکار/ عبداللە حمەلاو حسین
داوا لەسەر کراو/ دڵشاد عبداللە محمد رحیم
بۆ داوا لەسەر کراو (دڵشاد عبداللە محمد رحیم) داواکار (عبداللە حمەلاو حسین) لەم دادگایە داوایەکی لەسەر تۆمار کردویت بە ژمارە (٦١٧/ب/٢٠٠٩) بە (گێڕانەوەی بڕی پارە) تایبەت بە موڵکی ژمارە ٩٨/٢ م٤ زیرینۆک لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە ئاگادارکردنەوەت لە دوو ڕۆژنامەی نێوخۆی فەرمی (رسمی) بە مەبەستی ئامادەبونت بۆ دادگایی کردن بۆ ڕۆژی (٢٠٠٩/٦/١٠) بە پێچەوانەوە ئامادە نەبیت دادگا بە غیابی داواکە دەبینێ.

**دادوەر**
**شکر سلطان عدۆ شاهین**

---

مجلس القضاء
محكمة بداءة
السليمانية/ ٤
**العدد/ ٣٥١١/ب/٢٠٠٨**
**التاريخ/ ٢٠٠٩/٥/١٣**

**ئاگاداری**

داواکار/ غفار کنادی حسین ـ بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای لۆکال بۆ بەڵێندەرایەتی و خزمەتگوزاری گشتی سەرباری کارەکەی
بۆ داوالەسەرکراو/ خالد سعد احمد سید محمد ـ بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراوی کۆمپانیای خالد ـ سەرباری کارەکەی
داواکار داوای ژمارە/ ٣٥١١/ب/٢٠٠٨ لەم دادگایە لەسەر تۆمار کردوی و تێیدا داوای بڕی (٨) هەشت ملیار دینار دەکات کە کەوتووەتە ئەستۆی کۆمپانیاکانی (میرو مامەو خالد) کە سێ هەم کۆمپانیا تۆ بەڕێوەبەری لێپرسراوی لە ئەنجامی جێبەجێ کردنی گرێبەستی دابین کردنی خۆراک و خزمەتگوزاری بۆ سوپای عێراقی لەناوچەکانی باشوری عێراقە.
لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت دادگا بڕیاری دا بە ئاگادارکردنەوەت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆوە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە دادبینی ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/١٥ کاتژمێر (٩)ی سەر لە بەیانی بە پێچەوانەوە دادگا بە نائامادەبوونت دادگایی ئەنجام دەدات.

**دادوەر**
**سالار رؤوف محمود**

---

دادگای بەرایی سلێمانی/ ٥
ژمارە/ ١٧/ب/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٥/١٢

**ئاگاداری**

داواکار/ زولفان جمال محمد ـ وكيلها الحامي زانا جلال مصطفى
داوا لەسەر کراو/ محمد صباح علی کمال
بۆ داوالەسەر کراو (محمد صباح علی کمال) ئاگادارت دەکەینەوە کە دادگاکەمان لە بەرواری ٢٠٠٩/٥/٣دا بڕیارێکی دەرکردووە بە نائامادەیت دوابەدوای ئەوەی کە لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆی ئاگادارکرابویت وە بڕیارەکەش بە نەمانی هاوبەشییەکانی موڵکی ژمارە (٨٣/٣٥٢ م١.م.ی)یە لەنێوان هەموو هاوبەشەکانی و دابەش کردنی نرخەکەی لە نێوانیاندا وە هەر نارەزاییەک هەبێ لە بڕیارەکە لە ماوەی (١٠) ڕۆژدا لە بەرواری دەرچوونی ئاگادارییەکەوە سەردانی دادگاکەمان بکە وە بە پێچەوانەوە بریکارەکە پلەی کۆتای وەردەگرێت.

**القاضي**
**عبدالله اسماعيل امين**

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
**بانگەوازی ئاشکرا** R٥ – ٢٧٩

پرۆژە: تەواوکردنی هۆڵی بۆنەکان لە ڕانیە (دووبارە).
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/١٤ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/٢٠ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/٣١ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی٢٠٠٩/٥/٣١ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٩) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢-ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٥٠٠٠٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**عمر احمد امین**
**پارێزگاری سلێمانی بەوەکالەت**

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
**بانگەوازی ئاشکرا** R٤ – ٦٤٥

پرۆژە: دروستکردنی قوتابخانەی (٦) پۆلی ئیمامی زامن لە هەڵەبجەی شەهید.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/١٤ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/٢٠ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/٣١ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
*ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی٢٠٠٩/٥/٣١ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٧) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢-ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٩٠٠٠٠٠٠) نۆ ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**عمر احمد امین**
**پارێزگاری سلێمانی بەوەکالەت**

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
**بانگەوازی ئاشکرا** R٥ – ٦٤٦

پرۆژە: دروستکردنی شۆستەو قیرتاوکردنی گەرەکی ئاشتی لە ژاراوە.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/١٤ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/٢٠ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/٣١ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی٢٠٠٩/٥/٣١ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٩) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢-ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٥٠٠٠٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**عمر احمد امین**
**پارێزگاری سلێمانی بەوەکالەت**

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
**بانگەوازی ئاشکرا** R١ – ٦٤٤

پرۆژە: گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ گەڕەکی کانی سپیکە (١٣٠).
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/١٤ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/٢٠ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/٣١ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
*ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی٢٠٠٩/٥/٣١ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٢) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢-ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٩٥٠٠٠٠٠) نەوەدو پێنج ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٤٥٠٠٠٠) چوارسەدو پەنجا هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**عمر احمد امین**
**پارێزگاری سلێمانی بەوەکالەت**

**خاوەنی ئیمتیاز:**
**کۆمپانیای وشە**

**سەرنووسەر:**
**عەدنان عوسمان**
ednan.rozhnama@yahoo.com – adnan@rozhnama.com

بەڕێوەبەری نووسین
**ئاودێر شێخ عومەر**
awder.sh.omer@gmail.com

دەستـــەی نووســـەران
**سیروان ڕەشید** ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
**فازڵ نەجیب** ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
**هیوا جەمال** ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
**فرمان عەبدولڕەحمان** ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
**ئیبراهیم عەلی**
٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ – ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی – بەختیاری – پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

# دیالۆگکردن باشترین چارەسەرە!!

حەکیم محەمەد ڕەشید

هـەژدە سـاڵـێـکـە خـاوەنـی دەسـەڵاتـیـن‌و وەک هەرێمێک مـومـارەسـەی دیـمـوکـراسـی مسـتـەورەدی ئـەوروپـا دەکەین، لەوەشدا بۆ نەگبەتی ئەم میللەتە بەش مەینەتە، وڵات قات بوو لاسایی ئسپانیامان کـردەوە بـە شـەڕی ناوخۆو تابوری پێنج دەستمان پێکرد، هـێـزە دەسـەڵاتـدارەکـان کردبویانە تەسبیحی دەستیان لەم سەر بۆ ئەو سەر دەیانهێناو دەیان برد بۆ ترساندن‌و تۆقاندن‌و دەمکوتکردن‌و لێی گەڕێ ساوایە وەزعەکە، ماوەیەکی زۆریان بردە سەر! لەناو گەرمەی گەمەی فیفتی فیفتی هـەردوو حیزبدا جار جار داش بە داشێک دەکرا، کاتێک بەئاگا هاتنەوە، تەنیا دوو داش ماوەو بە چواردەوری تەختەی دامەدا دێن‌و دەچـن، بیریان لە ڕێکخستنەوەی تیپەکەیان کـردەوە، ئەمەش لە دەرئەنجامی دروستبوونی چەندین ڕۆژنامەو گۆڤارو میدیایەکی ئازادو ئەهلی کە خاڵە لاوازو ناشایستەکانیان دەخـسـتـەڕوو، بـووە هـەوێـنـی یەکگرتنەوەیان کە ئاواتی سەرجەم خەڵکی کوردستان بوو، بەو هیوایەی ئاوەدانکردنەوەو خۆشگوزەرانی‌و نیشتەجێبوونی هاوڵاتییان لە بەرنامەی کاردابێت، ناتوانی بڵێیت هیچ نـەکـراوە، کـراوەو گۆڕانێک لەساڵانی پێشتردا ڕوویداوە، بەڵام هەڵاوسانی ژێرخانی ئابووری تاکەکان‌و کۆمپانیا زەبەلاحەکانی ناو هەرێم، زۆر زیاترە لەتێچوونی کـارە خزمەتگوزارییەکان ئەگەر بـەراوردبـکـرێـت، هـەرئـەوەشـە خاڵی نێگەتیڤی لەهزری خەڵکدا دروستکردووەو کەوتوونەتە ورتە ورت‌و دەڵێن ناعەدالەتی هەیەو (یاسا تەنیا بۆ هەژارانە!)، ئەگەر نا چەندینجار بڕیاردرا لەزگەی ڕەشی جامی ئۆتۆمۆبێلەکان قەدەغەکرا کوا؟! ئۆتۆمۆبێلی بێ ژمارەو بەکارهێنانی ئۆتۆمۆبێلی فەرمانگەکان لەدوای دەوام، هەرچەندە ئێستا تابلۆی دیکە بەکاردەهێنن لـەدوای دەوام لێیدەبەستن بـۆ کـاری تایبەت، ئەمە وردەواڵـەیـە، تەجاوزاتی موڵکی میری‌و بەخشینی زەوی بە گۆرانیبێژو کەسی بیانی باسێکی دیکەی نـاو خەڵکە، با بزانین بە گـۆڕان‌و پرۆسەی ئـەم دەنگدانە نوێیە دێتە چارەسەرکردن، هەموان لـەچـاوەڕوانـی کۆتایی گەمەی دەنـگـدانـدایـن، بـۆ دروستبوونی ئـارامـی‌و بـۆ زیـاتـر پاراستنی بـەرژەوەنـدی نـەتـەوەی کـوردو جارێکی دیکە کورد بەرامبەر کورد میلی کلاشینکۆفەکانیان ڕانەکێشن‌و هەرگیز نەڵێن پێنج بزمار باشترە لە سۆخۆی (دوو مۆدیلی کلاشینکۆفە)، با بڵێن ئەم ڕۆژنامەیە کاراترو ڕاسـتـگـۆتـرە لـەوی دیـکـە، ئەم کەناڵە لە هەموو کەناڵەکانی دیکە بوێرترەو زۆرتر زمانحاڵی خەڵکە، یا ئەم ڕادیۆیە زۆرترین گوێگری هەیە، با هەڵبژاردندا لێگەڕێین خەڵک سەرپشک بێت‌و ئازادانە چی دەوێت بڕیاری لەسەر بدات‌و دوایـی ئەنجامەکەی تەنیا خۆی بەرپرسیارە، ئەگەر هەر لیستێک لەئاستی ئەو بەڵێنانەدا نەبوو، کەس نییە بە هاوڵاتییان بڵێت (تاڵو کرمێ عایدی خۆتە).

hakimmuhamed@yahoo.com

# لاڵەکان قسەدەکەن



نازم سائیغ

دایـکـو بـاوکێک منداڵێکی تەمەن چوار ساڵەیان دەبێت‌و هیچ قسە ناکات، دایـکـو باوکەکەش ترسی ئەوەیان لادروستدەبێت کە کوڕەکەیان لاڵ بێت، چونکە تەمەنی بە چـوار ساڵ گەیوەو هێشتا بە زمـان نەهاتووە، جا دەکەونە کار، هیچ شێخ‌و مەلاو دکتۆر نایەڵن بۆ چوونە لایان، بگرە هیچ نوشتەو جـادوش نامێنێت، هـەر پـارەو پولێکیان دەبـێـت بـۆ چـارەسـەرکـردنـی کوڕەکەیان خەرج دەکەن، جا پاش ئەم هەموو هەوڵانە شوکر بۆ خوا کـوڕە هاتە زمـان، بـەڵام چۆن هاتنە زمانێک، هەر لەگەڵ زمانی کرایەوە دەستیکرد بەجنێودان‌و کـوفـرکـردن، دایـکـو باوکەکە حەپەسان کە گوێیان لەجنێوو کوفری کوڕەکەیان بوو، واقیان وڕمـا، بە یەکتریان وت، ئەگەر ئـاوا بـڕوات، ئـەوا کوڕەکەمان شەرمەزاری دونیاو قیامەتمان دەکات‌و زیانیشی بۆ دراوسێ‌و خەڵکی دیکەش دەبێت، بڕیاریاندا کە ئەو بڕە پارەیەی ماوەتەوە بەهەمانشێوە خەرجی بکەن، بەڵام ئەمجارەیان بۆ دەم چەفتکردنی کوڕەکەیان، واتە گێڕانەوەی بۆ دۆخی جاران.

لەماوەی چوار ساڵی ڕابردوو، چـوار کـەس بەناوی تورکمان لە پەرلەمانی کوردی دامەزران بەشێوەی فیفتی فیفتی لەلایەن هەردوو حیزبە سەرەکییەکە، واتە یەکێتی‌و پارتی، بۆ ئەم ماوەیە هیچ نەدوان‌و هیچ پرۆژەکیشیان بۆهەر جۆرە ماف‌و پێویستیی نەتەوەکەی خۆیان (تورکمان) پێشکەش نەکرد، هەر سەریان هـەژانـدو مـووچـەی خـۆیـان وەرگـرت، بەڵام کە ئەم خولەی پەرلەمان بەرەو کۆتایی دەچێت، یەکێکیان دواو هاتە زمان، ئێمەش وتمان دەی بەخوا دیـارە خوا غەزەبی خۆی لەسەر لابردین، بـەڵام بەداخەوە ئەم برایەمان ئێمەی شۆک کرد، خۆزگەم بە خۆزگە هەروەک خۆی بمابایەوە، چونکە هەم قازانجی ئێمەش‌و هەم هی خۆشی بوو.

وادیارە ئەم برا گەورەمان کە لەژێر گومەزی پەرلەمان بۆ ئەم ماوە دوورو درێژە نەدواو نەهاتە زمان، بەڵام کە دواو بەمشێوەیە دوا، بەڕاستی ئەمەیان کارەساتە، چونکە ئەم برایە خەباتی ئەم چەند ساڵەی‌و پرۆژە جۆراوجۆرەکانی هـەمـوو خـواسـتـەکـانـی گەلی تورکمان لـەم دوو ڕستەیەدا درکاندی، من پێموایە ئەم برایەمان هیچ لەم فیلمە تێنەگەیوە، وابزانم پێویستی بە چوار ساڵی دیکە هەیە تا بزانێت کە ئەندام پەرلەمانە.

بەڕاستی بـرای پەرلەمانتار تەنیا خەمە هـەرە گەورەکەی ئەوەبوو کەوا خولەکەی تەواو دەبێت‌و خانەنشین دەبێت‌و چەند کەسانێکی دیکە شوێنی ئەو دەگرنەوە.

لێرەدا دەمەوێت دۆسیەی ئەم برایەم‌و ئەوانی دیکە دابخەم‌و دۆسیەیەکی دیکە بۆ برا نوێکانم بکەمەوە، بەر لەکردنەوەی ئەم دۆسیەیە، دەمەوێت خزمەتێکیان بکەم لەمیانەی ئەم ئامۆژگارییە:

برایانم بەڕاستی ئێوە لای من زۆر بەڕێزن‌و ئومێدەوارم هـەر بەباشی باستان بکەم‌و شەرمەزاری کەسیش نەبن، بەڵام ئەگەر هەر بەمجۆرە وەکالەتی ئەم میللەتە دەکەن، بەخوا قسەمەکەن هـەروەک کـوڕە تەمەن چوار ساڵەکەو خۆتانیش شەرمەزار مـەکـەن، تەنیا مووچەکانتان وەرگـرن‌و سەرتان بهەژێنن، ئێمەش هەر سەیرتان دەکەین، بەڵکو چەپڵەشتان بۆ دەکوتین، بەڵام دەبێت حسابێکیش بۆ مێژوو بکەن‌و بیر لەوەش بکەنەوە کە مێژوو هیچ شتێک لەیادناکات‌و هەموو کارێکی چاک‌و خراپیش لەلاپەڕەکانی خۆی دەنووسێت، وەک شـاهـیـدێـک بـۆ گشت نەوەکانی ئێستامان‌و نەوەکانی داهاتوومان.

# ئایا بەڕاستی گۆڕان لە کوردستاندا ڕوودەدات؟

سابیر پیرۆت

تائێستاش گـۆڕان لەسیستمە تاکڕەوو دیکتاتۆرییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا شتێکی مەحاڵە، بەڵام ئایا هەمان شت دروستە سەبارەت بە کوردستان؟ ئەمەپرسیارێکەو مەبەست لەم بابەتەدا بەدوای وەڵامدا دەگەڕێین.

وەک ڕاستییەکی چەسپاو، گۆڕان لەهەر دەسەڵاتێکدا کاتێک ڕوودەدات کە سێ زەمینەسازیی لەئارادابن:

یەکەم: گۆڕان پێویست بێت.

دووەم: دەرفـەتـی گـۆڕان لەباربێت.

سێیەم: هێزێکی گۆڕانخوازی کاریگەر لەمەیداندا بێت.

ئەگەر سەیری وڵاتانی خۆرئاوا بکەین، دەبینین هەمیشە دەرفەتی گۆڕان هەیە لەسیستمی حوکمڕانیدا، هێزی گۆڕانخوازیش ئامادەیە، بەڵام مەرج نییە هەمیشە گۆڕان پێویستبێت، بۆ نموونە جۆرج دەبلیو بوش بۆ دووەم جار وەک سەرۆکی ئەمریکا هـەڵـبـژێـردرا، چونکە هەرچەندە دەرفەتی گۆڕان لەباربوو، دەشتوانین بڵێین دیـمـوکـراتـەکـان بـەدوای گۆڕانکارییەوەبوون، بەڵام بەلای زۆرینەی دەنگدەرانی ئەمریکییەوە پێویستی گـۆڕان لـەئـارادا نەبوو، بەڵام بۆ خولی دواتر کەئۆباما هات، هەم دەرفەتی گـۆڕان هەبوو، هەم هێزێکی گۆڕانخوازی کاریگەرو هەم پێویستیی گۆڕان لەئارادا بوو، هەمان لێکدانەوە دروستە سەبارەت بە پارتی کرێکاری بەریتانیا کە لەوکاتەوە تائێستا دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە، ئێستا دەرفەتی گۆڕان هەبووە، هێزی گۆڕانخواز هەبووە، بەڵام زەرورەتی گۆڕان لەئارادا نەبووە، بەڵام پێدەچێت گۆردن براون‌و پارتەکەی لەئێستادا جێی متمانەی زۆرینەی هاوڵاتییانی بەریتانی نەبن، بۆیە پێشبینی دەکرێت لەهەڵبژاردنی داهاتوودا دەرفەتی گـۆڕان وەک هەمیشە لەباربێت، هاوکات هێزی گۆڕانخوازو پێویستی گۆڕانیش هەبن، دەرئەنجام پارتی کۆنزێرڤەتیڤ بچێتەسەر حوکم.

ئێستا پرسیار ئەوەیە ئایا لە کـوردسـتـانـدا دەرفـەتـی گـۆڕان‌و پێویستی گۆڕان‌و هێزی گۆڕانخواز لەئارادان؟

بـەچـاوخـشـانـدنـەوە بەساڵی حوکمڕانی دەسەڵاتی کوردیدا، ڕاستتر بڵێین دەسەڵاتی یەکێتیی نیشتمانیی کـوردسـتـان‌و پـارتـی دیموکراتی کوردستان، هەموو تاکێکی کۆمەڵگای کوردی دەگاتە ئەو حەقیقەتەی کە ئەم دەسەڵاتە ناسەرکەوتوو بووە لە ئەدای حوکمڕانیداو لەجێبەجێکردنی بـەڵـێـنـەکـانـیـداو لەبونیادنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی‌و سیستمێکی دادگـەرو شـەفـافـدا، تـەنـانـەت لەفەراهەمکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی هاوڵاتییاندا کە ناکرێت لەسەدەی (٢١)دا مرۆڤ لێی بێبەش بێت، تائێستاش ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ‌و لەسەروو هەمووشیانەوە ڕێکخراوی لێبووردنی جیهانی، ڕاپـۆرتـی پێشێلکردنی مەفەکانی مرۆڤی کورد بەدەستی دەسەڵاتی کوردی بڵاودەکەنەوە! دوای (١٨) ساڵ لە دەسەڵاتی خۆمان، تائێستاش لەسەر بناغەی بیروڕای سیاسیی جیاوازو مەیلی حیزبایەتیی، کۆمەڵگا دابەشکراوەو دامەزراندن‌و هەلی کار دەچێت بەڕێوە، تائێستاش ئازادیی ڕۆژنـامـەگـەریـی‌و ڕادەربـڕیـن‌و دەربـڕیـنـی بـیـروڕای سیاسیی جیاواز بەشێوازێک لەشێوازەکان لەمەترسیدان، کۆمەڵگا لەسەر شێوازی سیستمی فیودالی ئاغا-جوتیار دابەشکراوە بۆ دوو چینی زۆر جیاواز: لەلایەک چینی بەرپرسانی دەوڵەمەند کە دەستیانگرتووە بەسەر دەسـەڵات‌و سەرچاوەکانی داهاتی وڵات‌و یاساو کارگێڕیدا، لەلایەکی دیکەوە چینی هاوڵاتییانی هەژارو کەمدەرامەت کە لەململانێدان لەپێناو قوتی ڕۆژانەیاندا.

هەموو ئەمانەی سەرەوەو زیاد لەمانەش دەیسەلـمێنن کە گۆڕانکاریی لەسیستمی ئەم دۆخەی کوردستاندا زەرورەتێکی واقیعی‌و هەنووکەییە، بەڵام ئایا دەرفەتی گۆڕان لەئارادایە؟ لەڕاستیدا گـۆڕان لەبارودۆخێکدا دێتەئاراوە کە سندوقەکانی دەنگدان، نـاوەنـدو مەیدانی ململانێکان بن لـەبـارودۆخـێـکـی دیموکراسیی ڕاستەقینەدا، نەک دیموکراسییەکی ساختە، بەداخەوە هەرچەندە حاڵی دیموکراسی لەکوردستان باشترە لەزۆرێک لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی نـاوەڕاسـت (وڵاتـانـی عـەرەبـی بە نموونە)، بەڵام هێشتا دیموکراسی بەمانا ڕاستەقینەکەی بوونی نییە، ئەزموونی چەند ساڵی ڕابردوو هەمان لێکدانەوەمان دەداتـێ، هەرکاتێک دەرفـەتـی گـۆڕان نزیکبووەتەوە، دەسـەڵات پـەنـای بـردووەتـەبـەر تـەهـدیـدو هـەڕەشـەی نانبڕین‌و بەکارهێنانی زمانی چەک‌و کوشتن. لەهەڵبژاردنی ڕابردوودا لەچەندین شوێن بارەگاکانی هێزی گۆڕانکار کەوتوونەتە بـەر هێرشی چەک‌و ئاگرو ئاسن، لەم هەڵبژاردنەشدا هیچ گرەنتییەک نییە کەبارەگاکانی هێزی گۆڕانکار سەلامەت دەبن، ئەگەر بێت‌و لەم هەڵبژاردنە چاوەڕوانکراوەدا هێزی گۆڕانخواز لەسەلامەتیدابێت، ئەوا بێگومان گـۆڕان دێتەئاراوە، ئەمەش بەو مانایەی کەهاوڵاتییان ئازادبن لەوەی دەنگ بە کێ دەدەن‌و سندوقەکانی دەنگدانیش لە فرت‌و فێڵ پارێزراوبن‌و هەموو لایەک قبوڵی دەرئەنجامی دەنگەکان بکەن.

دواجـار دەشـێـت بپرسین ئایا هێزێکی گۆڕانخوازی کاریگەر بوونی هەیە لەساحەکەدا؟

دەشـێـت زووبـێـت بۆ وەڵامـی پرسیارێکی لەوچەشنە، بەڵام زەمەن‌و هەڵبژاردن وەڵامـمـان دەدەنـەوە، لەئێستادا گرنگ ئەوەیە بزانین کە تەنیا هێزێک دەتوانێت خۆی بە گۆڕانخواز ناوببات کە خاوەن ئیرادەی گۆڕان بێت، شارەزای ئەزموونی چەند ساڵی ڕابردووی دەسەڵاتی خۆماڵی بێت‌و وانـەی لەهەڵەو کەموکوڕییەکانی وەرگرتبێت، لەسەروو ئەمانەشەوە دەنگی لەگەڵ دەنگی هاوڵاتییان‌و داکۆکیکەری مافە مرۆڤی‌و هاوڵاتی‌و مەدەنییەکانی بێت‌و خەمی هاوڵاتییان بەخەمی خـۆی بزانێت، هەڵگری دروشـمـی چاکسازیی سیستمی ئیداریی‌و حوکمڕانی‌و ئابووری بێت‌و ڕاستگۆش بێت لەو دروشمانەدا. بەئومێدی کـرانـەوەی دەروازەی گۆڕانکارییەکی ئیجابی لەبەردەم هاوڵاتییانی کورددا‌و کۆتاییهاتن بە نەهامەتییەکانیان.

**بەچاوخشاندنەوە بەساڵی حوکمڕانی دەسەڵاتی کوردیدا، ڕاستتر بڵێین دەسەڵاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان‌و پارتی دیموکراتی کوردستان، هەموو تاکێکی کۆمەڵگای کوردی دەگاتە ئەو حەقیقەتەی کە ئەم دەسەڵاتە ناسەرکەوتوو بووە لە ئەدای حوکمڕانیداو لەجێبەجێکردنی بەڵێنەکانیداو لەبونیادنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی‌و سیستمێکی دادگەرو شەفافدا، تەنانەت لەفەراهەمکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی هاوڵاتییاندا**









گوندی ئەڵمانی دوو
nalia co.

پاکترین ژینگە لەبەرزترین جێگا
قەشەنگترین شوێنی نیشتەجێ بوون

پاش ئەنجامدانی پرۆژەی گوندی ئەڵمانیو پرۆژەی کوردسیتی، کۆمپانیای نالیا مژدە دەدات کە پرۆژەی گوندی ئەڵمانی دوو دەستی پێکرد.

ئێستا بەدڵی خۆت باشترین جێگەو روو لەپرۆژەی گوندی ئەڵمانی دوو هەڵبژێرە تا دوارۆژ وەک گوندی ئەڵمانی یەک لەدەستی دووی نەکریتەوە.

شوقەی 145م² بەقیستی پێنج ساڵو بە $80000
شوقەی 220م² بەقیستی پێنج ساڵو بە $120000

بەبێ ئەوەی هیچ زیادەیەکیان بچێتە سەر

ئەم پرۆژەیە لە 320 شوقەو 104 ڤێلا پێکهاتووە.

لەڤێلاکانی پرۆژەی گوندی ئەڵمانی دوودا مەلەوانگەو ساوناو شوێنی بلیاردو شوێنی وەرزشو باخچەی گەورەی تێدایە.

ڤێلاکان لە سێ نهۆم پێک دێن، بەم رووبەرانە:
1410م² 750م² 550م² 360م²

ناونیشان:
تەنیشت گوندی ئەڵمانی یەک - بەرامبەر گمرگی توی مەلیک

بۆ پەیوەندی:
لەئۆرەنجەوە: 5700 لەمۆبایلەوە: 0535700
07701574880 - 07501574880
www.naliagroup.com

د. ئامینە عادل عەبدولمەهدی بۆ «پرد»:

# باشترە ئابووریی عێراق پشت بە نەوت نەبەستێت

ل ٣

PIRD پرد
ڕۆژنامە
٨ لاپەڕە
وەرگێڕان ـ دیمانەو لێکۆڵینەوەی سیاسی

ژمـاره (468) پێنجشەممە 2009/5/14

# پۆڵ بریمەر بۆ «هەڵە گەورەکە»ی کورد تۆمەتبار دەکات

ل ٤، ٥، ٦ و ٧



## کوردستان بەرەوکوێ؟



ل٢

## وەڵامی تاڵەبانی بۆ بریمەر



ئا: فەلاح نەجم

دوای ئەوەی پۆڵ بریمەر حاکمی مەدەنی عێراق، لەلێدوانێکیدا ڕاگەیاند، پاش ئازادکردنی عێراق ساڵی ٢٠٠٣ کوردەکان هەڕەشەی ئەوەیانکردووە، ئەگەر سوپای ئەو کاتەی عێراق هەڵنەوەشێتەوە، ئەوا جیابوونەوەی خۆمان لە عێراق ڕادەگەیەنین، سەرکردایەتی کوردیش ئەم لێدانەی بەناڕاست لەقەڵەمدا .

بەبڕیاری (جۆرج بوش) سەرۆکی ئەوکاتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پۆڵ بریمەر وەک حاکمی مەدەنی عێراق دانـرا لە ٣١ مانگی مەی بۆ سەرەتای مانگی جونی ٢٠٠٤، لەماوەی ئەو ساڵەدا چەند گۆڕانکارییەکی لەسیستمی حوکمڕانی عێراقداکرد بەتایبەت (هـەڵـوەشـانـدنـەوەی سـوپـای عـێـراق، لە ریشەهەڵکێشانی بەعس...) کە کارەکانی لە عێراق لەماوەی ئەو ساڵەدا کاریگەری تەواوی لە سەرسیستمی حوکمڕانی جێهێشت.

وەڵامدانەوەی بریمەر،لەلایەن سەرکردایەتی کوردەوە دوای بڵاوبوونەوەی چاوپێکەوتنێکی هات لە ڕۆژنامەی (شرق الاوسط)، کە بەوردیی باسی بنیادنانەوەی سوپای عێراقی کردووە، لە بەشێکی چاوپێکەوتنەکەیدا ڕایگەیاندووە «کـورد هەڕەشەی جیابونەوەی لە عێراق کردوە ئەگەر سوپای عێراق هەڵنەوەشێتەوە».

جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق لەلیدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی (شرق الاوسط) بەتوندی وەڵامی بریمەری داوەتەوەو دەڵێت «کاتێک منو مەسعود بارزانی چوینە لای بریمەر دوو هەفتەبوو هاتبووە عێراق، ئەو دوو ڕۆژ پاش هاتنی بۆ عێراق بەهۆی ئاڵۆزیی بارودۆخی ئەمنییەوە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی سوپای عێراقی دابوو».

بەپێی وتەکانی بریمەر لەسەردەمی بەعسدا سوپای عێراق نارێکو بێ نیزام بووە، بە جۆرێک سوپای ئەمریکا بەو گەورەییەی خۆی (٣٠٧)ژەنەراڵی هەیە، بەڵام ساڵی ٢٠٠٣ کاتێک ئەمریکا حکومەتی عێراقی رووخاند (١٢)هەزار ژەنراڵو پلەداری هەبووە، بۆیە بۆ دووبارە بونیادنانەوەی سوپا پێویست بوو هەر هەڵبووەشێتەوە .

هـەروەهـا تاڵەبانی سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەولێدوانەیدا دەڵێت «ئێمە ئاگامان لەبڕیاری هەڵوەشاندنەوەی سوپای عێراق نەبوو، لەگەڵ ئەو بڕیارەشدا نەبوین، پێمان باشبووە کە بە هەزاران ئەفسەرو پلەدار لە ناو سوپادا بمێننەوە، ئەوە بڕیاری خودی بریمەر بووە کە بەعەقڵیەتێکی شکستخواردوو ئەو بڕیارەی داوە، چونکە ئەوکاتە عێراق لەوپەڕی پشێویدا بووە.

## د. ئامینه عادل عەبدولمەهدی بۆ پرد:



# بە کەمبوونەوەی وەبەرهێن عێراق لە قەیرانی دارایی زەرەرمەند دەبێت

**دکتۆر ئامینه عادل عەبدولمەهدی دکتۆرا لە بواری ئابووری لە زانکۆی سۆربۆن لە فەرەنسا، لە چاوپێکەوتنێک تایبەت لەگەڵ (پرد) باسی لەم قەیرانە ئابورییەی ئێستای جیهانو سیاسەتی حکومەتی عێراق بۆ رووبەڕبوونەوەی قەیرانەکە دەکات**

**سازدانی:**
**هێمن لهۆنی**
**شالاو فەتاح**

*** هۆکارە سەرەکییەکانی قەیرانی ئابووریی جیهانیی چین؟**

– قەیرانەکە لە بازاڕی داراییەوە (السوق المالیة) سەریهەڵدا، بۆیە ئەگەر بمانەوێت لەم قەیرانە تێبگەین، دەبێت بزانین بازاڕی دارایی چییەو چۆن کاردەکات، دوو ئەکتەری سەرەکی هەن کە هۆکارن بۆ روودانی ئەم قەیرانە، یەکەم ئەو بانکانەی کە ریسکی زۆر گەورە دەکەن، بەڵام کاریگەریی ریسککردنی گەورە چییە، کاتێک بانکەکان ریسکی گەورە بۆ نموونە وەک قەرزدانی زۆر بەوانەی دەستهاتیان کەمەو دەیانەوێت خانوو بکڕن، بەمشێوەیەش داوا لەسەر خانوو بەرزدەبێتەوەو نرخیشی بە هەمانشێوە، بۆ جێگرتنەوەی ئەو داوا زۆرەی قەرزپێدان کە لە بانکەکان دەکرێت، بانکەکان رێژەی سوو (فائدە)یان بەرزکردووەتەوە لەسەر قەرزەکان، بەڵام هەندێک لە قەرزدارەکان ناتوانن قەرزەکە بدەنەوە، لەم حاڵەتەشدا هەندێک لە بانکەکان مایەپووچ (مفلس) دەبن.

دووەم ئەو دەزگایانەی کە ئەرکیان رێکخستنی ئەم بازاڕانەیە، بەرپرسیاری ئەم قەیرانە ئابوورییەن، هەندێک لە ئابووریناسان پێیانوایە کەمیی رێکخستن لەم بازاڕانەدا بووەتە هۆی قەیران لە بازاڕی داراییدا، بەڵام هەندێک ئابووریناسی دیکە پێیانوایە ئەمە کێشەی رێکخستن نییە بەوەی کە بازاڕی دارایی یەکێک لە رێکخراوترین بازاڕەکانە.

*** بۆچی زلهێزەکانی جیهان ناتوانن ئەم قەیرانە کۆنترۆڵ بکەن؟**

– چونکە ئێمە لە جیهانێکی گلۆبالیزەکراودا دەژین کە ئەوەی روودەدات لە وڵاتێکدا کاریگەریی بۆ سەر ئەوانی دیکەش هەیە، وڵاتانی ($G20$) ویستیان رێککەوتنێک مۆربکەن بۆئەوەی خۆیان لەمشێوە قەیرانانە بەدووربگرن لە داهاتوودا، بەڵام هەندێکجار بڕیاردانی وڵاتێک بە نێگەتیڤی، کاریگەریی لەسەر تەواوی ئەوانی دیکە دەبێت.

*** کاریگەریی ئەم قەیرانە چۆنە لەسەر عێراق؟**

– ئەم قەیرانە کاریگەریی لەسەر عێراق هەیە بە دوو شێوە:

یەکەم کاتێک نرخی نەوت دادەبەزێت، کاریگەریی لەسەر بودجەی عێراق دەبێت، لەماوەیەکی مامناوەندیدا کاریگەریی لەسەر کەمبوونەوەی مووچەو ژیانی رۆژانەی خەڵکی هەیە.

دووەم ئەم قەیرانە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی رێژەی پارە لە ئابووریی نێودەوڵەتیدا، کەمبوونەوەی پارەش مانای کەمبوونەوەی وەبەرهێنانی بیانییە کە یارمەتیی گەشەکردنی عێراق دەدات لە ئێستادا.

*** پێتوایە سیاسەتی ئابووریی عێراق چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم کێشەیەدا دەکات؟**

– حکومەت نزیکەی چارەکێکی بودجەی کەمکردووەتەوە بێئەوەی کاریگەریی لەسەر دابەزینی مووچەی فەرمانبەران هەبێت، ئەمە بڕیارێکی باشە بۆ ماوەیەکی کورتخایەن، بەڵام بۆ ئابووریی ماوەدرێژو ئەگەر نرخی نەوت بەردەوامبێت لە دابەزینو جێگیرنەبوون، ئەوە پێویستە ئابووریی عێراق پشت بە نەوت نەبەستێتو دەبێت بیر لە گۆڕان بکرێتەوە لە کەرتی گشتیدا (قطاع العام)، تائێستا چ شتێکی وانەکراوە بۆ رێگرتن لەم چەشنە قەیرانە. حکومەت پێویستە بواری زیاتر بە کەرتی تایبەت (قطاع الخاص)بدات، بۆ عێراقیو وەبەرهێنە بیانییەکانیش، کارئاسانی بۆ ئەو کۆمپانیا بیانیانە بکات کە دێنە عێراقەوە.

**حکومەت نزیکەی چارەکێکی بودجەی کەمکردووەتەوە بێئەوەی کاریگەریی لەسەر دابەزینی مووچەی فەرمانبەران هەبێت، ئەمە بڕیارێکی باشە بۆ ماوەیەکی کورتخایەن**

*** پێتوایە ئەمریکا هەژموونی ئابووری لەدەستداوە؟**

– نەخێر، وەک پێشتر وتم ئێمە لە جیهانێکی گلۆبالیزەکراودا دەژین، ئەم قەیرانەش ئەوە دەردەخات کە ئەوەی لە ئەمریکا روودەدات، کاریگەریی بۆ سەر تەواوی جیهان هەیە، ئەگەر ئێمە بەراوردی ئەم قەیرانە لەگەڵ قەیرانی ئاسیای ٢٠٠١دا بکەین، دەبینین ئەو قەیرانە کەمتر کاریگەریی بۆ سەر جیهان بووە وەک ئەمەی لە ئەمریکا روودەدات، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە وڵاتێکی وەک چین (لەم قەیرانەدا)، ئابووریی خۆی پاراستووەو جێگیری سیاسیشی هەیە، وادیارە چین لە ئەمریکا کەمتر زەرەری لێکەوتووە بەتایبەت لە کەرتی ئۆتۆمبیلدا.

*** ئایا پێتوایە سەرمایەداریی کۆتاییهات وەک هەندێک دەڵێن؟**

– پێموانییە پرسیارکردن لە کۆتاییهاتنی کاپیتالیزم دروستبێت، هەموو سیستمێکی سەرمایەداریی بە دوو قۆناغدا تێدەپەڕێت، قۆناغی فراوانبوونو (توسع)و نوشوست (رکود)، قەیرانیش بەشێکە لەسیستمی سەرمایەداریی، کێشەکە ئەوەیە چ جۆرە سیستمێکی ئابووریمان دەوێت، چەندەها جۆری سەرمایەدارییمان لە جیهاندا هەیە، بۆ نموونە وڵاتانی باکوور وەک سویدو دانیمارک، سیستمێکی تێکەڵی سەرمایەداریی سۆسیالیان هەیە، لەم حاڵەتەدا حکومەت باجی زۆر کۆدەکاتەوە، بەڵام زەمانی هاوڵاتییان دەکات لەکاتی بێئیشیدا. لە هەندێک وڵاتی دیکەی وەک ئوستralیاو ئەمریکا، باجی کەم لە خەڵک وەردەگیرێت، بەڵام زەمانی فەرمانبەرانیش کەمتر دەکرێت، کامیان باشترە؟ ئەمە پرسیارێکی ئابوورییانە نییە، بەڵکو کۆمەڵایەتیو سیاسییە.

*** داهاتووی ئەم قەیرانە چۆن دەبینیت؟**

– هەندێک ئاماژەی پۆزەتیڤمان هەیە کە لە بازاڕی داراییەوە دەبینرێت، بۆ نموونە نرخی نەوت بەرزبووەتەوە بەراورد بەسەرەتای قەیرانەکە، بەڵام پێموایە لە ئابووریی ماوەدرێژدا زەرەرێکی زۆر دەدات، چونکە خەڵکیماڵو کاریان لەدەستداوە، بەڵام هێشتا کاتی دەوێت متمانە بە بازاڕی دارایی بکەینەوە.

ژمــارە (468) پێنجشەممە 2009/5/14
prd@rozhnama.com

# کوردستان بەرەوکوێ؟

وەزیری بەرگریی ئەمریکا، رێکخراوی ئەلقاعیدەی بە بەرپرسیاری ئەو تەقینەوەو توندوتیژییانەی دوایی زانی کە بوونە هۆی دووبارە سەرهەڵدانەوەی مەترسییەکانی شەڕی تائیفی، هەروەها رۆبەر گەیتس ئەوەشی وت کە زۆر گرنگە هاوکات لەگەڵ کەمکردنەوەی هێزە ئەمریکییەکاندا لە عێراق، بە وردی چاودێریی پەیوەندیی نێوان کوردو عەرەب بکرێت. ناکۆکییەکانی نێوان کوردو عەرەبەکان بەهۆی کۆمەڵە هۆکارێک لە زیادبووندایە، لەوانە سیاسەتی گشتیو ناوچە کێشە لەسەرەکان کە یەکێکیان کەرکوکی دەوڵەمەند لە نەوتە.

## روانگەی بەریتانی

ئیان ویلیامس، رۆژنامەنووسی بەریتانی کە لە بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان لە نیویۆرک کاردەکات، دەڵێت کوردەکان بەشێوەیەکی عەمەلی خاوەنی ئۆتۆنۆمین، بەڵام هێشتا دەستیان لە خەونەکەیان هەڵنەگرتووە بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆ، کە ئەویش لەلایەن ئەمریکاو تورکیاوە دژایەتی دەکرێت. ئەو دەڵێت کە کوردەکان ململانێی عەرەبە سوننەکان دەکەن بۆ دەستگرتن بەسەر ناوچەکانی کەرکوکو موسڵدا، ویلیامس لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ رادیۆی دەنگی ئەمریکا دەڵێت کە بنچینەی کێشەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق، ویلیامس دەڵێت: «یەکێک لەو هۆکارانەی کە وایکرد بەریتانیا لەوکاتەدا بەڵێنەکەی خۆی بە دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی نەباتەسەر، ئەوەبوو کە ترسی هەبوو لەوەی نەتوانێت بە بەردەوامی کۆنترۆڵی نەوتەکە بکات»، ویلیامس بەردەوام دەبێتو دەڵێت: «هەر ئەوەش یەکێک بوو لە هۆکارەکانی پاکتاوی رەگەزیی دژ بە کوردەکان کە لەلایەن سەدام حسێنەوە ئەنجامدرا، تێیدا کوردەکانی لە کەرکوکو دەوروبەری دەرکردو هەوڵیدا بیکاتە ناوچەیەکی عەرەبی». تەنانەت دوای رووخانی رژێمی سەدامیش پێشکەوتنێکی زۆر کەم روویداوە بە ئاراستەی چارەسەرکردنی کێشەکانو یەکلاییکردنەوەی بارودۆخی کەرکوک.

ویلیامس پێیوایە کە بەرەنگاریو نارەزایەتی توندی تورکیا بۆ هەر جۆرە دەوڵەتێکی کوردی، هۆکاری نارازیبوونی ئەمریکایە، «ئەگەر ئەوە نەبوایە ئەوە من پێموایە ئەمریکا زۆر حەزی دەکرد دەوڵەتێکی هاوڕێو هاوپەیمانی وەکو کوردەکانی هەبوایە لە باکووری عێراقدا».

لە دەستووری نوێی عێراقدا کە پاش روخانی رژێمی بەعس لەلایەن ئەمریکاوە نووسرایەوە، شیعەی زۆرینەو کوردو سوننەی کەمینە بڕیاریاندا بە هاوبەشیکردنو دابەشکردنی دەسەڵات لە عێراقدا، ویلیامس دەڵێت: «هەرچەندە کوردەکان بەئاشکرا دەرینابڕن، بەڵام ئەوان هێشتا هیوایان لەدەست نەداوە بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی»، بەڕای ویلیامس ئەوە شتێکی زۆر ناژیرانە دەبێت ئەگەر سەرکردەیەکی کوردی بڵێت ئێمە دەوڵەتی سەربەخۆمان دەوێت، چونکە ئەمە وادەکات کە ئەنقەرە بێتو بیکاتە بیانوویەک بۆ داگیرکردنیانو دەستگرتن بەسەریاندا. ویلیامس دەڵێت: «بیرۆکەی هەبوونی دەوڵەتێک کە تەنیا لە یەک ئەتنیکو گروپی نەتەوەیی پێکبێت، بیرۆکەی ئەوروپای خۆرئاوایە کە بووەتە ژەهراویکردنی هەر شوێنێک کە چووبێتە ژێر کاریگەریی ئەم بیرۆکەیە»، ئەو دەڵێت: «تەماشای بۆسنە بکە، هەمان قسە بۆ عێراقیش راستە، ئەوان دەڵێن بۆچی ئێمە کەمینەبین لە وڵاتی تۆدا، لەکاتێکدا تۆ کەمینەیت لە وڵاتی مندا».

> **«یەکێک لەو هۆکارانەی کە وایکرد بەریتانیا لەوکاتەدا بەڵێنەکەی خۆی بە دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی نەباتەسەر، ئەوەبوو کە ترسی هەبوو لەوەی نەتوانێت بە بەردەوامی کۆنترۆڵی نەوتەکە بکات»**



## روانگەیەکی عەرەبی

نادیە بلباسی، رۆژنامەنووس عەرەب کە کار بۆ دەزگای راگەیاندنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات، پێیوایە کە ریفراندۆم لەسەر باری کەرکوک دوادەخرێت، کە دانیشتووانی ئێستای کەرکوک تێکەڵەیەکن لە کوردو عەرەبو تورکمانو ئاشوریو کلدان. نادیە دەڵێت سوننەکانو عێراقییەکان دەیانەوێت لەژێر کۆنترۆڵی خۆیاندا بێت، یەکێک لە پێشهاتە گرنگەکان ئەوەیە کە جەلال تاڵەبانی کورد کە ئێستا سەرۆک کۆمارە، رایگەیاندووە کە نایەوێت جارێکی دیکە خۆی بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار هەڵبژێرێت، کە ئەمە زیاتر کێشەکە ئاڵۆزتر دەکات.

دابەشبوونە ئەتنیکیەکان لەدوای کەوتنی رژێمی سەدام حسێنەوە گۆڕاوە، پاکتاوکردنی رەگەزیی لە هەندێک ناوچە ئەنجامدراوەو نابێت ئەوەشمان لەبیربچێت کە ئێستا (٤) ملیۆن پەنابەر هەیە، ئەمەش بەو مانایەی کە لەکاتی گەڕانەوەیاندا کێشە دروستدەکەن. بلباسی پێیوایە ئەگەری ئەوە هەیە ئاژاوە لە عێراقدا رووبدات کە ئەوەش دەکرێت ببێتە سەرەتایەک بۆ شەڕی ناوخۆ، «کێشەی کوردەکان ئەوەیە کە هەرچەندە ئەوان هەموو مەرجو پێشمەرجەکانی دروستکردنی دەوڵەتێکیان هەیە، بەڵام خواستی سەربەخۆیی لەگەڵ بەرژەوەندیی وڵاتانی دراوسێو زۆر وڵاتی خۆرئاوایی بە ئەمریکاشەوە دژ دێتەوە».

## روانگەیەکی کوردی

ئاسۆس ئەحمەد هەردی، رۆژنامەنووسی کوردو بەڕێوەبەری رۆژنامەی ئاوێنە دەڵێت هەفتەی رابردوو راگەیەنرا کە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی کوردستان لە ٧/٢٥دا ئەنجامدەدرێت، کوردەکانیش لە هەڵبژاردنی پارێزگاکانی مانگی کانوونی دووەمدا بەشداریان نەکرد بەهۆی ئەوەی کە پەرلەمانە نێوخۆییەکەیان یاسایەکی تایبەتی بە ئەنجومەنی پارێزگاکان دانەناوە، بەڕای ئاسۆس ئەحمەد هەردی هەستیارترین بابەت بریتییە لەکێشەی کەرکوک، «حکومەتی عێراق نایەوێت بەشێوەیەکی جدیی گفتوگۆ دەربارەی کێشەی کەرکوک بکات، چونکە ئەوان دەزانن ئەگەر مادەی سەدوچل جێبەجێبکرێت، ئەوا زۆرینەی خەڵکی شاری کەرکوک لەگەڵ کوردەکاندان».

## ئایا ئەگەری شەڕی ناوخۆ هەیە؟

ئایا پاش پاشەکشەی هێزە ئەمریکییەکان لە عێراق، جەنگێکی ناوخۆیی لەنێوان عێراقییەکاندا هەڵدەگیرسێت؟ سەرۆک باراک ئۆباما لەمیانەی سەردانە چاوەڕواننەکراوەکەیدا بۆ عێراق، وەڵامی ئەم پرسیارەی دایەوە، ئەو بە سەرکردە عێراقییەکانی وت کە پاشەکشەی هێزە ئەمریکییەکان بەشێوەیەکی بەرپرسانە دەبێت بەبێ ئەوەی وڵاتەکە راپێچی ئاژاوە بکات، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی مێژووی کوردو عەرەبو سوننەکان، بردنەسەری ئەم بەڵێنە زۆر زەحمەت دەردەکەوێت.

**وەرگێڕانی: دانا نەوزەر**

# ...ـوردەکان هەڕەشەی ئەوەیان کرد
# ...ـەدام بگەڕێتەوە، لە عێراق جیادەبنەوە

**دوای رۆژێک لە کەوتنی بەغدا کە ئەوکات من هێشتا (بزنسمان)بووم، ژەنەراڵ (تومی فرانکس) سەرکردەی گشتی سەرکردایەتی ناوەندی ئەمریکی کە پێشەوایەتی هێرشەکەی ئەمریکای بۆ سەر عێراق کرد، بڕیاریدا مامەڵە لەگەڵ حیزبی بەعس نەکرێت**

عێراق بوون کە هەموویان دەیاننارد بۆ پنتاگۆن، پنتاگۆن بەرپرسی رێکخستن‌و هاوکاری بوو لەنێوان ئیدارەی حوکمەتی ئەمریکا لە واشنتۆن، رامسفێڵدیش رەزامەندی نواندبوو لەسەر بڕیارەکە، هەروەها هەڵدەستا بەگواستنەوەی وردەکارییەکان بۆ کۆشکی سپی لە رێگای راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەییەوە، بەر لە موسادەقەکردنی هیچ ئیعتیرازێکی لەسەر نەبووە.

*** تەنانەت لە کۆشکی سپیش هیچ ئیعترازێک نەبوو؟**

– بەدڵنیاییەوە نەخێر، بەڵام وادەردەکەوت کە پنتاگۆن هیچ روونکردنەوەیەکی تەواوی نەدابوو بە وەزارەتی بەرگری‌و ئەنجومەنی ئاسایش لە کۆشکی سپی، یان ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی (سی ئای ئەی)، چونکە پێیوابوو ئەمە هەڵەیە، من لەگەڵ بڕیارەکەم، کاتێک خرایە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، سەرۆک بوش رەزامەندی لەسەر نواند.

*** بەڵام بۆچی ئەمڕۆ زۆربەی خەڵک دەڵێن، تەنانەت هەندێک لە ئەمریکییەکانیش، ئەوە بڕیارێکی هەڵە بووە؟**



– من هیچ هۆکارێک نابینم بۆئەوەی کە بوترێت ئەمە بڕیارێکی هەڵەیە، بەڵکو بڕیارێکی راست‌و دروستە، ئەو کەسانەی کە پێیانوایە بڕیارێکی هەڵەیە، پێویستە لەسەریان ئەوە روونبکەنەوە کە ئەم بڕیارە بۆ هەڵە بووە، ئەوانەی کە وا دەڵین، من موناقەشەیان لەگەڵ ناکەم.

*** هەندێک کەس دەڵێن باشتر وابوو سوپا کۆنەکە پاکبرایەتەوەو سوپایەکی نوێ دروست بکرایە بە پشتبەستن بەسوپا کۆنەکە، لەبری ئەوەی کە هەمووی لە ناوببرێت، چونکە هەموو ئەفسەرەکانی سوپا لایەنگیریی سەدام حسێن نەبوون.**

– بەشێوەیەکی کرداری ئەوەی ئێمە پێی هەستاین، دروستکردنی سوپایەکی نوێ بوو، ئەوەشمان وتووە هەرکەسێک کە لە سوپای کۆندا بووەو ئێستا دەیەوێت بە خۆبەخش بێتە ئەم سوپا نوێیە، دەتوانێت بێت.

*** بەڵام زۆربوون ئەوانەی کە داوایان پێشکەشکرد بۆئەوەی بچنە ریزی سوپا نوێکەوە، بەڵام داواکانیان رەتکرایەوە؟**

– بووەستە، وتت هەرکەسێک کە بیویستایە پەیوەندی بە سوپای نوێوە بکات، ئەمە شتێکی مومکینە، ئێمە وتمان بەنیسبەت ئەو سەربازانەی کە پلەی عەقیدیان هەیە، ئەوانەی ئەم پلەیەن نییە دەتوانن پەیوەندی بە سوپای نوێوە بکەن، وتوشمانە ئێمە قەرەبووی ئەو ئەفسەرانە دەکەین کە پەیوەندییان نەکردووە بە سوپای نوێوە، لەکاتێکدا کە عێراقم بەجێهێشت نزیکەی ٨٠٪ سوپای نوێی عێراق لە ئەفسەرانی سوپا کۆنەکە پێکهاتبوون، هەروەها لە سەدا سەدی ئەفسەرەکانی سوپای نوێ لەوانەی سوپا کۆنەکە بوون، هەموو ئەو ئەفسەرانەش کە رەتیان کردووە پەیوەندی بە سوپا نوێکەوە بکەن، بە لەبەرچاوگرتنی بچووکی قەبارەیان قەرەبووکرانەوە، نابێت ئەوەمان بیربچێت کە سوپاکەی سەدام زۆر گەورە بووە کە زیاتر لە (٦٠٠) هەزار سەربازی لەخۆگرتبوو، لەکاتێکدا کە سوپا نوێکە کە دەستمان پێکرد لە (٤٠) هەزار سەرباز پێکهاتبوو، راستە پاش ئەوەی عێراقم بەجێهێشت سوپای عێراق زۆر زیادی کرد، بەڵام تێناگەم ئەم هەموو موجادەلەیە بۆ، کوردەکان بەڕوونی پێیان دەوتین گەڕانەوەی سوپای سەدام حسێن مانای ئەوەیە، عێراق نە سەربەخۆیەو نە وڵاتێکی دیموکراسییە، هەڕەشەی ئەوەیان دەکرد، ئەگەر ئەوە بکرێت لە عێراق جیادەبنەوە، ئەوەمان لێکدایەوە ئەگەر ئەوە رووی بدایە، جەنگێکی ئیقلیمی لە ناوچەکەدا روویدەدا کە وڵاتانی دراوسێی عێراقیشی تێوەدەگلا.

*** بۆچی تەنیا ئەو کەسانەتان وەرگرت کە لە عەقید بەرەوخوار بوون؟**

– هۆکاری ئەمە ئەوەبوو کە ئێمە دەمانویست سوپایەکی پێکهاتوو لە سێ (فیرقە) دروستبکەین، پێویستیشمان بە ئەفسەری بەرزتر لە پلەی عەقید نەبوو تا فرقەی یەکەم لەماوەی ساڵێکدا دابەشبکەین، چونکە ئێمە بۆ سەرکردایەتیکردنی لیوایەک پێویستمان بە (ژەنەراڵ) نییە، چونکە بەشێوەیەکی گشتی ئەوانەی پلەی عەقیدیان هەیە ئەرکی سەرکردایەتیکردنی سوپا دەگرنەئەستۆ.

*** ئەی سەبارەت بەبڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بەعس‌و لە رەگ هەڵکێشانی بەعسییەکان، هەندێک دەڵێن ئەو بڕیارە پاڵی بەزۆر کەسەوە نا کە چەک هەڵبگرن؟**

– گرنگە کە لەگەڵ راستییەکان مامەڵەبکەین، چیمانکرد؟ دوای رۆژێک لە کەوتنی بەغدا کە ئەوکات من هێشتا (بزنسمان)بووم، ژەنەراڵ (تومی فرانکس) سەرکردەی گشتی سەرکردایەتی ناوەندی ئەمریکی کە پێشەوایەتی هێرشەکەی ئەمریکای بۆ سەر عێراق کرد، بڕیاریدا مامەڵە لەگەڵ حیزبی بەعس نەکرێت.

*** لەکاتی کەوتنی بەغدا تۆ لەکوێ بویت؟**

– لەنێوان واشنتۆن‌و نیۆیۆرکدا هاتوچۆم دەکرد، نووسینگەم لەو دوو شارەدا هەیە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمپانیایەکی تایبەت.

*** دەنگۆ هەیە کە تۆ بەر لە کەوتنی بەغدا خۆت بۆ پۆستەکەت لەوێ ئامادەکردووە؟**

– ئەمە راست نییە، من کۆمپانیایەکی تایبەتم بەڕێوەدەبرد.

*** دەگەڕێینەوە بۆ بابەتی لە رەگ هەڵکێشانی حیزبی بەعس؟**

– ژەنەراڵ فرانکس بڕیاریدا مامەڵە لەگەڵ حیزبی بەعس نەکرێت، لەسەر رۆشنایی ئەو گفتوگۆیانەش پێش جەنگەکە ئەنجامدرا، پاش ئازادکردنیش ئیدارەی ئەمریکی بڕیاریدا رێگا بە بەرپرسە باڵاکانی ئەو حیزبە نەدرێت لە حکومەتدا کاربکەن، ئەمەش پاشتر بەرەسمیی راگەیەنرا، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ مەرسومەکانی ئەوکات تا دڵنیا ببیت، ژمارەی ئەمانەی کە رێگایان پێنەدرا لە حکومەتدا بەشداربن رێژەیان ١٪ بوو، واتە بەپێی ئەو بڕیارە نزیکەی (٢٠٠٠٠) کەس رێگایان لێگیرا لە حکومەتدا کاربکەن، بەڵام بڕیارەکە بەو مانایە نەبوو کە دەبێت عێراق بەجێبهێڵن، بەڵکو دەتوانن کاری سەربەخۆبکەن‌و ببنە بزنسمان یا لە بورای کشتوکاڵ یا لە رۆژنامەوانیدا کاربکەن، بەڵام بۆیان نییە لە نووسینگەکانی حکومەتدا کاربکەن.

www.renetewe.com

الشرق الأوسط
جريدة العرب الدولية

# پۆل بریمەر: ک...
# ئەگەر سوپای س...



**تەلحە جوبریل**

حاکمی مەدەنی پێشووی ئەمریکا لە عێراق لەگفتوگۆیەکی درێـژدا بۆ شەرقولئەوست بـاس لەخراپترین‌و خۆشترین رۆژەکانی دەکات لە بەغدا.

ماوەیەکە لەهەولی ئـەوەدام کە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ پۆڵ بریمەری حاکمی مەدەنی لە عێراق ئەنجامبدەم، بەڵام هەموو جارێک نەمتوانیوە بیگەمێ، بەوپێیەی هەندێک لەو کەسانەی لێوەی نزیکن پێیانوایە هەموو شتێکی لەو کتێبەدا وتووە کە لە مانگی قانوونی دووەمـی ٢٠٠٦ دەریـکـردووە، بە ناونیشانی (ساڵەکەم لە عێراق)، بۆیە بەدووری دەزانن قسەبکات لەوبارەیەوە. هەلێک هاتەپێشەوە کە توانیم چاوم بەبریمەر بکەوێت لە بۆنەیەکی تایبەت بەکردنەوەی دەزگایەک بەناوی یەکێک لە ئەندامانی کۆنگرێس‌و توانیم خۆمی پێبناسێنم، راستەوخۆ بابەتەکەم خستەڕوو، پێموت جەنابی باڵیۆز، (ئەمە ئەو نازناوەیە کە ئێستا هەیەتی لەسەر ئەو بنەمایە کە پێشتر باڵیۆز بووە)، لەکتێبەکەتداو لەهەندێک بۆنەی دیکەشدا قسەت بۆ ئەمریکییەکان کـردووە، پێتوانییە کە ئێستا کاتی ئەوە هاتبێت قسە بۆ عەرەبیش بکەیت؟ دەتەوێت لەبارەی چییەوە پرسیارم لێبکەیت؟وتم سەبارەت بەو رۆژانـەی کە لە بەغدا بوویت؟.

لەوەڵامدا وتی: «بەڵام بەمەرجێک کە سەبارەت بە کەسایەتییە سیاسییەکانی عێراق پرسیارم لێنەکەیت؟»پەیمانم پێدا کە پابەندبم بەمەرجەکەیەوە، لەسەر ئەوە رێکەوتین کە لە رێگای ئیمەیلەوە نامەیەک بنێرم بۆ یاریدەدەرەکەی، نامەیەکەم بۆ نارد پاشان وەڵامەکەم بەشێوەیەکی ئیجابی بۆ هاتەوە، یاریدەدەرەکەی وتی: «لەماوەی ئەم هەفتەیەدا مەوعیدەکە دیاریدەکەین». یاریدەدەرەکەی دواتر نامەیەکی نـاردو وتـی: «پـۆڵ بریمەر نووسینگەی تایبەتی نییە بۆئەوەی چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ سازبکەیت»، لەڕاستیدا سەرم سوڕما، چۆن دەبێت ئـەو پـۆڵ بریمەرەی کە ناوچەکەی هەژاندووەو بووە جێی باسی کەناڵەکانی راگەیاندن، ئێستا نووسینگەیەکی نەبێت تێیدا پیشوازی لە رۆژنامەنووسان بکات، دواتر یاریدەدەرەکەی نامەیەکی دیکەی ناردو وتی: «پۆڵ بریمەر پێی باشە چاوپێکەوتنەکە لەڕێی تەلەفۆنەوە بێت»، منیش وتم گفتوگۆکردن لە رێگای تەلەفۆنەوە هەڵبژاردنێکی باش نییە، دەکرێت لێدوان لە رێگای تەلەفۆنەوە وەربگیرێت، بۆ گفتوگۆو چاوپێکەوتن نەگونجاوە، پاش چەند نامەیەک لەگەڵ یاریدەدەرەکەی سابارەت بەوەی کە تەلەفۆن نەگونجاوە، لەکۆتایدا گەیشتینە ئـەوەی کە شوێنێک دیاریبکەین بۆ چاوپێکەوتنەکە، لەسەر ئەوە رێککەوتین کە لە (یانەی رۆژنامەی نیشتمانی) چاوپێکەوتنەکە ئەنجامبدەین.

کاتەکەی ١:٣٠ پاش نیوەڕۆ بوو، داوای لێبووردنی کـرد سـەبـارەت بەدواکەتنی، پیاوێکی روو خۆش بوو، بەڵام هۆشمەندییەکی دیبلۆماسی باشی هەیە.

ئێستا گوێ لەچەند چیرۆکێک بگرن لەسەر لەناوچوونی سوپای عێراق.

*** هەندێک کەس دەڵێن ئەمە بڕیاری تۆ نەبووە، هەندێکی دیکەشیان دەڵێن بڕیاری وەزارەتـی بەرگری ئەمریکا پنتاگۆن بـووە، تائیستاش پابەندی بەو گێڕانەوانەی کە لە کتێبەکەتدا گـێـڕاوتـەتـەوە یـان شتێکت هەیە لەوبارەیەوە بیلێیت؟**

– پـاش ئـازادکـردنـی عـێـراق لە ٢٠٠٣/٤/٩دا سوپای عێراقی هەڵوەشا، سەرکردەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق لە (١٧)ی هەمان ساڵدا ئاماژەی بەوەدا کە یەکەی یەک سەربازی عێراق نەماوە، زۆربەی ئەفەسەرو پلەدارەکانی سوپا گەڕاونەتەوە ماڵی خۆیان، زۆربـەی ئـەفـسـەرەکـان شیعە بـوون، بـەڵام ئەفسەرو پلەدارەکان سوننە بوون، ئـەو پرسیارەی کە رووبـەڕوومـان بوویەوە لەناوبردنی سوپای عیراق نەبوو وشەکە بەشێوەیەکی راستر (لەناوبردنی سوپای عێراق) نەبوو، بەڵکو (گەڕانەوەو بانگکردنی) سوپای عێراقی بوو، ئێمە زاراوەی (تواندنەوەی سوپا)بەکارناهێنین، ئەمە دەربڕینێکی هەڵەیە، وەک لە کتێبەکەمدا نووسیومە کێشەکە لە پێکهاتەو قەبارەی سوپای عێراق‌و توانای ئەو سوپایەدا بوو، سەبارەت بە گەڕانەوەی هەموان بۆ ناو سوپا سیستمێکی زۆر توندبوو، سوپای عێراقی لە (١٢) هەزار ژەنەراڵ پێکهاتبوو، لەکاتێکدا کە لە سوپای ئەمریکادا تەنیا (٣٠٧) ژەنـەراڵ هەیە، لەبەرئەمە کارێکی قورس بوو کە ئەم سوپایە بانگ بکرێت بۆ خزمەتکردن، یەکێکی دیکە لەو لەمپەڕانەی کە هاتە رێمان ئەوە بوو، نەماندەتوانی بارەگا سەربازییەکان بـدۆزینـەوە، چونکە زۆربەیان کاول کرابوون، بڕیارەکە لەلایەن پنتاگۆنەوە گفتوگۆی لەسەرکرا، هیچ رەخنەیەک لە بڕیارەکە نەگیرا.

*** هیچ کەس رەحنەی نەبوو؟**

– نەخێر کەس رەخنەی نەبوو.

*** ئایا گفتوگۆکردن لەسەر لەناوبردنی سوپای عێراق لە پنتاگۆندا بوو یان لە کۆشکی سپی؟**

– تاکە کەناڵێک کە من راپۆرتەکانم پێشکەش دەکـرد پنتاگۆن بـوو، لە رێگای وەزیـری بەرگرییەوە (دۆناڵد رامسفێلد)، هـەروەک راپـۆرتـی ئەو سەرکردە سەربازییانەی ئەمریکا کە لە

**سوپای عێراقی لە (١٢) هەزار ژەنەراڵ پێکهاتبوو، لەکاتێکدا کە لە سوپای ئەمریکادا تەنیا (٣٠٧) ژەنەراڵ هەیە، لەبەرئەمە کارێکی قورس بوو کە ئەم سوپایە بانگ بکرێت بۆ خزمەتکردن**



# ئێمە دەمانزانی کە گەندەڵی دەبێتە گرفت، چوار ڕێگاشمان گرتەبەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم کێشەیە

– چەند کاتێک هەبوو، لەوانە کاتێک ئەندامی ئەنجومەنی حوکم، عەقیلە هاشمی کوژرا، خانمێکی دیبلۆماسیو خاوەنی ڕێزێکی گەورەبوو، پاشان ئەو ڕۆژەی کە باڵەخانەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بەغدا تەقێنرایەوەو هاوڕێ بەرازیلیەکەم، سیرجیۆ فیررا دومیلیۆ، نێردراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق تیاچوو، پاشان ڕۆژی تەقاندنەوەی نەجەف کە تێیدا زیاتر لە (٢٠٠) کەس کوژران، ئەمەش لە کۆتایی مانگی ئابی ٢٠٠٣دا، لەو ڕووداوەشدا محەمەد باقر حەکیم کوژرا، هەروەها چەند ڕۆژێکی دیکەی سەختیش هەبوون کە تێیدا چەندین هاوڵاتی ئەمریکی کوژران، شتێکی ئاساییە ئەو ڕۆژانەی بەغدا بۆ من ڕۆژی سەختبن، چونکە تێیاندا چەندین کەسی هاوڕێو نزیکم لەدەستداوە.

*** خەڵک تۆیان لە ئەوپەڕی خۆشحاڵیدا بینی کاتێک سەرۆک بوشت پێشکەش بەسەربازە ئەمریکییەکان کردن، کاتێک بە نهێنی لە (جەژنی سوپاسگوزاریدا) سەردانی بەغدای کرد، ئایا ئەوە خۆشترین ڕۆژت بوو لە عێراق؟**

– پێموایە ئەوە خۆشترین ڕۆژم بوو لە عێراق، شتێکی سەرنجڕاکێش بوو کاتێک کاردانەوەی پڕجۆشو خرۆشی سەربازە ئەمریکییەکانم بینی لەوکاتەدا، چونکە ئەوان تا ئەوکاتە نەیاندەزانی کێ بەشدارییان لەگەڵدا دەکات لەو جەژنەدا.

*** ئایا پێیان نەوترا کە کەسایەتییەکی گرنگ ئامادە دەبێت؟**

– ئەوان نزیکەی (٦٠٠) سەرباز بوون، هیچ زانیارییەکیشیان نەبوو سەبارەت بەو سەردانە.

*** چۆن ئەو دیمەنە وەسفدەکەیت؟**

–سەرۆک بوش بەکاردانەوەی سەربازەکان زۆر دڵخۆشبوو، فرمێسکم لەچاویدا بینی، ئەو



نیوەی گۆی زەوی بڕیبوو، وەک خۆشمان دەزانین ئەم جەژنە یەکێکە لە جەژنە گرنگەکان لە ئەمریکا، کە پێویستە لەگەڵ خێزانەکەتدا بەڕێی بکەیت.

*** ڕۆژێکی دیکە لەو ڕۆژانەی هەستت بەخۆشی کرد؟**

– ڕۆژی دەستبەسەرکردنی سەدام حسێن.. لە بەیانی ڕۆژی ١٢/١٤ کاتژمێر (٩)و نیوی شەو پێمڕاگەیەنرا کە سەدام دەستبەسەر کراوە.

*** وادەردەکەوێت ماوەیەک لەنێوان دەستبەسەرکردنەکەو هەواڵەکەدا هەبووبێت؟**

– بەڵێ، چونکە دەبوو ئەوان لەوە دڵنیابن کە ئەوەی گرتوویانە بەڕاستی سەدامە نەک یەکێک لەهاوشێوەکانی، دوای ئەوەش بڕیاریاندا بیخەنە پێش چاوی ژمارەیەک لە گەورە یایەدەدەرانی لەوانەی کە پێش ئەو گیرابوون، وەک تاریق عەزیزو تەها یاسین ڕەمەزانو عەلی حەسەن مەجید، تا دڵنیایان بکەنەوە کە ئەوە سەدام خۆیەتی.

*** بۆچی لە ڕێگای (دی ئێن ئەی)ەوە ئەو کارەتان نەکرد؟**

– بۆ کوڕەکانی ئەوەمانکرد، بەڵام ژەنەراڵ ئەبوزەید پێیوتم ئەوکارە نزیکەی (٢٤-٣٦) کاتژمێری دەوێت، لەوماوەیەشدا دەبوو گرتنەکە بەنهێنی بهێڵینەوە، ئەمەش کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە نەدەکرا ئەو بهێڵینەوەو هیچ هەواڵێکیش سەبارەت بەگرتنەکە دزە نەکاتە دەرەوە، هیچ ڕێگایەکیش نەبوو بۆئەوەی ئەم هەواڵە بەنهێنی بهێڵینەوە، لەم ماوەیەشدا نەدەکرا چاوەڕێی دەرچوونی ئەو پشکنینە بین، سەربازەکانیش نەخشەیەکیان هەبوو بۆ گواستنەوەی سەدام بۆ پاپۆڕێکی سەربازیی ئەمریکی لە کەنداو، ئەمەش لەپێناو بەنهێنی هێشتنەوەی کارەکە، منیش ڕێگام لێگرتنو وتم ئەم کارە ئەستەمەو سەدام سەر بە گەلی عێراقە نەک پاپۆڕێک لە ناوەڕاستی دەریا، ئەگەر بیبەینە دەرەوەی عێراقیش ئەوا ئەمە باجی خۆی دەبێت.

*** کەواتە تۆ ڕێتگرت لەوپلانە؟**

– پێشموابوو ئەگەر ئێمە بیبەینە دەرەوەی عێراق، ئیدی دەنگۆکان بڵاودەبنەوە کە نەگیراوە، دەبوو بیشیخەینە بەردەم عێراقییەکان تا دڵنیابن، پاشان ئەو کارە پەیوەستیشە بە عێراقییەکانەوە.

*** کەی هەواڵی تەواوت پێگەیشت کە ئەوەی گیراوە سەدام حسێنە؟**

– لەکاتژمێر ١ی بەیانیدا هەستام لە خەوو ئەو هەواڵەم پێدرا کە سەدام گیراوە، لەکاتژمێر ٦ی بەیانیشدا جەختیان کردەوە بۆم کە ئەوەی گیراوە سەدام خۆیەتی، پاشان کاتژمێر ١٠ی شەو پەیوەندیمکرد بە وەزیری دەرەوە، کۆندالیزا ڕایسو هەواڵەکەم پێداو پێیوتم کە سەرۆک بوش لە کامب دێفدەو لەخەو هەڵیدەستێنم تا هەواڵەکەی پێبدەم (سەرۆک بوش شەوانە زوو دەخەوتو بەیانیان زوو هەڵدەستا)، پێموایە لە نیوەشەودا هەواڵەکەی پێدابوو.

*** تۆ هەتا ئێستاش ئاگاداری بارودۆخی عێراق هەیت؟**

– بەڵێ.

*** بارودۆخی ئێستا چۆن دەبینیت؟**

– من زۆر گەشبینم سەبارەت بە بارودۆخی عێراق، پێموایە سەرۆک بوش بڕیارێکی ئازایانەی دا سەبارەت بە عێراق کاتێک ستراتیژییەتی خۆی لە عێراقدا گۆڕیو ژمارەی سەربازانی زیادکرد ساڵی ٢٠٠٦، لەوە گرنگتریش بڕیاری دەمجکردنی سوننەکان بوو تا ببنە بەشێک لە پرۆسەی سیاسی، هەروەها پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی سەحوە کە پێشەوایەتی وەدەرنانی قاعیدەی لە عێراق کرد، هەروەها هەموو ئەو ڕووداوانەی لە ڕومادیو فەلوجەو تاڕادەیەک لە دیالە ڕوویدا، کە ئەویش فەراهەمهێنانی ئاسایش بوو بۆ خەڵک لەوناوچانەو دووبارە بونیادنانەوەیان، ئەوەشم لە کتێبەکەمدا (ساڵەکەم لە عێراق) باسکردووە، وتوومە هەر حکومەتێک بتوانێت ئاسایش بۆ خەڵک فەراهەم بکات، حکومەتێکی سەرکەوتووە، ئێمە ئەوەمان نەکرد، لەکاتی بوونی من لە عێراق ڕووداوە توندوتیژییەکان هاوسەنگ بوو، بەڵام دواتر زیاتربوون، بڕیاری زیاترکردنی هێزەکان لە عێراق بوێرانە بوو، چونکە ئەوانەی لە واشنتۆن خۆیان بە پسپۆڕ ناودەبەن، وتیان ئەمە سەرکەوتوونابێت، بەڵام سەرکەوتووش بوو، هەمیشە گەشبین دەمێنمەوە بەرامبەر بارودۆخی عێراق، پێشموایە ئەو وڵاتە بەرەو ئاراستەی دروست هەنگاودەنێت، پێشموایە هەڵبژاردنی پارێزگاکان کە لە مانگی کانونی دووەمی ٢٠٠٩دا ئەنجامدرا، زۆر گرنگە، چونکە سوننەکان بە ڕێژەیەکی بەرز بەشدارییان تێدا کرد بەتایبەت کە ئەوان هەڵەیەکی ستراتیژییان ئەنجامدا کاتێک بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی پێشووتریان کرد، ئێستا بەشداریی دەکەن، ئەمە هیوابەخشە، پاشان ئەوەش کە لە کۆتایی ساڵدا لە هەڵبژاردنەکاندا ڕوودەدات دەیبینین.

*** هیچ کێشەیەکت پێشهات لەگەڵ سوریاو ئێران ئەوکاتەی لە عێراق بوویت؟**

– بەکورتی سەبارەت بە ئێران دەدوێم، چونکە ئەوکاتەی من لەوێبووم ئێرانییەکان هاوکارییان نەکردین، بەڵام لەهەمانکاتدا جموجوڵی گەورەشیان نەبوو، هەندێکجار ئەندامانی سوپای پاسدارانمان دەبینی یاخود ئەندامانی ئیتلاعاتو هەواڵگری ئێران، بەڵام ئەوکات لەئاستێکی مامناوەندا کاریاندەکرد بە بەراورد بەوەی کە دواتر ڕوویدا، بەنیسبەت سوریاوە شتەکە جیاوازبوو، سوریا کێشەیەکی گەورەبوو زانیمان کە زۆربەی ئەوانەی تەقینەوەی خۆکوژیی ئەنجامدەدەن، لە سوریاوە دێن، دواتر زانیمان کە لە سوریادا ئەندام بەڕێدەخرێت کە ڕەگەزنامەی سعودیو یەمەنیو میسریو ئەفریقییان هەیە، ئەم کەسانە لەسنووری سوریاوە بەناو موسڵدا دەهاتن، هیچ شتێکیش نییە کە لە سوریادا ڕوویبداتو حکومەتی سوریا پێی نەزانێت، چونکە وڵاتێکی داخراوە.

*** مەبەستت ئەوەیە ئەوان هەموو وردەکارییەکان دەزانن؟**

– بەڵێ بەدڵنیاییەوە گومان لەوەدانییە.

*** تۆ سەبارەت بەم بارودۆخە چیتکرد؟**

– لە بەغدا لەڕووی سیاسییەوە سەبارەت بەم بابەتە نەماندەتوانی شتی زۆر بکەین، کارەکە پەیوەندی بە وەزارەتی دەرەوەو حکومەتی ئەمریکاوە هەبوو لەگەڵ باڵیۆزخانەکەمان لە سوریا.

*** هیچ پەیوەندییەکت لەگەڵ سورییەکان نەبەست؟**

– نەخێر ئەمە ڕووینەدا، هەندێک دبلۆماسی سوریو ئێرانم بینی، ئەوەشمان لەبیرنەچێت ژمارەی باڵیۆزخانەکان لە عێراق زۆرکەمن، بەڵام دەسەڵاتم بەخشییە وەزیرە عێراقییەکان تا پەیوەندیی بازرگانی لەگەڵ سوریا ببەستن، ئەوکات بیرمان لەوەکردەوە بۆ نموونە هێڵی کارەبا لەنێوان سوریاو عێراقدا ببەستین لە بەرامبەر ناردنی نەوتدا، من ئەم پرۆژەیەم پێ باشبوو، پاشان بۆمدەرکەوت کە گفتوگۆی لەمشێوەیە هیچکات نەگەیشتووەتە هیچ ئاکامێک، زۆر تەنگەتاو بووم بەو ڕۆڵەی کە سوریا دەیگێڕا، بەڵام ڕۆڵی ئێران ئەوکات سنووردار بوو، بەڵام دواتر زیاتر دوژمنکارانە بوو، ئەوکات ئێرانییەکان بیریان لەوەدەکردەوە کە دوو سوپا لەسەر سنوورەکانیان هەن، سوپایەکی ئەمریکی لە سنووری عێراقو دانەیەکی دیکە لە سنووری ئەفغانستان.

*** ئێستا قسەیەکی زۆر هەیە سەبارەت بە گەندەڵی، قسەش هەیە کە تۆ لەگەڵ حکومەتی عێراقدا لەوکاتەدا تێوەگلاون بە گەندەڵی؟**

– ئێمە دەمانزانی کە گەندەڵی دەبێتە گرفت، چوار ڕێگاشمان گرتەبەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم کێشەیە، یەکەم پێکهێنانی دادگایەکی سەربەخۆ، پاشان پێکهێنانی لیژنەیەکی سەربەخۆ کە لقی لەهەموو وەزارەتەکانی عێراقدا هەیە، هەروەها چاودێریکردنی بودجە لەلایەن سەرۆک وەزیرانەوە، پاشان دەستەیەکی نیشتمانیمان دامەزراند کە تائێستاش هەیە، کە لە سکاڵای هاوڵاتییان دەکۆڵێتەوە سەبارەت بە گەندەڵی. لەگەڵ ئەم دەستانە چەندین دۆسیەمان تاوتوێ کردووەو چەندین دۆسیەشمان حەواڵەی دادگا کردووە، بەڵام ئایا ئەمە گەندەڵیی سنووردار کردووە؟ پێموایە نەخێر، بەهۆی سیاسەتە وێرانکارییەکانی سەدامەوە چینی ناوەند لەو وڵاتە داڕماوە، بۆیە لە هەشتاکان بەدواوە عێراقییەکان هەوڵیانداوە بە ڕێگای نامەشروع بژێویی ژیانیان پەیدابکەن.

*** پێتخۆشە جارێکی دی بگەڕێیتەوە بۆ عێراق؟**

– بەڵێ بەهەرهۆیەک بێت جارێکی دی پێمخۆشە بگەڕێمەوە بۆ عێراق، پێشم خۆشە هاوسەرەکەم لەگەڵ خۆمدا ببەم.

**وەرگێرانی:**
**عەبدوڵڵا ڕێشاوی**
**جوانە سەلاح**

**هەڵەکە ئەوە بوو، من داوام لە بەرپرسە عێراقییەکان کرد بڕیارەکە جێبەجێبکەنو بڕیارەکەم حەواڵەکرد بۆ ئەنجومەنی حوکم، ئەمەش هەڵەبوو**

*** پێتوایە ئەوە بڕیارێکی دروستبوو؟**

– هیچ گومانی تێدا نییەو گفتوگۆش هەڵناگرێت، ئەوە بڕیارێکی تەواو دروستبوو.

*** دڵنیایت؟**

– بەدڵنیاییەوە، پێموایە زۆرینـەی عێراقییەکان لەگەڵ لە رەگ هەڵکێشانی بەعسدا بوون، بەڵام کێشەکە لە جێبەجێکردندا بوو، دوای ئەوەی بڕیارەکەم واژوو کرد وتم بە عێراقییەکان، ئاسان نییە بۆ هێزی هاوپەیمانان لەوە تێبگەن کەسێک بەهۆی باوەڕبوونی بەئایدۆلۆژیای حیزبی بەعس بوو بە بەعسی یا بۆ ئەوە رۆشتووە تا کارێک بۆخۆی بدۆزێتەوە، هەڵەکە ئەوە بوو، من داوام لە بەرپرسە عێراقییەکان کرد (لێرەدا نـاوی ئەحمەد چەلەبی نەهێنا) بڕیارەکە جێبەجێبکەنو بڕیارەکەم حەواڵەکرد بۆ ئەنجومەنی حوکم، ئەمەش هەڵەبوو.

*** پێتوایە کێ دەیتوانی بڕیارەکە بە دروستی جێبەجێبکات، ئەمریکییەکان بۆ نموونە؟**

– نەخێر، بەڵکو پێویست بوو ئەنجومەنێکی دادوەریی دروستبکرێت کە کۆمەڵێک دادوەرو پارێزەر لەخۆبگرێت.

*** کەواتە بۆچی سیاسییە عێراقییەکانت هەڵبژارد؟**

– هەڵەبوو، ئێمە ناوبەناو لەلایەن سیاسییە عێراقیەکانەوە دوچاری فشار دەبووینەوە، بـۆئـەوەی دەسەڵاتیان فراوانتر بکرێت، بەتایبەت لە بابەتی لە رەگهەڵکێشانی حیزبی بەعس، چونکە کارەکە لەلایەن عێراقیەکانەوە جێگای بایەخ بوو، ئێمەش کارمان لەسەر ئەوە دەکرد کە دەسەڵاتی زیاتر ببەخشینە عێراقییەکان، دواجـار ئەمەشمان کـرد، لە مانگیتشرینی دووەمی ٢٠٠٣دا، بڕیاری لە رەگهەڵکێشانی بەعس هەڵەبوو، بەتایبەت لە ریزی مامۆستایاندا، بەم هۆیەوە زۆرکەس لە پیشەکانیان بێبەشبوون، لەکاتێکدا ئەمە ئامانجی بڕیارەکە نەبوو.

*** بـەڵام بـۆچـی مـامـۆسـتـایـان بە دیاریکراوی؟**

– لە سەردەمی سەدام حسێندا ئایدۆلۆژیای بەعس لە میتۆدی خوێندنگاکاندا دەخوێنرا، تەنانەت لە خوێندنە زانستییەکاندا، میتۆدەکانی خوێندن کاریگەر بوو بە ئایدۆلۆژیای بەعس، بۆیە دەتوانم گریمانەی ئەوەبکەم کە سیاسییە عێراقییەکان لـەوە دەتـرسـان ئەوجۆرە مامۆستایانە کاریگەری لەسەر منداڵانی قوتابخانەکان دابنێن، ئەمەش مەترسی ئەوەی هەبوو کە سەرلەنوێ بەعس زیندووبکاتەوە، هەربۆیە جەختیانکردەوە لەسەر مامۆستایان، کاتێک بۆشمان دەرکـەوت عێراقییەکان بەشێوەیەکی بـەرفـراوان بڕیارەکەیان جێبەجێکرد، لەگەڵ وەزیـری پـەروەردەی عێراق قسەم کرد بۆ راستکردنەوەی هەڵەکەو دەسەڵاتی فراوانم پێبەخشی بۆ گەڕاندنەوەی نزیکەی (١١) هەزار مامۆستا، بەڵام دواجار بەخشینی دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی بەعس بە عێراقییەکان کارێکی هەڵەبوو.

*** کـەواتـە بـەڕوونـی دەڵـێـیـت جێبەجێکردنەکەی هەڵەبوو؟**

– بەڵێ هەڵەبوو.

*** بەڵام ئایا بڕیارەکە دروست بوو؟**

– بەڵێ بڕیارێکی دروست بوو، لەلایەن عێراقیەکانیشەوە لایەنگری بەرفراوانیان لێکرد.

***ئێستادەگەڕێینەوەبۆدەستبەسەرکردنی سەدام حسێن، چونکە هێشتا گێڕانەوەی زۆر لەوبارەیەوە هەیە لەوانە، دەوترێت زانیارییەکانی سەبارەت بە شوێنی سەدام حسێن راستەوخۆ بە ئێوە نەدراوە، بەڵکو ئێوە لە رێگای سەرچاوەی سێیەمەوە دەستتان کەوتووە، چیرۆکی راستەقینە سەبارەت بە گرتنی سەدام چییە؟**

– بارودۆخەکە بەمشێوەیە بـوو، ئێمە دەمانتوانی بگەینە کوڕەکانی سەدامو هەندێک لە خزمەکانی، ئەمەش لە ٢٠٠٣/٧/٢٦دا روویدا، پاشان مانگێک تێپەڕیو هیچ بیرۆکەیەکیشمان سەبارەت بە شوێنی سەدام حسێن نەبوو، کێشەی سەرەکی لە زۆریی زانیارییەکاندا بوو نەک لە کەمیدا، جارێک وتیان شۆفێری تەکسییەکی پرتەقاڵییە لە شەقامەکانی بەغدا، جارێکی دیکە وتیان ئۆتۆمبێلێکی سووری بەکرێ گرتووە بۆ هاتوچۆکردن، ئەم زانیارییە زۆرانـەش هیچ سوودێکیان نەبوو، پاشان هاوپەیمانان گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە رێگای گەڕانمان بەشوێن سەدامدا گونجاو نییە، چونکە رێگاکە بەوشێوەیە بوو کە ئێمە لە رێگای جێگرەکانیەوە بگەینە سەدام، بەڵام دواتر ئەم رێگایەمان گۆڕی، یەکێک لە یەکە سەربازییەکانمان پیاوێکیان دەستگیرکرد کە پێشتر لەگەڵ سەدام حسێندا کاریکردبوو، ئەو یەکە سەربازییە لە نزیکی تکریت کاری دەکرد، لەرۆژی دووەمدا پیاوەکە وتبووی، کەسێکی لە ئەو گرنگتر هەیە لە یەکێک لە باخەکانی نزیک تکریت.

*** پاشان چی روویدا؟**

– یەکە سەربازییەکە چوون بۆ باخەکە لە ١٣ی سێبتەمبەری٢٠٠٣، مێزێکیان بینیبوو کە پاشماوەی خۆراکی لەسەرە، بەڵام کەسیشیان بەدی نەکردبوو، پاشان یەکێک لە سەربازەکان سەرنجی گوریسێکی دابوو کە کەمێکی لەژێر زەوییەکەدا داپۆشـراوە، ئیدی گوریسەکە رادەکێشێت، بەمەش دەرگـای سەرچاڵەکە دەردەکـەوێـتو دەکرێتەوە، پاشان سەدام حسێن لەچاڵەکە دێتە دەرەوەو هاواردەکات، (مـن سـەدام حـسـێـن)م، ئەمە گێڕانەوە راستەکەیە.

*** ئەمە هەموو چیرۆکەکەیە هیچی دیکەی نییە؟**

– نەخێر، ئەمە هەموو چیرۆکەکەیە.

*** تۆ لەگەڵ کۆمەڵێک عێراقی دیکە چوون بۆ سەردانی دوای دەستبەسەرکردنی، بیرت دێ چیت پێوت ئەوکاتە؟**

– هیچ شتێکم نەوت، هۆکاری سەردانەکەش ئەوەبوو ئێمە دەمانزانی عێراقییەکان زۆر کاریگەرن بە (شائیعە)، بۆیە ئەگەر بەچاوی خۆیان ببینن، بڵاودەبێتەوە بەناو عێراقییەکاندا کە ئێمە سەدام حسێنمان گرتووە.

*** بەڵام خۆ ئێوە دەتوانتوانی لە رێگای تەلەفزیۆنەوە وێنەکەی بڵاوبکەنەوە؟**

– بەڵێ ئێمە دەمانتوانی ئـەوە بکەین، بەڵام پێمان باشبوو سیاسییە عێراقییەکان ببینن، پاشان بڕۆن لەسەرتەلەفزیۆنەکان بە عێراقییەکان بڵێن بینیومانە، بۆیە کۆمەڵێک عێراقیم برد بۆ گرتووخانەکەی لەنزیک فڕۆکەخانەی بەغدا، منو سەرۆکی هێزەکانی ئەمریکا لەوکاتەدا هاوڕێیەتی ئەو کۆمەڵە سیاسییە عێراقییەمان کرد لەناویاندا (عەدنان پاچەچیو مـوەفـەق روبەیعیو ئەحمەد چەلەبی)، ئەوکات سەدام لە ژوورێکدا لەسەر قەرەوێڵەکەی دانیشتبوو.

*** سەردانەکە چەندی خایاند؟**

– قسەکردن لەنێوان سـەدام حسێنو سیاسییە عێراقییەکاندا (٤٥) دەقەی خایاند.

*** سەدام تۆی ناسی؟**

– من هیچم نەوت ئەویش منی نەدەناسی.

*** ئەی ژەنەراڵ سانشیز قسەیکرد لەگەڵ سەدامدا؟**

– نەخێر ئەویش هیچی نەوت، قسەکردن بەعەرەبی بوو لەنێوان سـەدامو سیاسییە عێراقییەکاندا.

*** بۆچی تۆو سانشیز لەگەڵ سەدام قسەتان نەکرد؟**

– بە هاوڕێکانم وت با دیمەنەکە عێراقییەکی تەواوبێتو ئەمەش چانسێکە بۆ سیاسییە عێراقییەکان تا دڵنیابن ئەوەی دەستگیرکراوە سەدام حسێنە.

*** چوویتە ژوورەکەوە؟**

– نەخێر لەنزیک دەرگاکە مامەوە.

*** ئایا دەتزانی کە بارودۆخی نێوان سـەدامو سیاسییە عێراقییەکان نائاسایی دەبێت؟**

– بەڵێ پێک گەیشتنەکە نائارامبوو، ئەم کەسانە کەسی نزیکی خۆیان لەدەستدابوو بەهۆی سەدامەوە، زۆربەشیان چەندین ساڵ لە ئاوارەییدا ژیاون لەماوەی حوکمی سەدامدا، بۆیە ئـەوان زۆر توڕەبوون، ئەویش هیچ پەشیمانییەکی دەرنەبڕیو هیچ پاساوێکیشی بۆ ئەوە نەهێنایەوە کە ئەنجامیداوە.

*** نـەتـرسـان یەکێک لـە سیاسییە عێراقییەکان بەهۆی توڕەبوونەوە زللەیەک لە سەدام بدات؟**

– جگە لە سانشیز، سەربازێکی ئەمریکیش کە زمانی عەرەبی باش دەزانی، لەوێبوون، ئەوەی روویدەدا وەریدەگێڕا بۆمان، ئاسایی بوو کە عێراقییەکان توڕەبن، بـەڵام هیچ گریمانەیەکمان بۆ ئەوە دانەنابوو کە لە سەدام بدەن.

*** قورسترین رۆژەکـانـت لە عێراقدا کامانەن؟**



پۆل بریمەر لە کاتی بەجێهێشتنی عێراقدا

# قەتڵوعامی زەماوەندەکەی تورکیا



ئەو قەتڵوعامەی کە لە زەماوەندەکەی ئەم دواییەی تورکیادا روویدا، گۆڕی دا بەگۆڕینی تێڕوانینی گشتی لەو وڵاتە لەمەڕ ئەو میلیشیا خۆجێییە ناوچەییانەی کە بە پاسەوانی گوندەکان ناسێنراون، چونکە بەشێک لەو چەکانەی کە لە هێرشی سەر ئەو زەماوەندەدا بەکارهێنراون، وا باوەڕدەکرێت کە چەکی میلیشیاکان بێت. میلیشیاکانی ئەو وڵاتە لەلایەن حکومەتەوە دروستکراون بەمەبەستی رووبەڕووبوونەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK)، لەلایەکی دیکەوە رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ ئەم میلیشیانە بە ئەنجامدەری کاری نایاسایی و گێرەشێوێنی و خراپ مامەڵەکردن تۆمەتباردەکەن، هەروەها لەسەر دەستی ئەم میلیشیایانە بوو کە (PKK) لە تورکیاوە دەرپەڕێنرا بۆ عێراق و جارێکی دیکە ئاشتی گەڕایەوە ئەو وڵاتە، هەربۆیەو لە بەرئەنجامی هەموو ئەو هۆکارانە، لەناوەوەو دەرەوەی توکیاوە دەنگ بەرزکراوەتەوەو داخوازیی هەڵوەشاندنەوەی ئەو میلیشیانە دەکەن.

نزیکەی (٦٠,٠٠٠) هەزار پاسەوانی گوندی لەو وڵاتەدا هەن و زۆربەشیان کوردی باشووری خۆرهەڵاتی ئەو وڵاتــەن، دامەزراندنی ئەم میلیشیا کوردانەش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٥، کاتێک دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە بە ئامانجی رووبەڕووبوونەوەی چەکدارانی (PKK) پێکیان هێنابوون.

شیکاران و چاودێران پێیانوایە کە ئەم میلیشیایانە رەگەزی سەرەکین لە پاڵپشتیکردنی شەڕو پێکدادانەکانی سوپای تورکیا دژ بە (PKK)، هەربۆیە زۆربەی زۆری چەکدارانی (PKK) ناچارکراون کە بڕۆنە عێراق، زۆرینەی ناوچە کوردییەکانی تورکیاش تاڕادەیەکی باش ئاشتی و ئارامی بەخۆوەبببینێت، لەئێستادا نیگەرانیش لەناو ئەم پاسەوانانەدا سەریهەڵداوە. عەلی جان کە پاسەوانێکی سەر بەناوچەی دیاربەکرە، نیگەرانە لەحاڵی ئێستاو داهاتووی خۆی. وەکو عەلی جان دەڵێت «لە ساڵی ١٩٨٥ەوە دەستم داوەتە شەڕ بۆ حکومەتی تورکیا، بەڵام لەوکاتەوەی کە رەوشەکە ئارامبووەتەوە، شتێکی ئەوتۆ نییە کە خۆمی پێوە قالبکەم»، هەروەها جان دەڵێت وازی لە هەموو شتێک هێناوەو ژیانی خۆی خستووەتە مەترسییەوە بۆ خزمەتی وڵات، پەیوەندی کردووە بە هێزی پاسەوانییەوە، لە بەرامبەردا حکومەت شتێکی ئەوتۆی بۆ نەکردووە.

ماوەیەکە داخوازیی هەڵوەشانەوەی ئەم میلیشیایانە لەهەڵکشاندایە. نیگەرانییەکانی هەندێک لە رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بەرفراوانتر بــووە، چونکە بەبڕوای ئەوان دەوڵــەت ئەو میلیشیایانەی چێکردووە بە ئامانجی تاقیکردنەوەی رادەی دڵسۆزیی دڵهێنانی هاوڵاتییانی کورد بۆ خۆی، لەلایەکی دیکەوە یەکێتی ئەوروپاش کە بەردەوام تورکیا لە هەوڵی چوونە ناوەوەیدایە، ئەو میلیشیایانەی بەپێشێلکاری مافەکانی مـرۆڤ تۆمەتبار کردووەو داخوازیی هەڵوەشانەوەیانی کردووە.

لە هەمانکاتدا دەسەڵاتدارانی تورکیا باس لە ڕۆڵی ئەو پاسەوانە گوندیانە دەکەن لەو قەتلوعامەی کە بەسەر زەماوەندکەرانی زەماوەندەکەی باشووری خۆرهەڵاتی ئەو وڵاتەدا هات. بەسیر ئاڵتای، وەزیری ناوخۆی تورکیا، بە پەیامنێرانی راگەیاندو گومانی خۆی نەشاردەوە لەتێوەگلانی پاسەوانە گوندییەکان لە رووداوەکـــە، وتــی یەکێک لە رەهەندە خەماوییەکانی ئــەو رووداوە تێوەگلان و دەستوەردانە لە رووداوەکە لەلایەن پاسەوانە گوندییەکانەوە، ئەمەش یەکێکە لە کێشە گەورەو سەرەکییەکان کە رووبــەڕووی حکومەت بووەتەوە.

لە درێژەی ئەم داخوازیانەدا، ئەحمەد تورک، سەرۆکی پارتی کۆمەڵگای دیموکرات، رای وابوو کە ئەم قەتلوعامە بەرئەنجامی سیاسەتی کردنە سەربازی بە هــەزاران لە هاوڵاتییانی ئەو وڵاتەوەیە. هەروەها جەمیل جەچەک، جێگری سەرۆک وەزیرانی تورکیا، پێیوابوو کە هەڵوەشاندنەوەی ئەو پاسەوانە گوندیانە لەژێر دیراسەکردن و لێکۆڵینەوەدایە، بەڵام بڕیارێکی وەها پێویستە بەهیچ شێوەیەک پەلەی تێدا نەکرێت.

بــەڵام بــەبــڕوای د.کــەمــال کیریسجی، مامۆستای زانستی سیاسەت لە زانکۆی بۆسپۆرس، هەڵوەشاندنەوەی وەها هێزێک کارێکی ئاسان نییە، پێیوایە کە گرنگ نییە کە کۆتایی بە پشتیوانیی ئەو پاسەوانانە بهێنرێت بەقەدەر ئەوەی کە چۆن کۆتاییان پێدەهێنرێت و حەلیان دەکرێت، ئەو مامۆستایەی زانکۆ پێیوابوو کە «قسەوباسێکی زۆر هەیە لە بازنەی دەسەڵاتداو پێیانوایە کە پێویستە پاسەوانە گوندییەکان هەڵبووەشێنرێتەوە، بەڵام من پێموایە کە ئەم کارە بە گفتوگۆو رێککەوتنی دوولایەنەی نێوان دەوڵەت و ئەو پاسەوانانە دەکرێت، لێرەدا من گومانی خۆم ناشارمەوە لە بیروبۆچوون و تێڕوانینی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لەمەڕ ئەم بابەتە. کێشەکە لێرەدایە کە چۆن تۆ ئەم پێکهاتە هەڵدەوەشێنیتەوەو کەمترین زیانی ئابووری بەر ئەو (٦٠,٠٠٠) پاسەوانانەو خێزانەکانیان دەگەیەنیت، ئەگینا ئەوانە چیتر هاوکارنابن لەگەڵ سیستەمەکەدا. هەروەها چۆن دێیت دووبارە ئەو پردە بونیاد دەنێیتەوە لەنێوان ئەو کوردانەی کە خزمەتی پاسەوانی گوندییان کــردووەو ئەوانەی کە نەیانکردووە».

ئەو میلیشیایانە لەخەڵکانی سەر بە هۆزە دەسەڵاتدارەکانی ئەو ناوچانەن و بەکردار دەسەڵاتیان لەو ناوچانەدا بەدەستە، هەروەها راپۆرتگەلێکی زۆر بــاس لــەوەدەکــەن کە هەندێک لــەو پاسەوانانە کــاری نایاسایی ئەنجامدەدەن لە چەشنی قاچاخچێتیکردن بە مادە هۆشبەرەکان و تاوانکاریی، دیسان ئەم هۆکارانەش پاڵپشتی ئەو داخوازیانە دەکەن کە بە ئاقاری هەڵوەشاندنەوەی ئەو میلیشیایانەدا شەقاو دەنێت.

لەلایەکی دیکەوە هۆشداریی لەلایەن پاسەوانەکانیشەوە بەرزبووەتەوە. ئەمیش لە ئاگادارکردنەوەکەی عەبدوڵڵا گوج، پاسەوان لەشاری دیاربەکرەوە بەدیدەکرێت، کە بۆ حکومەتی ناردووە، دەڵێت لە (١٢) ساڵییەوە قوتابخانەم جێهێشتووەو دەستم داوەتە چەک بۆ حکومەت، ئەگەر حکومەت چیتر پاسەوانی ناوێت، ئەوا ناتوانێت مووچەی پاسەوانەکان رابگرێت و چاوەڕێی ئەوە بکات کە چەکەکانمان دابنێین.

لەم سۆنگەیەوەیە لەئێستادا هەندێک لەچاودێران و ئاگایانی سیاسیی تورکیا حاڵ و دۆخی پاسەوانە گوندییەکانی ئەو وڵاتە وەکو دێوەزمەیەکی خۆدروستەکی لەبەرامبەر دەوڵەتی تورکیادا وەسفدەکەن، پێیانوایە کە لەئێستادا کێشەکە ئەوەیە کە چۆن مامەڵەو رەفتار دەکرێت لەگەڵ ئەو دێوەزمەیەدا.

**و. لە ئینگلیزییەوە: ئازاد عەلی**

